# بەیان

ژمارەی تایبەتی شانۆ

ژمارە ١٤١ ئادارى ١٩٨٨



با شانۆی کوردی هەر لە کەشانەوەدا
بێت هەمیشە نموونەی وەکو
«[illegible]»
پیش کەش بکات.

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV





## ووشەی پرشنگدار

به بێ خۆبەستنەوەو بە بێ دوودڵیو بە بێ ترس
بنووسن ئەگەر چی دەوڵەت ڕازی بێت یان ڕازی
نەبێت لەوەی دەینووسن...

سەرەکی فەرمانده
صدام حسين

### لەم ژمارەیەدا

**ژمارەی تایبەتی شانۆ**


**تۆماری جەنگ**

- ٢٨ی نیسان..... — أحمد علي شريف ـ ٢
- ٧ی نیسان.... — صلاح الدين عزيز ـ ٤
- صدام حسين پاڵەوانی.... — بهاء الدين أحمد ـ ٨
- هەموو شتێك... چیرۆك — سيروان ـ ١٠
- سروودی شۆڕش... شیعر / وەرگێڕ — جلال ملا حسن ـ ١٢

**• شانۆگەری**

- کاتێ هەڵۆ بەرز دەفڕێ — أحمد سالار ـ ١٤
- قەتارە — حسيب قرەداغی ـ ٣٠
- چەپکێ گوڵ — طلعت سامان ـ ٣٤
- خەپان و خرپن — عمر علي أمين ـ ٣٩
- شانوگەرییەکی ژەهراوی / وەرگێڕ — محمود زامدار ـ ٤٢
- گوڵەکان بۆ کێ / وەرگێڕ — ئازاد بەرزنجی ـ ٥٢
- شاعیرو داهێنەرو کۆلۆنێل / وەرگێڕ — یاسین قادر بەرزنجی ـ ٦٤

**• لێکۆڵینەوەی شانۆیی**

- لێدوانێکی هونەری — شەماڵ عمر ـ ٦٩
- دوژمنی گەل — نهرو صالح دەلۆیی ـ ٨٤

**• ڕەخنەی شانۆیی**

- چیرۆکی تەمسیلی ژاڵەو... — أحمد محمد ئابلاخي ـ ٨٩
- مۆنۆدرامای سروودی خۆشەویستی — محسن محمد ـ ٩٣

# بەیان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبییە

سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕ و سەرنووسەر

**مصلح جەلالی**

سکرتێری نووسین: ئازاد شوان

هەیئەی نووسەران

د. احسان فؤاد
د. کاوس قفطان
د. عزالدین مصطفی رسول
محمود زامدار
مصطفی نەریمان
عبدالرزاق بیمار
محمد مصطفی حەمەبۆر
عبد الکریم فتحی دوسکی
حسین احمد جاف
صبری احمد بوتانی

مونتێف و خۆش نووس: نزار نەزاز

ناونیشان

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

وەزیریە تەنیشت «المعهد القضائی»

ت: ٤٢٥١٨٤٦ پێنج خەتە

بەرگی یەکەم
وێنەیەک لە شانۆگەریی [illegible]

بەرگی دووەم    دیمەنێکی ئاوایی کوردستان

[illegible]
[illegible] (بەیان) لە بەرگی [illegible]
دەستنووسی مامۆستا عبدالرحمن مفتی و [illegible]

ئابوونەی ساڵانە لە ناو عێراق دا «٧,٠٠٠» دینار

تکایە هەر نووسەری خەتەکەی خۆش و شاش و جوان نەبێ نووسینەکەی دەخرێتە پشت گوێ

# ٢٨ی نیسان رۆژێکی پرش



● أحمد علي شريف ●

رۆژی بیست و هەشتی نیسان. ئەو رۆژە پرشنگدارەیە لە مێژووی گەلی عیراق و نەتەوەی عەرەب دا کە هەردەم رووناکی بەرەو هەموو لایەکی نیشتمان و نیشتمانی گەورەی عەرەب دەوەشێنێت و ئاسۆی هیوا و ئاواتە سەوزو گەشەکان گەشتر دەکات.

لەو رۆژە مێژووییەدا، لەگوندێکی کەناری رووباری دجلە، کورپەیەکی نوورانی بێ هاوشێوە ئامێزی ژیانەوە، چاوی رووناکی لە جیهانێکی بەرین و فراوان و پڕ لە ئاوات و هیوادا هەڵهێنا، لە لانکەی خەبات و تێکۆشان دا گەورە بوو.

# ـنگداری مێژووی عیراقە

ئەو کوڕە نوورانییە، سەرکردەی داناو بلیمەت و لێهاتووی عیـراقی مەزنـە، هاوڕێی تێکـۆشـەر صدام حسین، کە هەر لە منداڵییەوە لە نێو خوێندن و تێکۆشان دا قاڵ بوو، هەستی بە ستەم و ستەمگەریی کارڕانانی سەردەمە کۆنەکانی عیراق و نیشتمانی عەرەب دەکـردو، ئەمـەیش وای لێ کرد هەر لە منـداڵییـەوە بچێتە کوڕی خەبات و تێکۆشانەوە، دژ بە فەرمانڕەوایەتی پاشایەتی‌و ئەڵقە لە گوێ‌و بە کرێگیراوەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان دا.

دیـارتـرین بەڵگـەیش ئەوە بوو کە لەگـەڵ چەند هاوڕێیـەکی حزب دا، لە ساڵی ١٩٥٩دا لە شەقامی «الرشید» تەقەیان لە دکتاتۆر عبد الکریم قاسم کردو پێکـایان و لەو کارە پاڵەوانیەدا، سەرکردەی دلێـری ئێـستـامـان تێکـۆشـەر صدام حسین پێی بەر گوللەیـەکی پاسـەوانـەکانی دکتـاتـۆر کەوت و گوللە لە ناو لاقی‌دا مایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیش دا کە برێندار بوو توانی‌ی لە بەر چاوی کاربەدەستانی ئەو فەرمـانـڕەوایـەتی‌یە خۆی دەرباز بکات و بۆ تێکۆشان و خەبات و درێژەدان بەو خەباتەی کە هەر لە منداڵییەوە چووە ڕیزیەوە لە دوور وولاتـەوە سەرپـەرشتی‌ی بکـات و، هەردەم لەو شوێنـەوە چاوی لە چارەنووسی گەلی عیراق بوو.

ئەوەبوو پاش ئەوەی خوێندنی باڵای لە وولاتێکی برادا تەواو کردو پاش ماوەیـەك بۆ خاکی نیشتمـان گەڕایـەوەو لەگـەڵ هاوڕێیـەکـانی حزب دا پەرەیان بە تێکۆشان داو چەندان جار لە لایەن کاربەدەستانی ئەو سەردەمەوە لە بەندیخانە توند کراوەو ئازارو ئەشکەنجەی دیوە.

بەڵام ئەو بەربەستانە نەیانتوانیوە وورەی پێ بەر بدەن و لە هیواو ئاواتی خۆیی پاشگـەز بکـەنـەوە، ئەوەبـوو بە شێـوەیـەکی پاڵـەوانـانە توانیویەتی لە بەندیخانە دەرباز بێت و پەرە بە خەباتی نهێنی بدات و سەرپـەرشتی‌ی تێکـۆشـەرانی حزب بکات، بە مەبەستی ڕزگارکردنی گەلی عیراق لە فەرمانڕەوایەتی‌ی بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم.

هەر ئەو خەباتەی بوو، کە لەگەڵ هاوڕێیانی حزب دا توانییان لە بەرەبەیانی ١٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٦٨دا شۆڕشی مەزنی گەلاوێژ بەرپا بکەن و بە شۆڕشێکی سپی‌یەوە کارڕانی‌ی دیکتـاتـۆریەت لا بەرن و لە جیاتی‌ی فەرمانڕەوایەکی دیموکراتی‌و میللی‌و لە گەلەوە بۆ گەل بۆ عیراقی خۆشەویست بهێننە کایەوە.

سەرکردەی دانامان لە ساڵی ١٩٧٩دا بە سەرەك کۆمار هەڵبژێررا لە لایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی شۆڕشەوەو بوو بە فەرماندەی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان.. ئەوەبوو لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا.. بە بیری دانایی‌و لێهـاتـووییـەوە سەرکـردەیی عیراق و عیراقییەکان دەکات و لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تریان دەبات، هەر لە جەنگی دژ بە کۆمپـانیـا ئیمپـریـالیـزمـەکـان و، جەنگی دژ بە جاسـووسـەکـانی بێگـانـەو، خۆمـاڵی‌کـردنی نەوت و بنیاتنان و پەرەسـەنـدنـەوە بگرە تا دەگاتە جەنگی پیرۆزی قادسیەی صدام، کە ئەوە بۆ حەوت ساڵ و نیوە، ڕژێمی ئاخوندەکانی قوم و تاران بەسەر وولاتەکەمانیان دا سەپاندووە.

لەم جەنگەدا سەرکردەی داناو لێهاتووی عیراق ئەوەی سەلماند کە گەلی مەزنی عیـراق بە هۆی سەرکـردەیی لێهـاتـووانـەی بەڕێزیـەوە توانـای ئەوەی هەیـە نەك هەر هەشـت ساڵ یان دە ساڵ دژ بە بای زەردی قوم و تاران بجـەنگێت و سەرکـەوتن بەدی بهێنێت، بەڵکـوو توانای ئەوەی هەیە هەموو سەردەمێك دژ بە بای زەردی قوم و تاران بجەنگێت و ئاوات و هیوای چاوچنۆکی‌و دوژمنان و ناحەزان پووچەڵ بکاتەوەو ئاڵای سەرکەوتن لەسەر لووتکەی بەرزی عیراق دا بەرزو بڵند بکاتەوە.

لەم ڕووانگەوەیە ڕۆژی بیست و هەشتی نیسان.. بووەتە ڕۆژی وەرچەرخانی نوێ لە مێژووی گەلی عیراق و نەتەوەی عەرەب دا کە لەو ڕۆژە پیرۆزەدا سەرکـردەی پاڵـەوانمـان خەبـاتگێـر صدام حسین «خوا بیپـارێـزێت» چاوی بۆ ژیـان و گەل هەڵهێنـاو بوو بە نیشانەی سەرکەوتن و بەرەو پێشەوە چوون بۆ گەل و نیشتمان و نەتەوە.



# ن٧یسـ

# ئازادی و سەربەستی

● صلاح الدین عزیز ●

دوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی دووەم و سەرکەوتنی دەوڵەتانی هاوپەیمانەکان «الحلفاء» بە سەر ئەڵمانیای نازیداو ڕزگاربوونی جیهان لە ناخۆشترین جەنگ و درێژترین جەنگ لەو کاتەدا میللەتانی جیهانی بە گشتیو میللەتی عەرەب بە تایبەتی چاوەڕوانی ئەوەبوون کە ئیتر ڕزگاریان دەبێت لە داگیرکردنی وڵاتەکانیان لە دەست دەوڵەتانی بەشداربوو لە جەنگ، بەڵام وا دەرکەوت کە ئەو دەوڵەتانەی کە دەوڵەتە عەرەبیەکانیان لە ژێر دەسەڵاتدا بوو لە کاتی جەنگ دا وا بە ئاسانی ئامادە نەبوون کە خاکی عەرەب بەجێ بهێڵن و بیگەڕێننەوە بۆ گەلی عەرەب.

بەڵێ دوای ئەوەی کە جەنگ تەواو بوو وا دەردەکەوت داگیرکەران دەیانەوێت خۆیان زیاتر بچەسپێنن ئەمەش شتێکی سەیر نییە چونکە ئیستعمار هەر ئیستعمارەو گورگیش هەر گورگەو گەر کەوڵی مەڕیش لەبەر خۆی بکات و داگیرکەر بە هیچ جۆرێک لە داب و نەریتی پیسی خۆی لا نادات.

ئەوەبوو دوای بەستنی چەند کۆنگرەیەکی فراوانی دەوڵەتە بەشداربووەکانی جەنگ بڕیار درا کە نیشتمانی عەرەبی دابەش بکرێت بە سەر ئیستعماری فەرەنسیو ئینگلیزیدا ئەم کارە نا لە بارەی دەوڵەتانی الحلفاء ئەوەی دەرخست کە هەرچی ئەو گفت و پەیمان و بەڵێنانە هەبووکە بە میللەتی عەرەبیان دابوو هەمووی درۆو دەلەسە بوو.

# ـــان ڕۆژی لە دایک بوونی



بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە جەنگ بارو دۆخێکی نا هەمواری خوڵقاندبوو لە ناوچەی عەرەبدا بەڵام بوو بووە هۆی ئەوەی کە گەلانی جیهان و گەلی عەرەب بە تایبەتی چاویان بکرێتەوەو داوای مافی خۆیـان بکـەن بۆ ئازادی وڵات و گەلی عەرەب، بۆیە دەیان ڕێکخراوی سیاسیان پێك هێنابوو بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەم ڕێکخراوە سیاسیانە لە سەر بنەڕەتێکی پتەو دانەمەزرابووو هێزێکی کاریگەری ئەوتۆی نەبوو کە بتوانێت بەرەنگاری داگیرکەران ببێتەوەو بەربەرەکانیان لەگەڵ دا بکات.

دوای ئەوەی جەنگ کۆتایی پێهات و داگیرکەران نیشتمانی عەرەبیـان لە بەینی خۆیـان دابەش کرد ڕۆڵە نیشتمان پەروەرەکانی عەرەب بیری ئەوەیان کردەوە کە دەبێت حزبێکی جەماوەری لە نیشتمانی عەرەبدا لە دایك ببێت و ببێتە حزبی ڕۆڵـەکـانی گەلـی عەرەب بۆ ئەوەی نیشتمـان و گەل لە داگیرکەران و کۆنەپەرستان ڕزگار بکرێت. ئەوەبوو لە ٤ی نیسـانی ساڵی ١٩٤٧ لە شاری دیمەشق چەند هەڤاڵێکی تێکۆشەر کە لە هەمـوو وڵاتـانی عەرەبەوە هاتبوون بۆ بەستنی کۆنگرەیەك لە پێناوی دامەزراندنی حزبێکی عەرەبی کە ببێتە پێشرەوی جەماوەری میللەتی عەرەب.

ئەوەبوو لە ٧ی نیسانی ١٩٤٧ حزبێکی نیشتمانی لە دایك بوو ئەویش حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بوو کە هەموو گەلی عەرەب چاوەڕوانی لە دایك بوونی بوون.

بە لە دایـك بوونی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیـالیست ڕۆژێکی نوێ لە سەر نیشتمـانی عەرەب هەڵهـات و شەوی تاریك و زۆرداری لە سەر نیشتمان بەزاند.

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە ئەوەی خستبووە پێش چاوی کە ئەبێت لە پێش هەموو شتێکەوە گەل و نیشتمان ڕزگار بکرێت لە داگیرکەران و ئیستعمارو خاك و سامانی گەل بگەڕێتەوە بۆ دەست خۆی.

بێگومان ئەم کارەش وا سووك و ئاسان نەبوو لە بەردەم حزبێکی وادا کە تازە لە دایك بووبێت و هاتبێتە مەیدانی تێکۆشانەوە بەڵام حزبی بەعسی لەگەڵ ئەوەشدا بە تێکۆشانی بێ پایانی خۆیو ڕۆڵە نەبەردەکانییەوەو هەڤاڵە تێکۆشەرەکانی هەمیشە ئامادە بوو بۆ خۆ بەخت کردن لە پێناوی سەربەستیو ئازادی گەل و نیشتمانی عەرەب، ئەوە بوو ساڵ لە دوای ساڵ پەرەی ئەسەندو ئەندامانی زۆرتر ئەبووو ڕۆڵەکانی عەرەب بە هەزاران دەهاتە ڕیزی ئەم حزبە تێکۆشەرەوە چونکە دەیانزانی کە حزبی بەعسی یەکەمین حزبە کە داکوکی لە مافە ڕەواکانیان دەکات و بەرەو ڕزگاریان دەبات.

ڕۆڵە نەبەزەکانی حزبی بەعسی هەمیشە وەکو شێر بەربەرەکانیان دەکرد لەگەڵ داگیرکەرانداو بە هەزاران ڕۆڵەی قارەمانیان خۆی بەخت کرد لە پێناوی ئامانجەکانی حزب و گەل دا.

حزبی بەعسی هەر لە یەکەمین ڕۆژی دامەزراندنیەوە دەستی کرد بە خەبات و تێکۆشانێکی بێ وچان لە پێناوی سەربەخۆییو ڕزگاری خاك و نەتەوەی عەرەب داو دەیان جار هەڵساوە بە خۆپیشاندان و شۆڕش هەڵگیرساندن دژی داگیرکەران.

دوای دەیان ساڵ لە خەبات و تێکۆشانی حزبی بەعسی توانی بە هاوپەیمانی حزبە نیشتمانیەکانی ئەو کاتەی عەرەب شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ لە عیراقی خۆشەویستمان بەرپا بکات و تەخت و تاراجی حوکمی مەلەکی کۆنە پەرستی سەر بە ئیستعماری ئینگلیزی سەرنگوم بکات و عیراقی خۆشەویستمان لە داگیرکەران ڕزگار بکات، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو کۆنە پەرستان قاسمی دیکتاتۆر لە شۆڕش و حزب هەڵگەڕایەوەو دەستی کرد بە کوشتن و گرتنی هەڤاڵانی حزبی بەعسیو بە هەزارانی لێیان فڕێدایە بەندیخانەکانەوەو تووشی هەزارەها ئێش و ئەشکەنجەی کردن و بارو دۆخی عیراقی گەڕاندەوە بۆ سەر دۆخی جارانیو کۆنەپەرستان کەوتنەوە خۆیان و سەریان هەڵدایەوە بۆ پیلان و مژینی خوێنی گەلی عیراق و سامانەکانی. بەڵام ڕۆڵە نەبەردەکانی حزب بە هیچ جۆرێك کۆڵیان نەداو بەندیخانەو کوشتن و برین چاویانی نەترسان و لە سەر خەبات و تێکۆشانی خۆیان بەردەوام بوون و ڕزگارکردنی گەل و نیشتمانیان لە دەست کۆنەپەرستان و حوکمی دیکتاتوریەت لە پێش هەموو شتێکەوە دانابووو بڕیاریان دابوو کە وڵات ڕزگار بکەن و گەل ئازاد بێت.

ئەوەبوو لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ حزبی بەعسی شۆڕشێکی مەزنی بەرپا کردو وڵاتی لە دیکتاتۆریەت و کۆنە پەرست ئازاد کردو جارێکی تر میللەت بوژایەوەو کەوتە خۆشیو شادییەوە بەڵام بە داخەوە دوژمنانی حزب و گەل لە جموجوڵی نا هەمواریان نەکەوتن و هەر خۆیان مەڵاس دابوو کە شۆڕش لە ناو بەرن ئەوەبوو لە ١٨ی تشرینی هەمان ساڵ دا عبد السلام عارف هەڵسا بە کودەتایەکی نالەبارو ڕەش شۆڕشی ٨ی شوباتی لە لانك دا سەربڕیو گەل و نیشتمانی جارێکی تر خستە تاریکیو ناخۆشیەوە.

بەڵام حزبی بەعسی، حزبی جەماوەری گەلی عەرەب، ئەو حزبەی کە ناسراوە بە ئازایەتیو دلێریو کۆڵ نەدان، دوژمنان نەیانتوانی چاویان بترسێنن و لە خەبات و تێکۆشانی بێ وچانی خۆیان ڕایان بگرن گەرچی تووشی هەزارەها دەردەسەریو کوشتن و برین و زیندان بوون ئەوەبوو هەڤاڵانی تێکۆشەری حزب لە بەرە بەیانی ١٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٦٨دا شۆڕشێکی نیشتمانیان بەرپا کردو وڵاتیان لە کۆنەپەرستان ڕزگار کردو لە ٣٠ی گەلاوێژی هەمان ساڵ دا بە یەکجارەکی شۆڕش لە دوژمنان و کۆنەپەرستان و سەر بە ئیمپریالیزم پاك کرایەوەو نیشتمان ڕۆژی ئازادیو شادی بە سەردا هەڵهات و بە تیشکی ڕووناکی تاریکی چەند ساڵەی پێشووی بەزاند.

حزبی بەعسی حزبی جەماوەری بەرینی عەرەب، حزبی هەموو ڕۆڵە بە شەرەفەکانی عیراقەو توانی دلێرانەو بە ماوەیەکی



کەم دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی گەلاوێژی مەزن ئاوات و ئامانجەکانی گەل بهێنێتە دی.

حزبی بەعسی ئەو حزبەیە کە بەیانی ١١ی ئاداری هێنایە کایەوەو گەلی کوردمانی کرد بە ساحێبی مافی نەتەوایەتی خۆی‌و ئۆتۆنۆمی پێ بەخشی حزبی بەعسی ئەو حزبەیە کە سامانی گەلی لە دەست ئیمپریالیزم سەندەوەو گەڕاندیەوە بۆ گەل ئەویش بە خۆماڵی کردن ی‌نەوت لە ١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢دا.

حزبی بەعسی ئەو حزبە تێکۆشەرەیە کە وا هەشت ساڵە ڕابەرایەتی گەلی عیراق دەکات بۆ بەرگری‌کردن لە خاك و شەرەفی دژ بە ئێرانی دژمنکارو خومەینی زۆردار.

حزبی بەعسی حزبی گەلی عیراق و هەموو جەماوەری تێکۆشەری عەرەبە، ئەو حزبەیە کە وا لە ساڵی ١٩٨٠وە تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان گەلی عیراق و هەموو ڕۆڵە بە شەرەفەکانی عەرەب و جیهان لە ژێر ئاڵای شەکاوەیدا ڕاوەستاون و دەجەنگن و دلێرانە دوژمنان تێك و پێك دەشکێنن و ناهێڵن دوژمنە فارسەکان بستێك لە خاکی عیراقی پیرۆز داگیر کەن..

حزبی بەعسی ئەو حزبەیە کە هەڤاڵی تێکۆشەرمان و شۆڕە سواری لێهاتوومان کاکە صدام حسین.. خوایپارێزێت.. سەرکرادیەتی دەکات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو سەرکەوتنی نوێ‌ی دەبات بۆ هێنانە دی ئامانج و ئاواتی گەلی عیراق و هەموو نەتەوەی عەرەب.

---

چەپکێ گوڵی ڕازاوە پێش کەش بە هەڤاڵی تێکۆشەرمان سەرەك صدام حسین بە بۆنەی یادی دامەزراندنی حزبی شۆڕشگێرمان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست.

سڵاو لە هەموو هەڤاڵانی حزبی‌پێشرەومان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بە بۆنەی یادی دامەزرانیەوە.

سەرکەوتن بۆ شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی گەلاوێژو حزب و گەلی عیراق. مردن و سەر شۆڕیش بۆ دوژمنان و داگیرکەران.

ئیتر لە سەرکەوتنیکەوە بۆ سەرکەوتنیکی تر.



# صدام حسين
# پاڵەوانی گشت
# سەرکەوتنەکانمانە

● بهاء عبد الرحمن أحمد ●

له ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١ که به قۆنـاغێکی نوێی بەرپەرچدانەوه دەژمێردرێت، که عیراق به هێـزێکی له ڕادەبەدەرو کاریگەر توانی ئەوه بچەسپێنێت که دەسـەڵاتی به توانـای هەیه، هەرگیـز دوژمنی چەپەڵ و مەلاکان بیریان لێ نەکردبێتەوه.

ئەم هێزه له کانیاو له ئەنجامی بیری سەرکردەی قارەمان صدام حسین و ڕەنجی بێ هاوتای ئەو بازوه فابریقه سوپاییانەی فابریقەی حوسەینه.

دەستـەو تاقمـە گێژەو وێژەکەی خومەینی هەر وەکو جاری جاران دەستی دایه شکات کردن و نامه نووسین و گریانی به کوڵ و هاوار کردن به ئەنجـومـەنی ئاسـایشی دەوڵـەتـان، به پاڕانـەوەو دەست ماچ کردن و داوای یارمـەتی کردن، کەسـیـان نەهێشتـوتـەوه، له دەوڵەتانەوه بیگره تا دەگەیته ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵه تان.

ئەم تاقمه گەوجەی تاران وا بیر دەکاتەوه گوایه گریان و فرمێسك و هاواری فریاکەوتن له خنکـان و گێجـەڵ ڕزگاریان دەکات، یان وا دەزانن ئەم جۆره ڕێگایه پەرده دەخاتـه سەر تاوانـەکـانیان و ناوی پیس و ڕەشی خۆیان لای گەلانی سەرزەمین سپی دەکاتەوه، چونکه ئێستا گەیشتوتـه قەناعـەت و بڕوایەکی تەواوەوه که هەموو شت له کیس نەمـاوەو له دەست دەرچـووه، زیـانێـك که هەرگیـز چاك و پڕ نەکـرێتـەوه، دۆڕانـدنێـك که سەرو تەخت وبـەخت و تاراجیان تیادا دەچێ‌و نەمانیان زۆر نزیك بۆتەوه.

دەشـزانن هۆی سەرەکی هێـزو توانـاو دەسـەڵاتی عیـراق له چیـیـەوەیـه، هۆی ڕاسـتـەقـیـنـەی سەرکـەوتـنـه نایـاب و سەرسوڕهێنەرانەکەی جەنگاوەرانی عیراق لەبەر چ هۆیەکه، دەزانن عیـراق قارەمـان و سەرکـردەو باوکی دڵسـۆزی خۆیان هەیه، ئەویش هەڤاڵی داناو تێکۆشەر کاك صدام حسین ٠.

ئێـتر بازرگـانـەکـانی جەنـگ له قوم و تاران لەگەڵ هەڤاڵەکانیان، زایـۆنیـزم و ئەمـەدی خاین، چیيان به دەستەو چیيان بۆ دەکرێت، بیـانـوو درۆو دەلـەسـه نەبـوو پەنـای بۆ نەبـەن، بەڵام هێـزو بیری دروست و پاکانەی عیراقیەکان و به سەرۆکایەتی کاك صدام حسین و مێشك و دڵی فراوان و گەورەی توانی بۆ سەرانسەری دنیا بچەسپێنێ‌و دووپـاتی بکـاتـەوه که عیـراقیـەکان ڕاستن و له سەر هەق بەرگری له خاك و مرۆی ئەم نیشتمـانـه دەکـەن و هەرگیـز بوار نادەنـه دوژمنان و تاوانکاران زەفەر به خاك و پەنجەی منداڵی عیراقیەکان بیەن.

چونکه صدام حسین ڕۆڵەی ئەم گەلەیەو پاشەڕۆژی پرشنگدارو کامەرانیـیـان خستـوتـه ئەستـۆی خۆی‌و عیـراقیـەکـان هەموو خۆشی سەرکردەی ئەمەکدارو ئازای خۆیان دەوێ‌و پاشەڕۆژی منداڵەکانیان و هێمنی‌و ئارامیی وولات له شەخسی کاك صدام حسین دا دەبینن.

ئێـرانیـەکـان هەروەك له مانگی ئادارداا پێنیمـان بۆ جارێکی تر دەستیـان کرده بۆردمـان کردنی شارەکـانمـان له بەسـرەو خانـەقین و مەندەلی‌و سلێمانی‌و پایتەختی شیرینمان بەغدا.

وایان زانی عیراق توانای ئەوەی نی‌یه، دەستی قورس و گرانی خۆی له شارەکـانیـان بوەشێنێ‌و تاران و قوم و شارەکـانی تریـان به موشـەك بۆردمــان بکــات، ئەوەبوو، هەروەك دەزانین ماوەی هەشت ساڵـه عیراق سەبرو ئارامی گرتووه، ئێران لەوانەیه ئەم سەبوری‌یەی عیراق به جۆرێکی تر لێکبداتەوه.

بەڵام عیراق وەڵامیانی دایەوەو هەقی خۆیەتی، دەبێ ئێرانیەکان دەم کوت بکرێن، بۆ ئەوەی بزانن هێز نی‌یه له دنیادا بزەی پێکەنین له منداڵانی عیراقی بدزێت. عیراق وەڵامیان دایەوه، به هێزو توانایەکی قورستر، به ئیرادەو بڕوایەکی پتەوتر، شارەکانیان بوون به کەلاوه، ماڵـەکـانیـان به سەریـان دا ڕوخێنرا، خومەینی‌و تاقمه گەوجەکەی بۆ کونێك دەگەڕان که خۆیان تیایدا حەشار بدەن، ئەوه بوو جارێکی تر فرمێسك و هۆڕی گریان و هاوارو پاڕانەوەیان دەستی پێکرد.

عیـراق قایـیل بوو به وەسـتـانی بۆردمـان کردنی شارەکان بەڵام به شەرت و شوروتێکی بەهێـزو سەرکـەوتـوانه، ئێرانیەکان ناچار بوون مل کەچ بکەن و هەرگیز نقه له دەمیان نەیەته دەرێ، چونکه دەزانن ئەگەر قسه بکەن بۆیان خراپتر دەبێ.

عیراق هەر سەرکەوتووه، چونکه سەرکردەی داناو هوشیارو ئازای خۆی هەیەو گەلەکەی خۆشیان دەوێ‌و هێزو تواناو بڕوایان له هێزی سەرکردەکەیان که هەڤاڵ صدام حسین ٠.



# هەموو شتێک لەپێناوی جەنگ دا

«سیروان»

ئەمڕۆ لە وڵاتی عێراقمان دا، هەموو کەسێك لە مەزنیەتی جەنگی ڕەوامان دژی ئێرانی دەست درێژکار هاوبەشی دەکات.. لاوان لە مەیدانی شەر گیانیان لەسەر دەستیانە، ئافرەتانیش بە زێرو خشڵ و پارەو هەموو جۆرە یارمەتی‌یێکیانەوە.. تەنانەت منداڵەکانیشمان هاوبەشی دەکەن!

بەڵام ئەم منداڵانە چۆن هاوبەشی دەکەن؟..

* * *

«فریشتە» ئەو ڕۆژە کە بە خلەخل لەگەڵ دایکی‌دا چوو بۆ بازار، چاوە گەشەکانی بە دووکان و کۆگاکان دا دەگێڕا. هەر لەگەڵ سینی‌یێك شیرینی بە دی‌کرد، خێرا دەستە بچکۆلەکانی بۆ ڕاکێشاو، خۆی لە دایکی هەڵ سوی‌و،

وتی: دایە گیان حەلوا دەخۆم

- بەسەر چاوی دایە

* * *

«فریشتە» کچێکی منداڵ و تاقانەو نازداری دایك و باوکی‌یەتی.. لە باخچەی ساوایانە. ئەم خێزانە گوزەرانێکی مام ناوەندیان هەیە، لەگەڵ ئەوەش دا کچە خۆشەویستەکەیان داوای هەر چی‌یێك بکات.. هەوڵ دەدەن بۆی بکرن و، دڵە ناسکۆڵەکەی نەشکێنن.. بەتایبەتی لەبەر ئەوەی تا بڵێیت قسەی قوت و خۆشەو، زیرەکیشە.. جێگای شانازی‌یانە.

باوکی مووچەخۆرێکی بچووکە.. لەگەڵ دێتەوە بۆماڵەوە، ئەم خێرا بە پیری‌یەوە دەچێت. لەبەردەمی‌دا قنج وقیت ڕادەوەستێت و، دەست دەکات بە وتنەوەی ئەو هۆنراوەو سروودانەی کە فێریان کردووە!

وەکو: سروودی: «بابە صدام چیت بۆ هێناوین؟»..

«صدام، چاومانە»

لەگەڵ هەموو دێڕێکیش دا، بەگوێرەی مانای هۆنراوەکە دەستە بچکۆلەکانی ڕادەوەشێنێت و، پەنجە باریکەکانیشی ڕادەگرێت. لە دێری «بابە صدام، تۆ چاومانیت».. دەست دەبات بۆ چاوە جوانەکانی خۆی.. «بابە صدام، تۆ گیانمانیت».. دەستە سپی‌کەلەکانی دەخاتە سەر دڵە گەرمەکەی.

هەمیشە وێنەیێکی بچووکی «بابە صدام»یش بەرۆکەکەی ڕازاندوتەوە.

که لەوتنی سرووده خۆشەکانی دەبینەوە باوکی‌و دایکی لە خۆشی‌دا دەی‌گرنە باوەش و، تێرتێر ماچی‌دەکەن و، دەڵێن: «ئەری وەڵلا سەرۆك چاومانە، گیانمانە، ژیانمانە.»

* * *

ئەو جارە کە فریشتە لەگەڵ دایکی‌دا لە بازاڕ بوو، هەر کە چاوی بە بووکە شووشەیێکی چاوبشن و پرچ درێژ کەوت.. لە دووکانێکی وردەواڵە فرۆش دا داندابوو، هەناسەیێکی بۆ هەڵ کێشاو، خۆی نووساند بە دایکی‌یەوەو، دەستی کرد بە پاڕانەوە:

- دایە گیان ئا ئەو بووکە شووشەیەم دەوێت!

- کچم لە ماڵەوە بووکە شووشەت هەیە.

- نانا.. ئاخر ئەوەی ماڵەوە بچووکە.. پیسە.. پرچی نی‌یە!

- ئاخر ئاقڵ پارەم پێ‌نەماوە

- دەباشە بەخۆڕایی بۆم بهێنە! بچم بی‌هێنم؟

دایکی دەستی کرد بە پێکەنین و، وتی:

- کەرانی بەخۆڕایی نامانذەنێ!

دەستی کرد بە گریانێکی بە کوڵ و، فرمێسکی ڕشت!

بەدەم گریانەوە سەیری بووکە شووشەکەی دەکردو، بە دایکی دەوت:

- دایە گیان، ئەها.. ئەها تەماشام دەکات! بەخوا هەر دەمەێت.

دایکی لەبەر خۆیەوە وتی: «الحکم لله، الحکم لله»..

بەناچاری بۆی کری.

فریشتە کە بوو کە شووشە گەورەکەی گرتە باوەش.. لە خۆشی‌دا لەوانە بوو «باڵ بگرێتەوە». دەستی کرد بە یاری‌کردن لەگەڵی‌دا. کە دەی‌خستە سەر پشت، چاوی لێك دەنا. کە هەڵی دەسانەوە، چاوە شینەکانی دەکردەوە.. ئەمیش لە خۆشی‌دا هەر تریقەی دەهات.

ئەوەندە ئەو بووکە شووشە جوانەی خۆش دەویست، شەوانیشی لەگەڵ خۆی‌دا دەی‌خەواند.. تاوێك بەبێ ئەو ئارامی نەبوو.. دەبوایە هەمیشە لە باوەشی‌دا بوایە!

ئەو ڕۆژەش کە ئەو خێزانانەی کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی زێڕو پارە پێشکەش بکەن، بۆ پشتگیری‌کردن لە جەنگی ڕەوامان.. سەرەکی خۆشەویست، کاکە «صدام» لە ناویان دا دانیشتبوو.

فریشتەو دایك و باوکیشی یەکێك بوون لەو خێزانانە.. تەنانەت لەو کاتەش دا بووکە شووشە جوانەکەی هەر بە باوەشەوە بوو.

هەرچەندە لە ماڵەوە زۆر لەگەڵی‌دا خەریك بوون، تا نەی‌هێنێت... بەڵام کەلکی نەبوو.. بەدەم گریانەوە دەی‌وت!

بابە «صدام» پێی ناخۆش نی‌یە.. خۆیشی بووکە شووشەمان بۆ دەکرێت.

لە کۆبوونەوەکەدا دەست کرا بە خوێندنەوەی هۆنراوەو وتاری نیشتمانی. هەموویان لای سەرۆکی ئازیز پەیمانیان نوێ کردەوە، بە خوێن و گیان و ماڵ پشت گری جەنگی ڕەوامان دەکەن.. تا ئێرانی دوژمن و نالەبار سەر دادەنەوێنێ‌و، لووتی لە قووڕدا دەچەقێت.

ئەمجا دەست کرا بە کۆکردنەوەی پارەو زێڕو ناوماڵی گران بەهان.

هەموو یەکێك لەو خێزانانە لە خوای دەویست دە ئەوەندەی دیکە زێڕو پارەی هەبوایە، بۆ ئەوەی هەمووی پێشکەش بکەن.

فریشتە هەروا ورد دەبۆوە لە ژن و پیاوەکان کە زێڕو پارەکانیان پێشکەش دەکرد.. لەبەر خۆیەوە ورتەی دەهات. حەزی دەکرد ئەمیش وەکو ئەوان شتێك پێشکەش بکات! لە پڕێك دا سەرنجی لە بووکە شووشەکەی باوەشی دا.. سەرێکی ڕاوەشاندو، بەئەسپایی دانی خستە سەر لێوی خۆی!.. دیاربوو بڕیارێکی دا.

هەڵسایە سەرپێ‌و، وردەوردە بۆ لای «سەرەك» ڕۆیشت.. بووکە شووشەکەشی هەر پێ‌بوو!

لەبەر دەمی‌دا ڕاوەستاو، بە دەستە بچکۆلەکەی سڵاوێکی سەربازی‌یانەی بۆ کرد. ڕەنگی سوور هەڵ گەڕابوو. چاوە جوانکیلەکانی تروکاندن و، بە دەنگێکی ناسك و بە جۆش دەستی کرد بە خوێندنەوەی «بابە صدام».

ئەوەندە بە جوانی‌و دڵ پاکی سروودەکەی خوێندەوە، سەرەك و دانیشتووەکان هەموو بۆیان لە چەپڵە دا.

ڕووی کردە سەرەك.. دەستی بۆ ڕاکێشاو،

وتی: - بابە «صدام» من منداڵێکم.. زێڕم نی‌یە.. پارەم نی‌یە.. هەر ئەم بووکە شووشە جوانەم هەیە، ئەوا پێشکەشتانی دەکەم..

بە خلەخل چوو بۆلای کۆمەڵی زێڕو پارەکان و، بووکە شووشەکەی لەلایانەوە دانا!

«سەرەك» بە ڕوویێکی گەشەوە... بە هێواشی بووکە شووشەکەی هەڵ گرت و، لەسەر کۆمەڵە زێڕو پارەکان دای‌نا.

فریشتەی گرتە باوەش.. ئەملاو ئەولای ماچ کرد.. ڕووی کردە جەماوەرەکەو، فەرمووی: «ئەو گەلەی منداڵەکانیشی قارەمان بێت.. هەرگیز نابەزێت».

* * *

شیعر

# سروودی شۆڕش

● جلال ملا حسن خۆشناو ●

شاعیری شۆڕشگێرو خۆشەویستی‌و جوانی - هیلانە فاکارسکۆ لە ٢٣ی تشرینی یەکەم ساڵی ١٨٨٦ز لە شاری «بوخارست» لە دایك بۆوەو لە بنەماڵەیەکی هەرە ناودارو خانەدانی «رۆمانیا»یە، هەروا ئەو خێزانە هەر لەکۆنەوە لەبواری رامیاری نشتمانی‌و وێژەیی‌دا دەستێکی باڵایان هەبووەو ناوبانگیان دەرکردووە.

زیرەکی‌و بەهرەی هیلانەی شاعیر لە یەکەم کۆمەڵە شیعرەکانی بەدیار دەکەوێ کە بە چاپی گەیاندن بە ناونیشانی «گۆرانی بەرێبەیان» کە تەمەنی شاعیر نەگەیشتبوە هەڤدە ساڵ.

ئەو کۆمەڵە شیعرە تا بڵێی بەهێز بوو، هەموو دێڕەکانی پڕبوون لە وشەی جوانکاری‌و هەستی ناسك و پر سۆزی دڵداری‌و خۆشەویستی نەتەوایەتی راستەقینە، تا سەرنجی «کۆڕی زانیاری فەرەنسی» رادەکێشی‌و پەسندی دەکات و ریز لە شاعیر دەنێن، ئەویش بە پێش کەش کردنی پاداشتی «ئەرشون دیبرۆزەی وێژەیی بوو.

شاعیر لە پێش کەش کردنی بەرهەمە بە نرخەکانی بەردوام بووەو چەند دیوانێکی تری بەچاپ گەیاندووە وەك:

١ - دیوانی دەروون پاکی

٢ - دیوانی تیشك و ئاگر، کە لە ساڵی ١٩٠٣دا بەچاپی گەیاندووە.

شیعرەکانی ئەو شاعیرە وەرگێردراون بۆ سەرزمانی فەرەنسی‌و گەلێ لە زمانەکانی ئەورووپی، هەروا شیعرەکانی پاداشتی «جۆل فاڤرەی فەرەنسی وەرگرتووە.

هیلانەی شاعیر تەنها شاعیر نەبووە بەڵکو چیرۆك نووسێکی کارامەو لێهاتوو بووە، لەبواری چیرۆك نووسیندا دوو بەرهەمی بەچاپ گەیاندووە بە ناونیشانی: -

١ - نوشتەی ئەفسوناوی

٢ - شەوانی رۆژهەڵات

ئەمەش نموونەیەك لە شیعرە شۆڕشگێرەکانیەتی

لە دوورەوە

گفەگفی ڕەشەبای توند

دەنگی جەنگ و شەڕی دژوار

تێکەل بوون لەگەڵ ڕەهێڵەو شەستە باران

هەراو هوریای جەنگیان پێیە

ئەی هاو وولاتی ئەزیزم:

سەیر بکە لەشکری ڕەش تێ دەپەڕێ

خاك و خوڵیان لەژێر پێدا وا ئەلەرزێ

زەپۆش (١) سوورەوە

قەلەڕەشە برسیەکان و ەك هەوری ڕەش

بۆ خۆراکی لاشەی مردوو
بەری ئاسمانیان تەنیوە
سوار چاکان
ڕووبەڕووی دوژمنی ناپاك
وەکو پۆلا وەستاون و ڕائەوەستن
چەکەکانیان ئەخەنە کار
تا سەرکەوتن وەدەست دێنن
دە سەیر کە ڕۆلە ئازاو بەجەرگەکان
بە زامداری لە مەیدانی جەنگی ڕەوا
دێنە دەرێ
ئەرێ ئا ئەو ڕۆلە ئازاو نەبەردانە
لە پێناوی خۆیاندا دوژمن دەشکێنن
ئالا بەرز دەکەنەوە
بەخوێنی گەش
مژدەی سەرکەوتن ئەڕوێنن؟
تۆ ئەی هاووڵاتی چیتە؟
ناتەوێ لە مێژووی سەرکەوتنێکی
وا گەورە ناوت تۆمار بکەی
تۆش مەست بە، مەست
لەپێناوی سەرکەوتنیان
خۆ ڕاگر بە هەر وەك ئەوان
کە شەهیدان شەهید دەبن
سەریان بەرزەو سەرکەوتوونە
کەل وپەلی جەنگیان هەرگیزاو هەرگیز ژەنگ
هەڵ ناهێنێ
ناوی پیروزیان لە لاپەرەی مێژوودا ناسرێتەوەو
هەر ئەمینێ
ئایا ئەزانی داگیرکەری تاوانبار
گەر مەزارگای باپیرانمان
گۆڕی بەرزی شەهیدانمان
پێ شێل بکا



باپیرانمان، شەهیدانمان
خۆیان، چەکیان
لە گۆڕستان ڕائەپەڕن
وەکو جاران
داستانێکی دلێرانە
تۆمار دەکەن
دەبا من و تۆ هەموومان
بۆ نیشتمان
وەك شەهیدان
لەمەیدانی بەرگری‌دا
گیان فیدا بین
گیان فیدا بین

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

تێ بینی:
ئەم باسەم لە پەرتووکی «اسرار العالم» «الجزء الثالث عشر» نووسینی مامۆستا کمال فوزي ئەو گۆڤارەش لە پەنجاکان لە لبنان چاپ دەکرا لێپرسراوی قدری قلعەچی بوو

«١» - زەبۆش: الجو

# کاتێ هەڵو

# بـــــــەرز حەفڕی

«ئازایەتیەکانی محمود خدری هەمەوەند ئیلهام بەخشی ئەم شانۆیی‌یە»

نووسینی: أحمد سالار



کەسانی شانۆیی‌یەکە:

بەیت بێژ، گۆرانی بێژ، ئاهەنگ ساز، هەڵو، سوارە جەوامێرو، گوڵێ، فەقێ قادر، کەسی یەکەم، کەسی دووەم، کەسی سێیەم، کەسی چوارەم، شێخ سعید، شێخ مەحمود، عەرەب عیدی، دادوەر، راوێژگار، والی، نێردراو، کابتن، ئەندامی «١» دادگا، ئەندامی «٢» دادگا، شایەت، سوڵتان، جارچی، ناڵەپێپان، قوماندان، کەریم بەگ، وەردیان، بەند، گوڵاڵە، ڕەشەبا، بەفر، هەڵەکۆك، دەنگ، مۆسیقاژەنان.. شاعیر.

«بە چەند ئەکتەرێك گشت دەورەکان دەگێڕێ»

«شـانـۆو هۆڵی بینـەران دەبنە ڕەشمـاڵێکی کوردەواری، بەچیـغ و مافـوورو بەڕەو لبـادی خۆمـاڵی ژوورو لایـەکـانی پێ‌دەرازێنـرێتـەوە، گوڵنکەی ئاهەنگ هەڵدەواسرێت، چراخان دەکرێت، مێخەکبەنگ و ملوانکەی سملّ بەسەر دەرگای هاتنە ژوورەوەوە هەڵدەواسرێ، بۆن و بەرامە بڵاودەکرێتەوە، لەلای سەرووەوە دەستەی مۆسیقاژەنان و بەیت بێژو گۆرانی‌بێژ لەسەر سەکـۆیـەك دادەنیشن. لەبەردەمیانەوە سەکۆیەکی لاکێشی نزمتر بۆ یاری‌کـردنی ئەکتـەرەکـانا دادەنرێت. ئەکتـەرەکـان بەدەم وتنـەوەی گۆرانـی «گـوڵاڵـە سوورەی سەر کوڵمی یارم وا گەشـایـەوە بۆ حاڵی زارم» دێنـە سەر شانـۆ گێـڕەرەوە کە لەم شانۆیی‌یەدا خاوەن ئاهەنگە، بەخێرهاتنی میوانەکان دەکات و، سەرپەرشتی بەیتە یاری‌یەکە دەکات.»

بەیت بێـژ: چرا هەڵکـەن. مۆم داگیـرسێنن، ئەم ناوە ڕۆشن کەن، بخـوور بسـوتێنن. گوڵاو بپـژێنن، گوڵنکـان هەڵخـەن، دەروازە واڵاکـەن، شەربـەت بەخشـەوە، دەمـان شیـرین کەن، خوان برازێنتـەوە، بەرات بەسـەرکـەن دەست لە کوپە بگێـڕن بەشی زارۆڵان بنێـرن، چاوان ڕۆشن کەن دڵان پڕ مەیـل کەن، کورە کەس بێ‌بەش مەکەن، نەفرەتی خودا لە شەیتان بکەن. هەزارو یەك سڵاو لە دیاری نوری چاوان پێغەمبەری ئەوەڵ و ئاخر زەمان بکەن.

«سەڵاوات دەدەن و دەف دەژەنرێ‌و سەمای دەروێشی دەکەن»

ئاهەنگ ساز: دەك بەخێربێن بان چاوان و دیدارتان بەخێر، میوانە ئازیزەکان، ئاهەنگی ئەمشەومان، بەبۆنەی پێك شادبوونی جوونە دڵخـوازێـکی یەکجـارە عەزرەت خوازەوەیـە، دەمێ ساڵ بوو چاوەڕوانی ئەم ڕۆژە بوون. نە ئاخ، نە داخ، نە حەسرەت ما لە تۆی سینەیاندا پەنگ نەخواتەوە. هەموو عالەم بەم عەشقێنە پڕ لەئـازارەیـان زانی بوو. گشت ئاوایی‌یـەکـە ئاگـایـان لەسوارەی سەوداسـەر بوو، کەبـەر لەئـاوزەنگی لێدانی چوونە جەنگەکەی. هەڵـوێستـەیـەکی کردو ئاوڕی لەگـوڵێ دایـەوەو وتی «حیلەی ئەسپ و دەنگ و هەرایە»

هەمووان: «سروود»

هەرایە کورگەل پاڵەوانینە
ڕێ پاکەوەکەن نەوجەوانینە
وا هەڵمەتیان برد یاران بە دەستە
شاخ و کێو لەژێر پێیانا پەستە[1]

سوارە: گوڵێ، کچێ گوڵەخان و ماڵەکەم. نیگەران نەبی، وا وادەی لاوانـدنی خاکـە، هەر کاتێ لەیـاران دوانـەکـەوتم، ئەوە شایانی بەتۆ شادبوون دەبم.

گوڵێ: سوارە گیـان، دڵ لە دڵ نەدەبێت، ئەگـەر تۆم بەسـەر ئەسپە شێـوە نەبینایە، ئەو ڕووو دڵی هاتنە سەیرم نەدەبـوو، خوا دەستی بە باڵتانەوە بێ.

سوارە: گوڵێ سەیرکە، بەم تفەنگەوە چۆنم، گوڵێ قوزم «پێدەکەنێ»

گوڵێ: بێ چاوێنی بی. نوری محەممەدی شەریف.

«دەنگی سروودەکە»

ئاهـەنـگ ساز: میـوانـە شیـرینـەکـان، گشت شتێ ئامـادەیـە، مۆسیقاژەنەکان، گۆرانی بێژ..

بەیت بێژ: «پێی دەبڕێ» وادی بەوادی، تەختی موڕادی..

ئاهەنگ ساز: تۆم لەبیر نەچووە. ئەوەش لالۆی بەیت بێژ.

بەیت بێـژ: مەم و زین، ناسرو ماڵ ماڵ، زەمبیـل فرۆش، قەڵای دمدم، لەشکری، شیرین و خوسرەو، شیرێن و فەرهاد، لەیلێو مەجنوون، خەجێو سیامـەند، برایمی مەلا زینەیان، لاس و خەزال، مەمی ئالان.. هەموویان ئامادەیە.

ئاهەنگ ساز: زۆر چاکە، کەواتە با جارێ گوێمان لەئاوازێ بێ. پاشان خوا کەریمەو ئەو دەمە بڕیاری لەسەر دەدەین «گۆرانی‌و مۆسیقا»

سوارە: خەڵکینە من سوارەم، ئەو سوارەیەم کەبەڵێنی وەفاداریم بە گوڵێ‌داوە.

یەکەم: مەبەستت چی‌یە؟

سوارە: داستانێکم بۆ کردوونەتە دیاری دەستم.

یەکەم: دیارە داستانەکەش داستانی ئازایەتی‌یە.

سوارە: لەو ماوەیـەدا داسـتـانێکم لەهـەڵۆی سەرکردەمەوە فێر بووم، بۆیـە کردوومـەتـە گوڵ دەستـەم و تا لالـۆی بەیت بێـژ شەدەی بۆ لارکـاتـەوەو دەستیکی بۆ لەگـوێ‌دانێ‌و دەسـەکـەی‌تر بەمشتووی خەنجەرەکەیەوە دەست بەگێڕانەوەی بکات. بەیتی کاتێ هەڵۆ بەرز دەفرێ.

هەمووان: «گۆرانی»

کاتێ هەڵۆ بەرز دەفرێ
پەخەی کەساسی دادەدرێ

## لە ترۆپکی بەرزو باڵا
## گۆرانی سەربەرزی دەچرێ.

بەیت بێژ: وادی بەوادی، تەختی مورادی، خواردنی کاردی، نووستنی لبادی، ئاوی دیمەکی، سێبەری کەپەکی، نووستنی بادۆستی، مەلای گەرمێنی، فەقێی کوێستانی، ئۆباڵی بەملی ئەو مامۆستایەی ئەمەم لێ زانی.
دەگێرنەوە دەڵێن: هەبوو نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لە پێغەمبەر خۆشەویست تر نەبوو، تا لەم پاڵەوانە ئازاتر نەبوو.

گۆرانی بێژ: «حەیران» گەلێ برادەران، ئەمن دوعایەکی دەکەم، ئەنگۆ برێن ئامین، خودایە سەریان خەی، ئەوی عیشقی پاکژە، ئەوی گیان فدای گەل وخاکە.

هەمووان: «بە دەف ژەندن و سەماوە» ئامین، ئامین..

یەکەم: مەرگ لە چاوەگەشەکانی هەڵۆ بەرز فڕەکانەوە، کۆچێکی سەربەرزیە، ئەو مەرگە تێشووی فڕینە بێ ئامانەکەیەتی، هەڵمەت و پەلاماردانێکی شێرانەیە، کڵپەو شاڵاوی ئاگرێکی پڕ لەسووتانی عەزرەت خوازانەیە، چریکی گۆرانیەکە کە هەرگیزاو هەرگیز چریکە دنیا پڕکەرەکەی کپ و خامۆش نابێ.

دووەم: کاتێ هەڵۆ بەرز دەفڕێ. زەمانی ئەوق بوون و بێ دەربەستی بەجێ دێلێ.

سێیەم: هەڵۆ یەکجار لەدایك دەبێ و یەکجاریش دەمرێ.

چوارەم: هەڵۆ پشت و پەنای بێ دەرەتانانە، خەم خۆری کلۆڵانە.

ئاهەنگ ساز: لەو ساتانەی هەڵۆ ئاوزەنگی لێ دەدات و جڵەوی ئەسپەکەی شلی توند بوونی هەڵگەرانی سەروو ژووراني سەخت و عاسی دەکرد، دەستەو گەردنی ساتی دڵ ئاوخواردنەوەی بەئارامی دەبوو، خوا دەبووە میوان.

دووەم: کازێوە بوو، ئەوەندەی نەما بوو شەبەق بدات، لەو دەمەدا بوو تاڵە تاڵی پرچی گزنگە شەونمی سەر گژوگیا بە هەڵم و هەڵا بکا.

«سەمای لەدایك بوون و، ئاوازی ژیان»

یەکەم: لە دایك بوو.

دووەم: مزگێنی

سێیەم: مژدەمان دەکەوێ

چوارەم: شوێن: گوندی قەرەتامووره.

هەمووان: محمود خدر

«بینراوی بێدەنگ، دەست پێ کردن»

دووەم: ئەسپێك بەگەردنی ئاسۆوە دیاریدا، نەرمە غار، ڕەوتێکی جوان، ئاویدا، تۆزی کرد، ئەسپێکی شەو ڕەنگ، لە جەرگەی ئاسۆ بەمەیی یەکەدا توایەوە، پاشان دەشنایەوە. هەردوو تێکەڵبوون، لەئاوردانەوەیەدا یاڵە خاوەکەی کەروێشکەی دەکردو گوڵە گەنمە قەنەهاری دەکرد بەئێخەی ئاسۆ خامەکیە ڕەنگەکەوەو گەردنە سرکە سرکەیەکەی پێ دەنەخشاند. خودایە لەو یاڵەی چ چەپکە خۆرێکی ساوا بوو، خودایە لەو چاوانەی کە بەتەماشایەکی هەزار کوێرەکانی دەتەقیەوە.

یەکەم: خەڵکینە چاو لە ئاسۆ ببڕن.

دووەم: خەڵکینە تەپڵ و دەف بێنن، ئاهەنگ سازکەن، چاوی بەد دوورخەنەوە.

«بینراوی ئاهەنگ و سەما»

چوارەم: ئەسپەکەو ئاسۆ بوونە دوو ڕەنگ، بوونە دوو باڵی باڵندەیەکی ئیسك سووك، گەردن بەرزی چاوگەش، وا لەشەقەی باڵیدا، گشت گەواڵە هەورەکانی ژێر گەردن و باڵی خست، ئەها چاو بۆ زەوی شەقاری تینوێتی دەگێرێ، وادەیەتی، وا دیەوە، ئەها بارانی کە بارانێکی جوانە، سەیری دڵۆپەکانی بکەن، خەڵکینە کێ تمە بارانی وا جوانی دیوە! دڵۆپەکانی دەبرسکێنەوە، پێ دەکەنن، گوێتان لەقاقاو قریوەی نی یە؟

«بینراوی کۆشش کردن»

بەیت بێژ: تا چەمەن پیرانە سەر ئەصلی درەختی لانەدا
فەرعی تازە خورەم و بەرزو بلند باڵا نەبوو

یەکەم: ساڵی «١٩٢٤»ەو لە قەرەتامووڕین.

دووەم: ئاسمان ئارو تەمە.

ئاهەنگ ساز: کاتێ سەرخێڵ و سەرداری سەر بۆ کۆچ و ماڵئاوایی گەورە کزدەکەن، خەم میوانی هەمووانە، بەرۆکی گەورەو

بچووك دەگرێ، خەم دەیبێتە مۆتەکەیەکی زەبەلاح و تەنگ بە ئاهی سینەی هەمووان دەگرێ، پەنگ بە ووشە دەخواتەوە. پێتەکانی سکالاٌ دەخنکێنێ، ڕێگای هەست دەربڕین قات دەکات.

یەکەم: هەورێکی چڵکنەو خۆری تاساندووە، بزەی سەربڕیوە.

دەنگەکان: با کوڕوکاڵ کۆبن، با ئەسپ زین کەن، با قیشەك لغ لەخۆیەن ئەوەی شۆڕە سوارە، با ملی ڕێگای گڕگرتووی خۆری نەورۆز بگرێو گوێ خۆر لەناوچەوان خا.

سێیەم: با مەرگ و هەناسە ساردی قەلاٌچۆکەین، با سروودی ژیانی ڕاستەقینە بەگەرووی بڕاوە بڵێینەوە.

چوارەم: کاتێ تیرێ هەڵۆ دەئەنگوێ، بۆ کڕووزی ئاخێکی قووڵ لەنێوان پەراسووەکانیەوە بەرزدەبێتەوە، ناڵەناڵێك شێرو بەورو پڵنگان زەنەقیان لێ‌دەچێو ئەژنۆ یان دەشکێ.

«بیتراوی مەرگ و ئاوازی ئەڵلا وەیسی»

یەکەم: گیان دەدات.

هەمووان: هەی ڕۆ، وەی ڕۆ، بمرم لێ‌لێ، هاوار لۆلۆ..

دووەم: ئەسپە شەو ڕەنگەکەی گلارووپەتی، مێخی لەڕیشە هەڵکێشاوە. یەکەس دابین ناکرێ، یاخی بووەو سەر دەکێشێ، ڕوو لەدەربەندی بازیان کردووە، سەر بۆ پیرەمەگروون بڵند دەکات، سمکۆڵانیەتیو چەخماخە دەدات.

«گۆرانیو سەما»

ئاهەنگ ساز: لەو ئان و سەعاتی گیان دانەدا، حاکمە ڕسواکەی ئینگلیز دەهات و دەچوو، لەلایەن چاوچنۆکە چڵکنەکانەوە هەواڵی گیانەلاٌی هەڵۆیان پێگەیاند، چاوەڕوانی مژدانە لە باخەڵ نانی چاوشۆڕیان بوون.

«مۆسیقا»

هەواڵ بەر: گەورەم جەنابی کاپتن.

کاپتن: وات. ها.

هەواڵ بەر: ئەوا دەمرێت. لە غەرغەرەی گیانەلاٌدایە.

کاپتن: محمود خدر، ئاوا. هەڵۆ... «پێدەکەنێ»

هەواڵبەر: ووتم تا زووە با مژدە بەبەگم بدەم.

کاپتن: ڤەری گود، دەچم تا بزانم بەراز چۆن دەمرێ.

«دەنگە دەنگ»

یەکێك: کاپتن! کاپتن بۆ هاتووە؟

هەڵۆ: کوڕگەلٌ‌قیتم کەنەوە، با ئەو کافربابە بەکەساسی نەمبینێ. کوا.. ئادەی. خەنجەرەکەم لەبەرۆك نین، مشتووەکەی لە مشتم نین.

کاپتن: ئیستا چۆنی؟

هەڵۆ: نابینی بەرامبەر سەگ چەند قیتم؟

«سروودی بەری بەیانە ڕووناکە ئاسۆ دەووترێ»

ئاهەنگ ساز: شایەتێکی عەیان گێڕایەوە..

شایەت: ئیتر کاپتن لچی‌دا بە لچداو چڕوچاوی سەد ئەوەندەی‌تر سەگسار بوو شەقێکی لەپاشووی خۆی هەڵداو، لووتی شۆڕکردو کشایەوە، خوا بەو بەرزیەوە شایەتە لەچەمە پەڵفە ڕەت نەبوو.بوو، هەڵۆ گیانی سپاردو شوێن کاروانی یاران کەوت.

ئاهەنگ ساز: ئەوە دوا شەقی ئەو دلاوەرەبوو بەپاشووی بەریتانیای ناگەورەوە.

«مۆسیقا»

دووەم: ئای لەو ڕۆژانەی دژی بەلەشکری عوسمانلی دەداو، درویێنەی دەکردن. بەسواری ئەسپەکەیەوە ئەمسەرو ئەوسەری دەکرد. بروسکەو تریشکەیەك بوو. دەتگوت یەکەم قوڵپی بارینی هەوری پەڵەیەو ڕۆژهەلاٌت و ڕۆژئاوا ئەمسەرو ئەوسەر پێدەکات،

سێیەم: ئەی کە کونە مشکی لەوالی مووسڵ بە باب الطوب کرد.

«خەمناکیو شین و واوەیلا»

یەکەم: بەقوربانتان بم، شیوەن، شیوەنی بۆ بکەن.

چوارەم: ئەوە هەیبەت خانی گەرمیانی هات، بەرد دەکات بەئاو.

دەنگەکان: بمرم لێ‌لێ، هاوار لۆلۆ. وەی لێ وەیلێ..

سێیەم: نەمردووە. هەڵۆ نامرێ. هەڵۆ سەرخەو دەشکێنێ..

«لاواندنەوە»

قەڵغانی زەردە، مایینی‌چۆڕن دێنێ
هەوری لە سەری با دەیشەکێنێ
شەریف مەکوژن لاوی گەرمێنێ
چەندم پێ‌دەگوتی مەچۆ قەلاٌتێ (٧)
شینکەکەم حوکمە شەش خان دەتگاتێ.



«حیلەی ئەسپ»

ئاهەنگ ساز: ئەوەحیلەی ئەسپێکی رەسەنە، پێوەندی پساندووە. وا بەدەماوەندێکی پڕ لە هەورو تەم و هەڵادا هەڵدەگەڕێو، زوور هێلانەی بازو هەڵۆیان کەوت، چیاکە بووەتە کۆمەڵە پشکۆیەکی جەرگەی کورەی ئاسنگەرێکی مەچەك پۆڵاین، یالە شەو رەنگەکەی وا بەسینەی خۆڵەمێشی ئاسمانەکەوە سەمایەکی مەرگ و ژیانەوەی دڵ ئاگرێنانەی بەوانە کردووەو رۆژهەڵات و رۆژئاوا مەشق پێدەکات

«سەما»

دەنگەکان: باران باری، ئاسمان ساماڵ بوو، گشت ئەستێرەکان لەشێوەی رستە ملوانکەیەکی مرواری سەر سینەی کچۆڵەیەکی خەپان کە دەخزێتە چاڵی نێوان مەمکۆڵانیەوەو ختووکە بەگیان دەدات، ئاوا جریوە جریویان بوو، چاو شارکێیانە، ئەوە حەوتەوانەیە، کاروان کوژە، ئەوە گەلاوێژە، هەموویان هەر گەلاوێژن، تریفە تریفیان سۆمای چاوی ئاشقان تالان دەکات.

ئاهەنگ ساز: هەر لە ژووانی پڕ لە نۆخەی خاتووزین و کاکە مەم دەکات، کاتێ بەڕوو سووری دەچنە دیوانی پەروەردگارو بەڕوو سووریەوە دەستەو ملانی یەکتری دەبن.

«مۆسیقا»

سوارە: گوڵێ گیان لەو قەد پاڵانە بنوارە، تەماشا ئەو گوڵاڵە سوورانە سەرنجی ناو جەرگی سووتاویان بدە. دەزانی بۆ بووەتە زوخاڵ؟

گوڵێ: ئێ! باشە گوڵاڵە هەروا نەبووە!

سوارە: دەڵێن لەداخی دووره ئازیزی دەروونیان رەش هەڵگیرساوە.

گوڵێ: کام ئازیزەیە وا کسپەی لە جەرگی هەڵساندوە؟

سوارە: بەهاری تەمەن کورت و جوانەمەرگ.

بەیت بێژ: ساڵی دزو جەردە بوو، بەرادەیەك پێشتر نەبوو، کۆرپەلەی بەر سینەی دایك و کلی چاویان لەچاو دەفڕان، ئەو ساڵە بوو، ئەو دەمە بوو، رۆمیەکان، بەهاری خاکی بەبەیان کردە خواردە شەرای مەرگ و وەیشوومەیان. ئیتر بەهار نەهاتەوە

چاوی گوڵان کوێربووەوە.

سوارە: ئەو ئاڵیەش خوێنی ئەوە.

گوڵێ: ئاسانە، ئەوانە مەڵێ، خەیاڵت مەئاڵۆزێنە، پشت بەو پیر سمایلی کڵاو قووچە بەیەکتر دەگەین.

بەیت بێـژ: چ خەم، چ ئاخ، چ داخ، چ خەم شکێن، چ دەوایە، شنە بایە، وەی لەکۆستی ڕەنج بەبا چوون، وەی لەزامی بۆ یەك نەبـوون، خوا بکـات سوارەو گوڵێ خانم نەچن وەك چوون، ئەوانەی چوون، لە یادتانە سەرگوزشتە ناکامیەکەی خاتووزین و کاکە مەمی؟

«مۆسیقا، بینراوی مەم و زین»

زین: «من وام دەوێ لە دوورەوە خۆمی نیشان دەم
گیانم بە دەوریا بگەڕێو هیچ نەڵێم بەدەم
بەم عەشقە پاکەوە وەکو دوو کۆتری بەهەشت
لەم خەڵکە دوورکەوینەوە، ڕووبکەینە بەهەشت[3]

«مەم بێخودەوە بەئاگا دێتەوە»

مەم: ئەرێ چاوم ڕەشکەو پێشکە ناکا؟ ئەوە خاتوو زینە،

زین: مەم، ئازاد بوویت.

مەم: ئەمـردم و بەدیـدارتـان شاد بـووم، بەڵام دوایی نەفـەسمـە. گەردنم ئازادکەن

زین: مەم گیان لەبیرتە کە بۆ یەکەم شەو تۆم دی.

«مۆسیقا»

مەم: ئەم دوو دڵە ڕووناکەو ئەم عەشقە پاکە لەدنیادا بەر ناهێنن.

گۆرانی بێژ: خەنجەر بۆ دڵە گەر ڕاست دەوێ
ئاخ مەمی تیایە نەك بەریکەوێ
با دەست لەمل کەین، یەکجاریە
نە ڕای بێگانەو نە بەدکاریە[4]

سوارە: گوڵێ گیان ئەو دەسرۆکەیەتم نادەیتێ.

گوڵێ: دەسرۆکە؟ فەرموو سوارەگیان. بۆ چیتە؟

سوارە: لەناو چەوانی دەبەستم، با گشت دنیا بزانن ئاشقی تۆم.

گوڵێ: بۆ نەیان زانیووە!

سوارە: لەوە دەچێ‌و لەمن وایە.

«مۆسیقا»

بەیت بێژ: شەوێ لەیلا بەمەجنوونی دەووت بروانە حاڵی خۆت
بەخۆرایی لەکیست دا هەموو عەقڵ و کەماڵی خۆت.
ئەویش جوابی دایەوە: ئەگەر تاقەت هەیە لەحضێ
لەنێوئاوێنە بروانە حسن و جەماڵی خۆت[5]

ئاهەنگ ساز: ئەسپەکە دەرکەوتەوە، گەیشتە جەرگەی ئاسۆ، مانگی چواردەهـەمینی بە تووڕەیی ناوچـەوان کرد بوو ئەستێـرەکـانی لەیـل و مەجنوونی شەوی قەدری بەتـاڵی باڵی مسیك بۆی هۆنیبووەوە، ڕەنگێکی دروست کردبوو پێشتر نەبینرابوو،

دووەم: گشت چەم و جۆگەو ڕووبارو زەریاو دەریا لووشەکانیش، بە ئاسمانیشەوە ئەو ڕەنگەی دەنواند

دەنگەکان: خەڵکینە وا میعراجە، دنیا چراخان کەن، خوا میوانە، مژدە لەدڵی بێگەردا دابنێ.

«سەمای دەروێشی»

گوڵگوڵی سوورو سپی خاڵ خاڵی خاکی ڕەش ئەڵێی
پۆدرەیی ڕوخسارو سورمەی ڕشتنی چاوانتە
پیرەمەگروون تاجی شاهانەی بەسەربەرزی فراند
ئەم دەماوەند داگرێ مەحجوبی هەورامانتە[6]

بەیت بێژ: جا گەلێ برادەران
لەبازیان، لانەی بازو هەڵۆیان
دەستە دەستە شۆڕە سوارانی ئازا
ئاگرو پۆلا.
عوسمانلیەکان، عەجەمەکان
چاریان نەما کۆڵیان دا.

ئاهەنگ ساز: دەمێك ساڵ بوو عوسمانلیەکان چاوی تەماعکاریان لەم وولاتە بریبوو چەندین فێڵ و چەندەها داو و دەلەسە، لە ساڵی «١٨٣٠»ەوە کەوتنـە هێـرش بردنی درنـدانە، جارێ بەنـاوی غەزاوەو جارێ بەنـاوی ئاسایش ڕاگرتنی ئیمپراتۆریە ڕسـوا بەپەنـگ بووەکـەیـان بۆ چەندەمین جار لەشکرەکەیان لەداوێنی تووڕەبوون و ڕق هەڵسـانی کوردەکـانـدا بەچوکـدا هات. گەر پەیمـان بەستنە ترسنۆکەکەی ڕووسیای قەیسەری نەبـوایە ئەوا تاکـە تفـەنگچیەکـیان بەدەستـەوە نەدەما. ئەی داستـانـەکـەی پاشـای ڕەوانـدز
ئیـسك و پروسکی سوڵتـانە گۆڕبەگۆڕەکانیشی هێنایەوە شەقە شەق.

بەمووان: مێژوو بۆ چەندجارێ خۆی پیشان دەداتەوە، ئەوەتا ساڵی «١٨٥٢»

«بینراوی بێدەنگ»

دەنگ: عەشرەت، هۆ کوڕگەل، ڕۆژێکەو ئەمڕۆ، جام پڕ بێ لێ‌ی ـ ئەڕژێ، وا داگیرکەرێکی خوانەناس، لە ئەنازەی بەدەرکردووە، جا ئەو کەسەی شەرەف و خواو خاکی خۆش دەوێ‌و، شیری حەڵاڵی دایکی خۆی خواردووە، دەست داتە تفەنگ و، ڕۆژێکەو ئەمڕۆ. دەنا قەرداری خواو خاك دەبن، کوڕە عەشرەت هاوارە.

«تەپڵی سواری»

سوارە: ئای گوڵێ گیانەکەم

گوڵێ: هەر لەخۆت دێ تفەنگ لەشان کردن و شەدەلار دانان

سوارە: هاکا بە سەرکەوتوویی هاتینەوە.

گوڵێ: ئای لەو ڕۆژە.

سوارە: دەبێ گوڵێکی ئاڵی نەوبەهارانم بۆ لەپەرچەمت دەی.

گوڵێ: هەموو گوڵی دونیا ها ئەم تۆیشە بەرەبە لەپشتێ، کولێرەم بۆ کردووی.

«بینراوی جەنگ و شەهیدبوون»

شاعیر: بڵێ بەبووکی تازەی یەك شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم
نەڵێ خۆی بۆ وەطەن کوشت و لەڕێی عیشقی منا نەژیا
وظیفەم بوو لەپێناوی وڵاتیکا سەرم بەخشم
کەتۆی پەروەردەکرد بۆ من لەداوێنی چیاو کەژیا
ئەگەر خوای گەورە بەخشی پێت هەتیوێ پێ‌ی بڵێ: ڕۆڵە
لەمن فرمێسکی ویست باوکت، لەتۆش داوا ئەکا تۆڵە (۷)

«حەیران»

ئاهەنگ ساز: هەواڵ، هەواڵ، ڕێگاو باتیان تەنی، تەنگیان بە لەشکری عوسمانلی هەڵچنیوە ئەوەتا سوڵتان هەڵچوە.

«مۆسیقا»

سوڵتان: قوماندان، ڕاوێژکاران

دەنگ: بەڵێ، بەڵێ، سوڵتان سەروەرمان.

سوڵتان: چیان دەوێ ڕێگرەکان؟ ها ها چی بێ فەرمان؟

ڕاوێژکار: گەورەم سوڵتان، سێبەری خودای میهرەبان هەر ئێستاکە فەرمان بدە بۆ هێرشی قەڵاچۆیان.

سوڵتان: کەواتە فەرمان

«دەنگی دەهۆڵ و جارچی‌و قەرەباڵغی»

جارچی: بەناوی خواو عەزمی سوڵتان، غەزایە بۆ سەر کافران، فەرمان، فەرمان.

«گۆرانی هەدرووونە درووونە درووونە، دەسکی داسم بەڕووونە»

سوڵتان: ها والی ئەفەندی، تۆ ئەڵێ‌ی چی؟

والی: گەورەم محمود خدر.

سوڵتان: ئێ؟

والی: ئەوە سەرداریانە.

سوڵتان: بانگی بکە، ڕێ بکەون.

مەحمود: کەواتە والی منی دەوێ.

نێردراو: بەڵێ قوربان.

مەحمود: چی لێم دەوێ؟

نێردراو: ئێوە ڕێگەتان لێ‌نەگرتوون.

مەحمود: ڕێگە! ئێمە تەنها پارێزگاریمان لە خاکمان کردووە.

نێردراو: ئێستا چی دەفەرموون؟

مەحمود: دەیەوێ بەبێ چەکیش بچینە سەراکەیەوە؟

نێردراو: بەڵێ تکام وایە داواکەی بەجێ‌بێنن

مەحمود: با وابێ. بەڵام لەکۆشك و سەرای خۆیداو لەناو ئەو هەموو سەربازو جەندرمانەیدا سڵ لە تفەنگی من ئەکاتەوە. قەیناکە دەچم.

«مۆسیقا»

«قەڵا قەڵاو چاوشارکێ‌و چەپڵە ڕێزان»

والی: ها مەحمود ئاغا، بفەرمە جانم ئێشتە سڵ نەکردی من ئێشتە بەخسیرت کەم؟

مەحمود: «ئامبازی والی دەبێ‌و خەنجەرەکەی دەخاتە سەرملی» تا خەنجەر بەبەرۆکمەوە بێ هەر من سوڵتانم، خەنجەریش نەما هەر سوڵتان خۆمم، چونکە نابینی دامێنم.

«گۆرانی»

عوسمانلیەکان خراپترین ڕێگایان گرتەبەر.

هەمووان: شەوەو باری شەوان خەم و داخە
شەوەو کاتی سەرهەڵدانی حەزی ئاخە
بەڵام دەرزی ئاژنی ڕەشی بلبیلەیە
ناڵەو هاوارو وا وەیلەیە

یەکەم: دەبێ کەی بێ ڕۆژ بێتەوە؟

هەموان: ئەو دەمەیە لە چەخماخەی تفەنگەوە ڕۆژ بێتەوە.

سروودی شاخی ڕەنگاو ڕەنگی گوێزە»

گەورەم سوڵتان توندوتیژی

ڕاوێژکار: کوا سەڵتەنەت؟

کوا دەسەلات؟

دووەم: بۆ ئەستانە بێدەربەست بێ سوڵتانەکەی دەستەپاچەو بێ زەبروزەنگ، وا کەنەفت بێ؟

«گۆرانی چووینە گوێژە با بچینەوە، سەر بەسەرپۆشی شینەوە»

مرۆڤ وەك درەخت چۆن ڕەگی ژیانی لەناخی زەویدایە بەهەمان شێوە هەر کە هەڵکەنرا ڕەنگ و ڕووی ئەگۆڕێ، یان دەبێتە کوترە کێویلەیەك و ئەم کێو ئەو کێو ئەکا.

«سروودی خوایە وەتەن ئاواکەی»

«دەنگە دەنگ»

جارچی: فەرمان، فەرمان، ئەستانە فەرمان، فەرمان فەرمان، ئەستانە فەرمان.

هەموان: فەرمان فەرمان نەبڕایەوە، کوێرەوەری و خاکەساری نەبڕایەوە، کوێرەوەری و دەردەداری نەبڕایەوە.

«گۆرانی و سەماو مۆسیقای ئەفەریقایی»

فەقێ قادر: ئازیز سەیرانگای بەهاران وەشەن
سەرەڕای گوزار نازارا وەشەن
جەتۆی باغچەی باغ صەمەن خیابان
سەحەرگە هە نالەی هەزاران وەشەن

ئاهەنگ ساز: بۆ ئەفەریقا نێردران و دوورخرانەوە. فەقێ قادری هەمەوەند یەکێك بووە لەسەر خێڵەکان و شاعیری هەق پەرستی و نیشتمانی بووە. لەشاری بەنغازی لیبیا بە ئاوارەیی سەری نایەوە.

چوارەم: کێ حەقایەتی گوڵاڵەو ڕەشەبای نەبیستووە؟ ئەگەر نەتان بیستووە ئەوا من بۆتان دەگێڕمەوە. منیش بۆ ئەمانەت ئەڵێم لەباوە گەورەی خۆمم بیستووە ئادەی باپیرە گیان بەقوربانت بم

باپیرە: ساڵێ بەو عەیام ڕەشەبایەك هەڵیکرد، چ ڕەشەبایەك، دنیا دیەکان ووتیان.

یەکەم: دنیا ئاخر ئەبێ، دەست و دەنگی نزا بەرزبوویەوە

دووەم: دنیای ژێرەو زەبەر کرد.

سێیەم: چاوچاو نابینێ. شەوی تارو نووتەکە

چوارەم: چنگ بەهەر دارو دیوارو پەردوویەکا دەکات، لەبن باڵی دەنێو دەیدا بە دەم گەردەلوولەوە.

سێیەم: لەوەدا نییە گردەڵوکە بە گردانەدا دەداو ڕەوەز بەکوڵی ڕەوەزدا دەدات، خوا هاوار

باپیرە: چوونە بنج و بناوانی ئەم دوژمن کاری و غەزەب گرتن و تووڕەبوونەوەیە، سەری گلۆڵەکەیان دیەوە.

گوڵاڵە: من گوڵاڵە سوورەم و نیشانەی ڕەنگە سووری و خۆشەویستی و خوێنی یارانم و مژدەی سەرەتای بەهارم، دڵخوازان دێنە سەیران و داوێنیان بە من دەنەخشێنن، لەلای من ڕازو گلەیی و سکالاکانیان بەگوێی یەکتردا دەچرپێنن.

ڕەشەبا: من ڕەشەبام و پێویستم بەم سەرگوزشتە ناسك و پڕ لەنەزاکەتە نییە من لێم ئەترسن. لە گیڤە گیڤما ترس ئەڕوێ و گورگی هار بە بیرا دێنێ.

گوڵاڵە: بۆیە پێت دەڵێن ڕوو ڕەشە. ئەی ناوی خۆت نازانی هەی ڕەشەبا

ڕەشەبا: بەڵێن بێ لەڕەگ و ڕیشە هەڵت کێشم، تووت لەزەوی ببڕم، من و تۆو ئەم بەهارەمان بمێنێ.

باپیرە: وەیشوومە ڕوویدا، گوڵاڵەکە بووە خولیاو ژانی ئاشقان و سەرمەستان، دلاوەران، دڵ لەسەر دەستان لەو دەمانەدا کەهەموان چاویان لەگەڵ بڕیبوو ئاسۆیان لە چاوانیاندا دەروان، چاوەچاوی خۆری نەورۆزیان بوو، موعجیزە ڕوویدا، گوڵاڵە ئاڵەکە لەسەر ڕەقترین و سەخترین بەردی دوا تروێك چاوی کردەوە.

سێیەم: ئاسۆ سوور بوو

یەکەم: ئاسمان پەمەیی.

دووەم: چیا یاقووتی.

چوارەم: خۆر ئەرخەوانی.

هەموان: نارنجی.. ئاڵ.. ئاڵ.. گوڵاڵەکە.

بەیت بێژ: تومەس خۆری بەگوڵدان کردووەو گەردنی لەگەردنی ناوە، بۆیە دونیا لەڕەنگی ئەوا تواوەتەوە.

ئاهەنگ ساز: ڕەشەبا فێری کرد دەبێ ڕەگ لەڕەقەنا داکوتێ ئاجارێکیتر بەو مەریە نەچێت. لەوەو دوا هەرکەسێ شەیدای گوڵ و خاك و خۆرو باران بووایە لەخواوە لەچاوانیا چاوی

هەڵدەهێنا.

فەقێ قادر: ساقی‌یان سەرمەست بادەی خومارەن
مەستان نەعورووج وەصل دیدارەن.

ئاهەنگ ساز: ساڵی «١٨٩٦»دا کوڕگەل چوونە دیداری خاڵۆ فەقێ قادر، هەڵۆ پێشەوایانە.. شنە با شێدارەکە چرا هەڵواسراوەکانی ناو خێوەتەکە دیلانێ پێ‌دەکردو، ڕووناکیەکە چاوەچاوی لەگەڵ دەکردن.

فەقێ: ها کوڕگەل دیارە کارێکتان بەدەستەوەیە، ڕەنگە بڕیارتان دابێ، ها وانی‌یە؟

مەحمود: وایە قوربان

فەقێ: سوارە ئێستا چۆنە؟

مەحمود: دوێنێ ئێوارە سەیری زەریای ئەکردو لەبەرخۆیەوە ئەدوا:
«دەنگی شەپۆل بەچراکەیەوە تەریك ئەبێ»

سوارە: لەهەر لایەکەوە سەیری ئەم زەریایە ئەکەم لەپرچ و پەرچەمی گوڵێ ئەکات. ئەویش پرچی وایە زۆر ڕەشە، بەڵام چەند ڕەنگێ ئەنوێنێ، لەدوورەوەو لە نزیکەوە. لەبەر خۆرا خەنەیی، یان وەسمەیی، شینێکی تۆخ وەك ئەو ئاسمانە تۆشم خۆش دەوێ، ئێوەش ئاسمان ئەستێرە، خۆر، باڵندە ئێسك سووکەکان، هەموو ئەو شتانەی بۆنی گوڵێ‌ی لێ‌دێ‌و لەو دەچێ خۆشم دەوێن گوڵێ گیان وا چاوم لەپۆلە باڵندەیەکی دەریایی‌یە، ئەوەتا بەسەمایەکی پەری ئاسایانە دێن و دەچن و باڵ لەشەپۆلەکانی دەم خۆر دەدەن و یەکە یەکە گەردن بەرزدەکەنەوە، ئەوسا لەشەقەی باڵ دەدەن و لەشینایی ئاسمانەکەدا دەتوێنەوە. تۆ بڵێ‌ی دڵیان پێم نە سووتێ‌و ڕازو نیازم بەخواو گوڵێ نەگەیەنن. هۆ باڵندەکان کۆچی خێرتان بێ، ئامانە ئێوەو خوداتان هەر کە باڵندەیەکی چیایتان بینی هەواڵێکی گوڵێم بۆ لێ بپرسن. سبەینێ دێمەوە دیدارتان، هەواڵم لێتان دەوێ. داوێن گیرتان دەبم. خوایە ئاورێ لە هەناوم بەربووە بەم زەریایە کڵپەو بڵێسەی ناکوژێتەوە حەرفێکم لە کن گوڵێ‌و هەوارگەی گوڵێ‌وە بگاتێ. ئەڵلا: هەموو گیانم گوڵ ئەگرێ، هەتا چاوبڕکا هەر گوڵزارە چاو بەهەر شتێکدا هەڵبهێنم دەبێتە خەرمەنی گوڵ. هەر ووشەیەك ببیستم دەبێتە خۆشترین نوقڵانەو مزگێنی، هەناسەم بۆن بەخشی گیانی وەنەوشەو نێرگزو مێخەك، بۆنی مێخەك بەنەکەی بەرۆکی گوڵێ ئەکەم، ئای لە من و وای لەگوڵێ‌خانم و داخ لە ئاوارەیی.

فەقێ: ئاوایە ئاوری ئەوین، سوارە یەکێکە لەوانەی ئەشقەکەی زیاتر ئازای کردووە.

مەحمود: لە هەموومان پەلەتریەتی بۆ چوونەوە وڵات.

فەقێ: نیشتمان ئازیزەو خۆشەویستیش کانیاوێکی ئەولانەو هەوارەیە. کوڕینە گوێ لە حاجی قادری کۆیی بگرن:

حاجی شاعیر: ووتم بەبەختی خەواڵوو وەرە ئەتوبی خوا
لەخەو هەستە زەمانێ بچینە ئەولا
گوڕەی بەهاری‌یە ئێستیکە شاخ و داخی وڵات
پڕە لەلالەو نەسرین و نەرگسی شەهلا
لە گرمە گرمی سەحاب و لە هاژەی باران
چیایە پڕ لەهەراو ئەوایە پڕ لەسەدا
پڕە لەسەیل و گوڵاوو کانی ڕووی زەمین
پڕە لە برق و بریقەی بروسکەی جوی سەما(٨).

فەقێ: ئەمە سەرەتایەکی شیعرەکەیەتی

مەحمود: ئەوەندەی‌تر گوڕی بە ئارەزووەکەمان دا

فەقێ: سۆزی ئاوارەیی‌یە کاتێ حاجی قادری کۆیی لەئەستەمبوڵ ئاوارە دەبێ بەم شیعرە خەمی دەدایە دەم باوە. کاکە مەحمود چیت ووت؟

مەحمود: کاك و باب و کەسە وڵات. لالۆ گیان چ ڕاسپاردەیەکتان هەیە.

فەقێ: ئەگەر بهاتنایەتەوە دەمگوت مشتێ خۆڵ. تا پیکەمنە سوورمەی دی‌یە. ئەوەندەم لێتان دەوێ، جارێکی‌تر دارو بەردیان لێ‌بکەنە ئاگر، کوڕینە شەو قەڵای مێردە، شەو بەڕێ‌دا بڕۆن. ئەستێرە ڕابەرتان بێ، سەرهەڵبڕن پیان ناسنەوە، ئەمە حەوتەوانەیە. ئەوە..

«مۆسیقا»

مەحمود: تا نەفەس بێت و بچێ، نابێ ڕاوەستین، ببینە خوانی قەل و داڵ لەوە چاکترە بەخسیری کەساسی‌و ئاوارە بوون بین.

هەمووان: هەڵۆ نابێتە خوانی قەل و داڵ.

سوارە: هەر کەویستی بەرز بفڕێ.

«مۆسیقا»

«شەوە»

مەحمود: ئەو ئەستێرەیە دەبینن؟

یەکەم: بەڵێ.

مەحمود: سەیری ئاسۆ دوورەکە بکەن.

سوارە: بەری بەیانە

«سروودی براینە لەخەو هەستن»

«بینراوی خەون»

گوڵێ: سوارە گیان کەی هاتیتەوە؟

سوارە: پێم نەووتی.

گوڵێ: خەون بوو.

سوارە: وەرە با باسی بیابان و زەریات بۆ بکەم.

گوڵێ: هەر چاوم لەرێوە بوو.

سوارە: گوڵێ گیان ئاڵێن زەریاو بیابان گەورەن.

گوڵێ: ئەی وا نین؟!

سوارە: با. بەڵام هەمووی هێندەی ئەو چاوە بێئامانە نابێ.

گوڵێ: وەرە شتێکمت بۆ بگێرمەوە.

سوارە: کوایت.. گوڵێ...

«رائەپەرێ»

جەوامێر: کاکە سوارە خەوی خێر، نۆرە ئێشکتە.

سوارە: خوا بەخێری بگێرێ.

یەکێکیان: چاك خەوتین.

مەحمود: کە خەو هات بێخەوی ناوێ، ئێمە زەویمان راخستووەو ئاسمانمان بەخۆماندا داوە. ئەرێ کاکە سوارە خێرە بزە ئەتگرێ. ها کورەکەم.

سوارە: گەورەم جەوامێر لێی تێکدام.

مەحمود: حاڵی بووم، بۆیە. خوا یار بێ ئەوەندەی نەماوە پێك شادبن.

جەوامێر: خاڵۆ گیان هەر چەند بیری لێدەکەمەوە، خەریکە باڵ بگرم.

«تاریکی»

ئێشی سەختە گل ئەکا هەردوو گلێنەی چاوی کورد
دەردی بێ دەرمانە دەردی قەومی لێقەوماوی کورد (۹)

«مۆسیقاو ئاوازێکی کوردی»



یەکەم: ئەرێ لالە گیان خەڵکی ئەم ئاوایەی؟

کابرا: چیت لێم گەرەکە؟

دووەم: پێم ئاڵێی، ئایە پاشماوەی ئەو خێڵەی دوورەوە خران، کوێوە کەوتن؟

کابرا: نازانم. تۆ کێیت؟ کوێندەریت؟

سوارە: ئەڵێی چی؟

یەکەم: ئەڵێ نازانم.

جەوامێر: داگیرکەر وای لێکردوون، سڵ لەسێبەری خۆشیان بکەن.

سوارە: بۆنیان ناکەم.

«گۆرانی خاڵەی رێبوار»

مەحمود: ئادەی کورینە هەستن، رێگایەکی دوورمان لەبەرە.

ئاهەنگ ساز: هەنگاو بیابان و چۆڵەوانەکانی پێچایەوە، هەنگاو رێگاکانی هەڵدەلووشی قوورسایی گورێ هەنگاو زەمینی ماندوو کردبوو، وای لێ هات کەوتنە سەر رێگایەك دەرکیان بەشوێنەکان دەکرد. ئیتر ئەستێرەی بەیانیان دەدایە دەست

مانگی دەم کەل، شەویان بەڕۆژەوە گری دەدا، وەك ئەو باڵندانەی کاتێ بەپەرۆشەوە لەشەقەی باڵی گەرمیان و کوێستان کردن دەدەن. . شەوێکی سەرەتای بەهار بوو، ئەو دەمانە بوو بای دەشت بۆنی گژوگیای تازە سەر دەرهێناوی بۆ دەهێناین، بۆ سەیەکمان بۆ ئۆردوویەکی دوژمن نابووەوە. گەیشتنە ئاستی ئێمەو دەنگی قازو قوڵنگان دڕی بەهێمنی ئاسمان داو ئێمەش درمان بەئۆردووەکە دا

«دەنگی جەنگ»

مەحمود: ئەوە یەخسیرە مەیکوژن، چەکیان کەن، قوماندانەکەیانم بۆ بێنن.

جەوامێر: فەرمانتە

مەحمود: بۆ ئەوەی ڕاسپاردەیەکی پیا هەواڵەی بابی عالی کەم. بیریان خەمەوە تەتەرو مەغۆل و عەجەم چۆنی لەم هەوارەدا لووتیان لەبەردی ئەلحەدی داوە.

«مۆسیقا»

مەحمود: کوڕینە ڕاوەستن دەست لەسەر دڵتان نێن. ئەوە نیشانەی گەیشتنە سەر ڕێگای نیشتمانە. کوڕینە بۆنی خاك دەکەم.

هەمووان: بۆنی خاك، بۆنی سمڵ و گوڵاوە، بۆنی ڕەشەڕەیحانەی گوێسوانەی ماڵی چاوکەژاڵانە. بۆنی پونگەی گۆی چەمەکەی خوار ماڵانە.

سوارە: ئەوە گوڵەیە.

جەوامێر: چۆن؟

سوارە: ئەی چاوتان، لەو چیایانە نییە سەریان بەسەری خۆرەوە ناوەو تکای دیداری یەزدانیانە.

مەحمود: وڵاتی ئێمە پڕ لەلالەو نێرگس و بەیبونە.

سوارە: ئەوە کانیەکەی ژوور ئاواییە، چاوی قرژاڵی لەچاوا لێڵە، تێر ئاو بخۆنەوە

هەمووان: چریکەی بازان، سیرەی هەڵۆیان
قاسپە قاسپیکەو، وادەی بەیانیان
گۆرانی بێژ: بۆنی گژوگیا، هاژەی شەتاوان
خرنەی بازنی، قوڵی نازداران
شنە شنی وەرد، ڕووی مێرگوزاران
بەهەشت ئەبەختێ، بەدڵ عوزاران

سوڵتان: هاتوونەتەوە؟

وەزیر: نەك هەر هاتوونەتەوە. بەڵکو دنیایان کردوتە پشکۆیەك

سوڵتان: بەرازن.

ڕاوێژکار: قوربان با جارێکی تریش لەگەڵ عەجەمدا یەك کەوین تا ڕیشەکێشیان ئەکەین.

سوڵتان: ئێستا لە کام ناوچەن؟

وەزیر: وەك والی پێی ڕاگەیاندووین لەهەموو لایەکەوە سەریان دەرهێناوە

سوڵتان: دڕندەن. چاریان دەکەم.

«مۆسیقا»

«گۆرانی گوڵێ گوڵێ عەمرم گوڵێ، سەروەت و ماڵم گوڵێ»

یەکەم: چاوچنۆکەکان دوورکەوتنەوەکەی ئەمانی بەهەل زانیبوو.

دووەم: شێر لە بێشە نەبێ، ڕێوی ئەرز نایکێشێ.

سێیەم: بۆیە گوڵێ دلیەری سوارەی دەستەڕاستی هەڵۆیان نایە دەم گورگ

یەکەم: پەلیان بەستو ڕەوانەی کۆشکی والیان کرد.

هەمووان: بەر لەسوارە هەڵۆ پێی زانی.

سوارە: کاتێ هەڵۆ تووڕەبووایە، کەس نەیدەوێرا سەیری ناوچەوانی بکات، هەردوو چاوی دەبووە دوو دەریای ژیلەمۆ، ناوچەوانی چەخماخەی ئەدا پۆڵای لەمستا بووایە دەبووە ئاو لەنێوان پەنجەکانیەوە دەچۆڕایەوە.

مەحمود: ئاوا. ئەم کەلەیە نەچێتە ژێرگڵ کەوشی ڕێحانە پیرێژن بەسەردارو سەروەرەکانیان ماچ دەکەم. ئادەی کوڕگەل، سوارە، ئێوە ئەوبەری زێ بگرن.

سوارە : فەرمانتە.

«تاریك بوون و ڕووناك بوونەوە»

کەوتنە سۆراخ، والی لەکۆشکەکەی خۆشیا، بوو بووە سەگی چوارچاو لەگەڵ هەر ئاوزەنگی لێدانێکدا داستانێکی ئازایەتی دەهاتە بەرچاو

یەکەم: جەنگی ساڵی «١٧٨٧» کۆمەك لەبابانیەکان دژ بەوالی عوسمانلی

دووەم: جەنگی ساڵی «١٨١٩» بەهەمان شێوە کۆمەك لەئەورەحمان پاشا

سێیەم: جەنگی ساڵی «١٨٣٤» کۆمەك لە ئەحمەد پاشای بابان

چوارەم: جەنگی ساڵی «١٨٣٦» کە دوا جەنگی بەرگری بابانیەکان بوو دژ بەعوسمانلی

«دەنگی توپ»

دەنگ: مەحکەمە.

سەرۆکی دادگا: ناوت؟

شێخ سەعید: محمد سعید کوڕی شێخ مەحمود، ناسراو بە شێخ سەعیدکەپیران.

س . د: خەڵکی کوێی؟

شێخ: «پالو» بەڵام لە «خنس» دادەنیشم.

س . د: تەمەنت؟

شێخ: لە شەست بەرەو ژوورە

س . د: ئەم خائینانە ئاژاوەیان لەبەشێکی زۆری ئەم وولاتەدا بڵاوکردووەتەوە

شێخ: ئاژاوەچی‌نین و ئامانجی نەتەوایەتی خۆمان هەیەو سەروماڵی لەرێی‌دا دەبەخشین. ئێمە خائین نین.

«مۆسیقا»

س . د: بێگانە پێی کردوون

شێخ: خۆمان کردومانە.

س . د: بۆچی هەوڵتان دا شاری دیاربەکر بگرن؟

شێخ: تا زمانی درۆزن ببڕین و مەچەکی دز بشکێنین.

«مۆسیقا»

ئاهـەنـگ ساز: لە ٢٧ی جۆزەردانـی سـاڵی ١٩٢٥دا دادگـای خوێن مژیان بڕیاری خنکاندنی شێخ سەعیدو هاورێکانی‌دا. ئەو رۆژە لەزینداندا «عەرەب عیدی»ی لاوك بێژی بەناوبانگ کەئەویش فەرمـانی مردنی بەسـەردا درابـوو. عەرەب عیـدی چی سۆزی لاوکەکانیەتی، چی سەرگوزشتەی مەردایەتی بوو هەمووی لەگیانی ئەولاوکـەی ئەو رۆژەدا کۆکـردەوەو هەمـوو بەنـدە ئازادیخـوازەکانی جیهان لەدەوری قاڵ وبەڵاوەتا ئەو دەم پێ بوژانەوەو دەرگاو دیوارو زنجیری کۆت و پێوەندی توانەوە.

«لاوك»

بەرە لێ لاوۆ لێ لاوۆ لێ لاوۆ لێ لاوۆ لێ لاوۆ

سوارە مەزنی بەمن مەزنی

سەرت لە پۆڵا چنگ لە ئاسنی

ئەو جەنگـە وێنـەی ئازایـەتی‌و بەرگریەکەی پاڵەوانانی قەڵای دم دم بوو کە لەرۆژئاوا شا عەبـاسـی رەووشـت سووکـدا رووی‌دا، ئەوانـەی مەرگی سەربـەرزیـان هەڵبـژاردوو پشتیـان لەسەر شۆری کرد.

گوڵێ: «لـەنـاو چەپکی روونـاکیـدا دەرزەکـەوێ» لەکوێن، وا هەواڵەی ئەستانم دەکەن. لەکوێن دلاوەرەکانم، سوارە لەکوێی؟

«مۆسیقای فۆلکلۆری»

بەیت بێژ: هەبوو نەبوو، بۆزوو مرد کفنی نەبوو

هەڵیان گرت، رێگا نەبوو

دایانئەنا جێگا نەبوو

دەیانئا بە بن میچەوە

دائی ئەچوو بەرپچەوە

ئەیانئا بە تاقەوە

چاوی ئەچوو بە زاقەوە

گا سوور پاڵەوان بوو

مێ سوور مەلەوان بوو

حەمە سوور ئاشەوان بوو

قالە سوور باخەوان بوو

تالە سوور دەرگاوان بوو

بەڵێ گوێگرانی خۆشەویست سوارە ووتی یارەکەم ئاینمە.

ئاهـەنـگ ساز: جا ساڵی ١٨٦٧ی زاینی‌بوو، لەشکرەکەی ئامیق پاشا شکست بوو.

هۆ رێوی رێوی. . هۆو

رێوی بێ‌ئیمان. . هۆو

شەریکی شەیتان. . هۆو

عەلەکە سمۆرە. . هۆو

لەدەشتی چۆڵە. . هۆو

ئاهـەنـگ ساز: بەتـورك و فارس کەوتنە دژایـەتیـەکی دڕندانەیان، بەئـازایـەتی هەردووکیـانیان کردە کونەوە. دواجار پەنایان بۆ فێڵ و کەڵەکەبازی برد. ئەوە بوو عەجەمەکان ساڵی ١٨٨٥ لەلایەن محمد حسین خان حسام المملکەوە جەوامێر کوژرا.

«دەف ژەندن و کوتەڵە»

گۆرانی بێژ: دایك بەقوربان قووڵی زینەکەت

چەکمەی مووصلی پڕ لەخوێنەکەت
دایك بەقوربان ڕۆژی بێکەست
ئەرەقەی هەڵئەساو دەماتچەی دەستت
دایك بەقوربان هەی لاو هەی‌لاوت
سوار فرێدانی دەشتی زەهاوت

«زەنگ»

سوارە: لەتاتی نیوەڕۆدا دەگەنە ئیرە، چەند نەفەری ژەندرمەیان لەگەڵدا ناردووە بەخەیاڵی خۆیان ئەم شوێنە دووره دەستمانە.
گوڵێ لەگەرووی ئەهەنگ و شێریشدا بێ دەیسەنمەوە.

جەوامێر: سوارە گیان ئەم پێشە چرە زۆر چاکە. هەر کە گەیشتنە ئاستی ئەو قامیشەڵانەی ئەوبەرەوە، بانگیان لێ‌دەکەین و لێیان دەرئەپەڕینە پەنا ئەو تاوێرانەی لاڕێگا.

سوارە: بەر لەهاتنیان یەك دوانێ بچنە پشت ئەویاڵە. تاڕێگای هەڵهاتنیان نەمێنێ. ئەوەنەی ئەماوە فیشەك بەرنەبەر.

مەحمود: کوڕینە دەمێ ساڵە چاویان لەم وولاتە بڕیوە،

«کوڕی لەدەور دەبەستن»

ئاهەنگ ساز: سەرەتا بەرۆژهەلات ئاسان دەستی پێ‌کردو کۆتاییەکەش بەمەرگێنی دەران. . بەریتانیا هەڵپەی ئەم وولاتەی بوو. جەنگی تێك ئالای جیهانی بەرپا بوو لەرۆژی پێنجی مانگی سەرما وزی ساڵی ١٩١٤ دەستی بەداگیرکردنی بەسرە کرد.

«دەنگی هەراو هوریا»

هەڵۆ: لە «شعیبە» بەرەنگاریان بووین، نیازی گرتنی شاری «کوت» یان بوو، بەلام بەشکاوی کشانەوە. لەیادتانە؟

یەکەم: ئەو رۆژە بوو کەسوارەو هاوەڵەکانی گەیشتن.

هەڵۆ: ئافەرین.

دووەم: سوارە ئامبازی سەری ئەو شەستیر بەدەستە بوو کەئەوەندەی نەمابوو بکەوێتە کارو دەست بوەشێنێ.

چوارەم: دەك ئافەرین سوارە، هێشتا خوێنی شەستیر بەدەستەکە لەخەنجەرەکەی دەچۆڕا، زۆر بەهێمنیەوە باسی داستانی سەندنەوەی گوڵێ‌ی دەکرد.

بەیت بێژ: گەلی برادەران. لەناو دەستەی عاشقان، جەربەزەی وەکو سوارە نییەو نابێ. هەر کەبینی تارماییان دەرکەوت، بەرچەقی ڕێگا کەوت، کاتێ دییان زەنەقیان چوو، لەگەڵ یەکەم دەست ڕێژا بوو ژەندرمەکان پەکیان کەوت، بێ‌پەل وپۆ بوون، یەکێ لەوان ویستی ڕاکا گوڵێ گرتی، نەی‌هێشت دەرچێ‌و گیانی دەرکا، تا گەیشتنە سەری دیان: زۆر حەپەسان، گوڵێ قورتومی دەرهێناو دایە دەستیان

سوارە: بووی گوڵێ؟!

گوڵێ: ئەی گوڵێ دەستگیرانی تۆ نی‌یە؟

سوارە: دەك بەخوای باڵات بم گوڵێ، ئادەی بابڕۆین.

جەوامێر: خێراکە با مژدە بەهەڵۆ بدەین.

«گۆرانی»

بەتفەنگی برنەو سەنگەر چوڵەکەم
ئەم شەڕە لەسەر نەرم و نۆڵ ئەکەم

ئاهەنگ ساز: ساڵی «١٩٢٠»ە ئەمسەرو ئەوسەری وولات بوو بەشالاوێکی ئاگری قین و تۆڵە، ڕۆژ ڕۆژی بەستنی فیشەك لغی ڕاست و چەپی سەرسنگ بوو هەڵۆ سوێندی خواردووە ئامەرگ بەعەردی‌دا نەدا دەست هەڵنەگرێ. چاوەکانی چریسکە چریسکیان بوو، بەتەماشایەك وولاتێکی دەبینی‌و مێروولەیەکی لێ‌وون نەدەبوو. سەیرێکی چاوانت بکردایە، دنیات لێوە دەدی.

کاپتن: بابێت بزانین چیان دەوێ. داوا لە لەندەن دەکەم بریاری لێخۆشبونتان بۆ دەرکات.

هەڵۆ: ها بەوە فەنی؟

کاپتن: بۆ ئالێ‌ی حاکم؟

هەڵۆ: خوا حاکمە.

کاپتن: ئێمە بەزەیمان بەئێوەدا هاتۆتەوە، ئێمە ڕزگارکەری گەلانین.

هەڵۆ: بەزەیی! هێشتا وا کەساس نەبووین تا پێویستمان بەبەزەیی ئێوە بێ. جگە لەوەی ئێوە چی ئێمەن؟ خاڵوان، ماموان، ها. . هاونیشتمان، هاوئاین، هاوبیر. . حەز ئەکەم ئەوە چاك بزانێ ئێمە چاومان بەئاگری تفەنگ کردۆتەوەو بەباروت گۆشکراوین، بەلام ها ئەمانەی پێت دەڵێم بەزیادەوە هەواڵەی لەندەنی بکە.

کاپتن: دەڵێم فەرمانی لێخۆشبونتان بۆ وەر دەگرین، ئەگەر کز دانیشن و دەست بەکڵاوەکانتانەوە بگرن.

هەڵۆ: لەوە ئەچێ درەنگ تێ‌بگەیت، هەرچەندە زۆر شەیتانی.

کاپتن: دەتەوێ دوژمنایەتی بەریتانیای گەورە بکەیت. دیارە

لەخۆت ڕائەبینی

هەڵۆ: لەم ڕووە زەوی بۆ ئێمەیەو ئاسمانیش بۆ ئێوە. کاپتن وا ئەچم لیادێ لە نەوت هەڵدەکێشم و گڕی تێ بەردەدەم و بە پاشوی ئەسپەکەمیەوە دەکەم و زەنەقی دۆزەخ دەبەم، ئادەی کوڕگەل ئاوزەنگی لێدەن.

«مۆسیقا»

شاعیر: ئەو ئاگرەی لەدڵمەوە بەر دەبێتە کفنەکەم
تا دوژمن نەکا بە خەڵوز، شەرتە پف نەکەم (١٠)

هەڵۆ: لێرەدا پشوویەك دەدەین، تۆیشەبەرەکانتان بکەنەوە.

سوارە: فەرموون. «کولێرە دەردێنێ»

هەڵۆ: ئەرێ جەوامێر دیار نەبوو.

سوارە: لەوە ئەچێ شتێکی نابێتەوە. ئەو بەتیرێ دوو نیشان دەپێکێ جەنگ دەکات و چێژی ڕاوشکاریشی لێدەبینێ.

هەڵۆ: ئەرێ سوارە زۆر بەچێژەوە کولێرەکە ئەخۆی. پرسیارێ: ئەرێ بەدەست. گوڵی کراوە؟

سوارە: ئەوە خاڵە گیان چۆنت زانی. ئەی ئاگای لێبوو لەسەر دڵم دانابوو.

هەڵۆ: خوا یارێ ئەوەندەتان نەماوە. کوڕینە گوێ لەخاڵۆی خۆتان بگرن. دەمەوێ قسەیەکتان بۆ بکەم. کوڕینە هەمیشە بەگرنگی کێشەکان وەربگرن چاوێ بکەن بەسەد چاو، چەندە دوژمن لاوازێ هەر بەئاسان وەریمەگرن. نەکەن لەخۆبایی بن. هەر هەنگاوێك هەڵیدەهێنەوە هەزار حساب بۆهەنگاوی دەربازبوون بکەن. متمانە بەگشت کەسێك مەکەن. قسەی دڵتان بخەنە قوڵفی گڕێ کوێرەیەکەوە بەخۆتان نەبێ بەکەس نەکرێتەوە. لەجەنگا کوشتنی سەری گەورە مەبەستان بێ، چونکە شێوانی ڕیزەکانی دوژمنی پێوەیە. ئازا ئەوەیە زیاتر بەرگە بگرێ، جەنگاوەر خوێنی شادەماری بەردەوامیە، هەر کاتێکیش کەوتنە نێوان چنگی دوژمنەوە، ئەوە وادەی تەقینەوەی یەکجاریە بۆ جێهێشتنی دوو ڕێیان ڕووکردنە ڕاستەڕێی بێگومانیو بێدوودڵی. هۆ کوڕگەل: ئەمەوێ سبەینێ کوڕی ئازا بینم، یان شەدەی پشودان دەکەینەوە، یان لەئاستی ناوچەواندا گوڵ ڕەنگی دەکەین، چاك لەچاك و دەست و بازووتان وردبنەوە، ئێستاش وادەی پشوو وچاندانێکە، ئەگەر کەمێ سەرگوزشتەیەکی خۆش ڕووداوێکی لەیادە با بۆمانی بگێڕێتەوە. ئەگەر نیشە ئەوا من بەسەرهاتەکەی نالە پێتان بۆ بەیاد دەکەمەوە. نالەپێیان دنیای لەئۆردووەکانی عوسمانلی کردبووە چەرمە چۆلەکە، هەر ڕۆژەو جەهەنەمێکی بۆ دادەخستن، بەتایبەتی ئەو جارەیان کەقات و قڕی تێخستن:

قوماندان: ها نالە، تۆ ئەو نالەیەی کە بەناوهێنانت منالیان خەوڵێ ئەخست. ئێستا چۆنی؟ ئەوا بڕیاری کوشتنت بەسەردا دراوە.

نالە: جا چیبووە! تۆ بۆ خۆت شپرزە کردووە؟

قوماندان: ئەی ئازانی ئاوێکیتر ملت بەپەتدا دەکەم.

نالە: هەر ئەوەندە؟

قوماندان: جا چی دەمێنێ؟

نالە: پاشان

قوماندان: هیچ داوایەکت نیە

نالە: با.

قوماندان: چیە؟

نالە: یەکەمین پەتەکە ئاڵ بێت، دووەمین خۆم لەملیکەم.

قوماندان: بۆ؟

نالە: تا وا بزانم ملم لەقوڵی خەجی چاوبەلەکی خانوماندایە.

قوماندان: گاڵتەت پێدێ، ئەمە یاسای سوڵتانە.

نالە: دڵتەریەکەی منیش یاسای خوایە. منیش لەسوڵتان گەورەترم. چونکە لەسەر یاسای خوا شێوەی کۆتایم هەڵبژاردوە.

قوماندان: ئێ؟

نالە: تۆش زۆرکەری. ئادەی خێراکە ئەوپەتەم بەنە دەست تا ئارەزووەکەم بەسەرنەچووە، ئای کە ئارەزوویەکی خۆشە، ئەڵڵا. «پەتەکە لەمل دەکات»

شاعیر: ئەو ئاگرەی لەدڵمەوە بەردەبێتە کفنەکەم
تا د وژمن نەکا بەخەڵوز، شەرتە پف نەکەم

هەمووان: گوڕەی بەهارە، خێڵ بەرەو ژوورە
ئاسمان ساماڵە، یاڵ زەردو سوورە
زایەڵەی زەنگە، خەندەو قاقایە
ڕۆژی بەوبەختە، بێتەوە مایە.

ئاهەنگ ساز: کاتێ ئیمپریالیزم دەست لەبینی نەتەوەیەك دەنێ،

گەرا دەخات وەك شێرپەنجە تەشەنە دەکات، بەر لەگشت شتێ دڵەڕاوکێو گومان لەگیان دەروون کرمێیاندا دەروێنێ.

«مۆسیقا»

سوارە: جەوامێر بەمەردی ژیاو بەمەردی سەری نایەوە.

شاعیر: بەسەر کێوی ئەراراتدا بەلاوك پیرەمێرد سەرکەوت ئەڵێ شوێنم کەون کورگەل شەوی سەرکەوتنە ئەمشەو

هەڵۆ: ئەو تورەکەی پاشوپەلاخە هەڵڕێژن.

کریم بەگ: کەلەی کێیە؟

سوارە: دەك دەست خۆش.

کریم بەگ: کاپتن «بۆن»ە

هەڵـــۆ: کریم بەگ بەر لەگشت شتێ دەبێ ئەو پەیکوڵـە هەڵکێشین کەلە پامان چەقیوە، ئەوسا دەکەوینە ڕێ، ئەمانەی ناوخۆ وەك کرمی دارەخۆرە. زوو فریای نەکەوی شەخسەداری کرمۆڵ دەکات.

کریم بەگ: فەرموودەی تۆیە. بریندارەکانمان چاك بوونەتەوە. وا بزانم ئیتر وادەیەتی.

هەڵۆ: سەینێ چێشتەنگاو لەمۆرتکە دەبینین.

کریم بەگ: کاپتن بۆن؟

هەڵۆ: دەیکوژین.

«سرودی سەماو مۆسیقا»

هەڵۆ: گشت ڕێگایەکیان لێدەهێنینەوە یەك.

ئاهـەنـگ ساز: هەر هەناسەیەکی هەڵۆ، بورکانێ بوو لەنارنجۆك، چەندەیان کردو چەندەیان کوشی، نەیانتوانی گەردێ لەهەڵگوردی ورەی کەم کەنەوە نەیانتوانی چریسکەیەك لەبینایی بدزن.

بەیـت بێـژ: گەلێ برادەران. ئێـوە سەربـەرزو کامـەران. کێ خوازبێنیـەکەی بەفرو هەڵـەکوکی نەبیستووە، ئەوا لالـۆی بەیت بێژتان دەست پێدەکات.

بەفر بەهەڵـەکوکی ووت: هەڵەکوکە پرچنە چیتە لەماڵ و ژنە، چۆرام کەوتـە بنـە، کاتێ بەفـر خوازبێنی دەکـرد ئەو لەکیەی ئەمانـدا سربـوو. نەدەگـونجان. بەفر ڕقی لەبەهارو ژیانەوەش دەبـوو، بۆیـە خواستی سربنەوەی وەرزی بەهـاری بوو، نەك ئەوەنـدە بەڵکـو تێکـدانی یاسا سروشت و ژیـان هەر لەپـای ئارەزوویەکی تایبەتیدا.

ئاهـەنـگ ساز: لەو دەمـانـەدا لەگـەلێ شوێنی عێـراقـدا، گەلێـك لەفـەرمـانـدەکـانی ئینگلیـز کوژران. وەك: کولـونیـل ئیل حاکمی سیاسی موسل .. کاپتن ووکر. پیرسون، بارسن، لە زاخۆ کاپتن ویلی، کاپتن ماك دونـالـد لەئامێـدی. کاپتن سکـوت لە ئاکـرێ کاپتن لویس، مێجەرد سنبر، لیفتنت روسێ لەمزوری، کولونیل لیجمنی لەفەلوجە لەلایەن شێخ ضاریەوە کوژرا. کاپتن لوید لەبـەعقـوبـە. کاپتن ریگلی، کاپتن برادفیـل، نیـوتن، لەمقدادیە کوژران. کاپتن پوکـانـان، جون بینر، کاپتن سالمـون لەکفـری لەشـۆڕشی ئیبـراهیم خانی دەلـۆدا کوژرا. کاپتن مان، مێجـەر توربری، لەکوفە کوژران، کاپتن پیرسن بەدەستی گۆیانەکان کوژرا

یەکەم: دەست خۆش، دروێنەی چاك.

ئاهەنگ ساز: دادپرسینەوەی شێخ مەحمودی حەفیدە، حاکمەکانی ئەم داد گـایـە گشتیـان ئینگلیـزن، شێخ مەحمـود بەم تاوانانەی خوارەوە گوناهبار کراوە: یەکەم

یەکـەم: یەکـەم: چەك هەڵگـرتن دژی بەریتـانیـای گەورەو ڕژاندنی خوێنێکی زۆرو بوونە مایەی زیانێکی گەورە.

دووەم: دووەم: داگرتنی بەیداخی بەریتانیای گەورەو دڕاندنی.

شێخ مەحـمـود: من لەگـەڵ ئێـوە لەجـەنگـدا بووم، منتـان بەدیـل گرت و لەبـەنـدیخانەی ئێوەدام کەدوژمنی من و کوردن. لەبەرئەوە بێگـومـان دوژمـن بۆ دوژمـن بڕیـاری چاك نادات. منیش بەو حوکمەی ئێوە ڕازی نیم و بەڕەوای نابینم.

یەکەم: بەڵێ بەفەرمانی ئەم عیزەت ئاڵای بەریتانیای داگرت و دڕاندی.

شێخ مەحمود: بەڵێ من فرمانم بەداگرتنی ئاڵای بەریتانیادا.

دادوەر: بڕیار: لەبەر دوژمنایەتی بەریتانیای گەورە کوشتن و ئاژاوە ناتـەوەو داگـرتنی ئاڵای بەریتـانیـای گەورە، دادگـا بڕیـاری خنکاندنی دا.

ئاهـەنـگ ساز: شێخ دوای بیستنی ئەم بڕیـارەی دادگـا نەپەشۆکا. نەورەی بەردا، بەڵکو بەوێنـەی ئازاتـرین دلاوەر هەڵمەتی برد، هیچی بەدەستەوە نەبوو تەنها مشکیو جامانەکەی نەبێ. ئەویشی گرتەسەرسنگی «گرینهاوس»

«مۆسیقا»

هەڵۆ: ئێمە خۆمان سەردارو سەروەری خۆمان هەڵدەبژێرین، ئێمە شێخ بەسالارمان دەکەین. بەریتانیا بە چ هەقێك ئەو مافی دەست نیشان کردنە بەخۆی دەدات. ئێمە پەنجە بەچاوی باوکی بەریتانیادا دەکەین. با ئەمجارەش خۆیان تاقیبکەنەوە. ئەمە ئەرزو ئەمە گەز، ئەمە ناوچەوان و کەلـەی ئێمە ئەوەش هەموو هێزی بەریتانیا.

سوارە: گوڵێ کچێ گوڵێ خان و مانەکەم. ئەم ئێوارەیە «پەنجەی دەگرێ»

گوڵێ: تۆزێ هێواش، لولەی تفەنگ نییە، پەنجەی منە.

سوارە: ئێ گوڵێ گیان بۆت باس نەکردم.

گوڵێ: سوارە باسی بەندیخانەت بۆ بکەم؟

سوارە: ئادەی گوڵێ گیانەکەم.

گوڵێ: ڕۆژێکیان وەردیانەکە کردی بەهەرا.

وەردیان: ئەوا ڕێگادراون نامە بنووسن.

گوڵێ: پاشان کەوتە سەرنجدانی بەندەکان، کابرایەکی بەستەزمان، وەك درەختی دەم کورە خەڵووز داپاچرا بوو، بەوی وت،

وەردیان: تۆ. زۆرچاکە تۆ نامە بنووسە. بەڵام ئەگەر بزانی بۆ کێی ئەنووسی ئەوا یەکەم کەس ڕێگات دەدەم.

گوڵێ: ئەو بەستەزمانە نەك ناوی خوا ناوی خۆیشی لەبیر برابووەوە.

سوارە: ئەی تۆ؟

گوڵێ: چیم بنووسیایە؟

سوارە: پێویست بەنامە ناکات ئێستا گشت نامەکانی خوا لەیەك تەماشای چاوەکانتا دەخوێنمەوە.

گۆرانی بێژ: «گۆرانی»

شێتان شێت دەبن دەچنە میری سوور
خۆ من شێتی تۆم بەخواو بەرەسووڵ

سوارە: گوڵێ گیـان ئەزانی هەر کاتێ سەیـری ئاسمـانم ئەکـرد، لەخواوە بێخود دەبووم و بەدەنگی تۆ بەئاگا دەهاتمەوە.

«مۆسیقا ـ فلاش باك»

گوڵێ: سوارە، ئەوا چاوم لێتە، چاوەکانم زۆر تیژ بوون، ئەو دیوی گشت دیوارەکـان دەبینم، دەبینم چەنـدە ئەم دونیـایە گەورەو فراوانە چەندە ڕۆشنە، چەندە خۆر بەتین و مەزنە. دەریاکان چەندە زۆرن چیاکان چەندە بڵندن.. سوارە سەیرم کە. ئەها چەند کەڵەگەت بووم، بنمیچی بەندیخانەکەم بەجێهێشتووە، وا دەست لەگومـەزی ئاسمـان دەدەم. سوارە با کڵۆبەفرێکی سەرچیای قەندیلت بدەمە دەست یان چەپکە هەڵاڵەیەکی ئەو زۆزانە، سەیرمکە وا پرچم بەسەر ئەراراتا شۆڕکردووەتەوە.. بۆنی خێڵە کۆچەریەکان دەکەم.

«مۆسیقاو سەما»

بەیت بێژ: گەلی برادەران. دۆستان، ئازیزان، چاوبەڵەکان، ئەبرۆ کەوانـان، کەزیـە لوولان، کەڵـەگەتان، گەردن کێلان، شیرین زوبـانـان، بەمـاریفەتان، لەداستانی هەڵۆکەمان گەیشتینە ئاستی ئەم ساتەمان..

سوارە: گوڵێ مژدە بێ، هەڵۆ پێی وتم. ووتی وادەیەتی.

گوڵێ: کەی؟

سوارە: ئەم بەیـانیـە لەگـەڵ شەبەقیدا خۆی هاویشتە سەرپشتی ئەسپەکەیو سووری ڕوومەتی بوو.. بەڵێ گەورەم.

هەڵۆ: سوارە سەیرێکی ئەم چیا سەرکەشانە بکە، دەبێ ئەوە چاك بزانن، کەئەوانەی مەشقی چوونە سەرچیا دەکەن، بەر لەکاڵبەی ئاسن لەپێکـردن، بەر لەپێتـاو هەڵکێشـان، دڵنیـایی پۆڵایین لەبیریـانـدا دەچەسپێنن. کووڕیو سەختەن و ڕەوەزو پێچەی پشت شکێن و، لێـژی فێـری چێژ وەرگـرتنی ساتی گەیشتنی شوێنی مەبـەستیـان پێدەکـات. ئارەزوویەکی ئەوەندە بەرزیان پێدەبەخشێ کە لەتەنگ و تاری گۆڕیشدا دانامرکێنەوە. ئەگەر مرۆڤ بیـەوێ لەخـەزانی ئەمـانیشـدا چاو بەئـاڵترین گوڵی ئەوبەهاری گەشبینی هەڵدەهێنێ، سوارە وەرە سەیری چاوانت بکـەم، ئافـەرین عەشق ئەبێ وابێ، ئەوە چاوەکـانی گوڵێیـە لەچاوانتا ڕواوە. ئیتر شایستـەی ئامانـەتێکی پیرۆزی، وەرە پێشەوە هانێ سنگم

«سروودەکە دەست پێدەکاتەوەو سڵاوی کۆتایی دەکرێت»

پەراوێزەکان:

١ ـ پیرەمێرد
٢ ـ بەیتی شەریف هەمەوەند
٣ ـ پیرەمێرد
٤ ـ پیرەمێرد
٥ ـ مەحوی
٦ ـ حەمدی صاحیبقەران
٧ ـ گۆران
٨ ـ حاجی قادری کۆیی
٩ ـ سەلام
١٠ ـ پیرەمێرد

شانۆ

# قەتارە

ئۆپەرێت بۆ منداڵان

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

● حسیب قەرەداخی ●

جێگا:

لەسەر شانۆ ماڵێکی هەژارانەیەو پیرەژنێکی نوورانی دانیشتووەو خەریکی چنینە. سەماوەرێک دانراوەو قۆرێیەکی لەسەرەو تفاقی چاڵێنان دانراوە، کچێکی چوانکیلانە.. ناوی قەتارەیە - سینییەکی بەسەر دەستەوەیە قاپێکی لەسەرە، ڕوو ئەکاتە ماڵی داپیرەو لە دەرگا ئەدات:



داپیره: کێیه له دەرگا ئەدا؟
قەتارە: داپیرە گیان قەتارەم کچەکەی مامه یارەم.
داپیرە: ئەوا هاتم قەتە گیان
بەخێربێی بانی چاوان.
«داپیرە دەرگا ئەکاتەوەو قەتارە دەچێتە ژوورەوەو سینی‌یەکە دائەنێ»
داپیرە: قەتارەخان چیت هانیوە؟
قەتارە: داپیرە نەت زانیوە؟،
چێشتم بۆ تۆ هێناوە «سەری قاپەکە هەڵ ئەداتەوە»:
وەی.. تۆزێکی رژاوە!
داپیرە: ئۆی بەخێربێی ئەشمیلە ئێسك سووکەی خنجیلە
بۆ داپیرەت بمێنێ
چێشتی خۆشی بۆ بێنێ
دانیشە کۆرپەی دایە «رووی تێ ئەکات»:
ئادەی چیت لەبەردایە؟
قەتارە: جلی کوردی‌ی شەنگ و شۆخ
مۆری جەرگی‌و سووری تۆخ!
داپیرە: «دەستێك ئەهێنێ بە شان و ملی قەتارەدا»:
ماشەڵلا چەندێ جوانی
تۆ خۆت گوڵی باخانی
قەتارە: «دەست بۆ سینی‌یەکە ئەبات و:
فەرموو نانەکەت بخۆ
داپیرە: «دەست بە خواردن ئەکات:
کیژم دانیشە مەرۆ
ئەم شەو بۆ تۆ، راز ئەکەم
باسی دوو دڵخواز ئەکەم
«داپیرە هەندێك بە خواردنەوە خەریك ئەبێت دوایی بە زیادبوون ئەکاو، سینی‌یەکە ئەخاتە لاوەو فوویەك ئەکات بە سەماوەرە کەداو:
دووای خواردن چا زۆر خۆشە
چای چاك دەرمانی هۆشە
«دائەنیشێت و» هەبوو نەبوو.. قەتارە
ئەی گوڵووکە بەهارە،..
لەسـەر شانـۆ لە لایـەکی ترەوە دیکۆر سەر چاوەو دارو درەختەو کچێکی «لادێی رەنگ» دانیشتووەو بە

گۆرانی‌یەوە:
پاربوو ئا لەم سەراوە
دەنگت چریکەی ئەهات
دنیا دەنگی ئەداوە «بەدەست هێما دەکات».
کوڵێ رێواسم پێ‌بوو
کۆشم پڕ لە چنوور بوو
پرچم، با، شانەی ئەکرد
رووومەتم پاك و سوور بوو
کە من گەیشتم لات
گۆرانی‌یەکەت بریوە
ئارەقی ماندووبوونت
بە فەقیانە سریوە
تۆزێ چوویتە ئەولاوە
رووی خۆت لە من شاردەوە
قسەت لەگەڵ نەکردم
تا تێر ئاوم خواردەوە
«لـە کاتی ئەم گۆرانی‌یـەدا کورێـك.. جلی کوردی لەبـەردایـەو لەسـەر ئاوەکـەیـە بە کردە لەگـەڵ گۆرانی‌یەکـەدا ئەجوولێت و هێما ئەکـات. ئەم کورە رێبـوارەو بۆ کارێکی مەزن ئەچێت کە خەڵکی ئاوایی پێیان سپاردووە»
کور: ماندوو نەبیت کچی جوان
ئەوە لە کوێوە هاتی؟
کچ: کچی شوانی ئەم دێیەم «هێما ئەکات بۆ دێیەك لە دیکۆردا لە دوورەوە دەر ئەکەوێت»
کور: ئەی ئافەرین بەزاتی
کچ: ئەی تۆ بەرەو کوێ ئەچیت
ئامادەو گورج و گۆڵی،
خۆت لێ هەڵکردووەو
جەربەزەو توندو تۆڵێ؟!
کور: لەم لایەوە هاتووم،
ئەچم تا ئەو چیایە
هەواری خەونی خۆشەو
پەری بارانی تیایە

سالمان زۆر ئاسەوابە
کێڵگە تینوو بێ ئاوە
گوڵاڵە سووری بەد بەخت
ڕەنگی لە ڕوو براوە
نامەی ئاواییم پێیە
بۆ پەری خانی باران
بە باڵی هەوریشا بێ
بێت بباریت وەك جاران
«ئەمجا دەست ئەبات بۆ کەمەری و توێشەبەرەکەی ئەکاتەوە لە پێش دەم کچەکەو خوێدارای ئەخات، نان و گوێزی پێیە:
فەرموو پاروویەك بخۆ
فەرموو شەرمی پێ ناوێ
بەخوا، کەعبەکە چ ناکات
دوو قسەو نان و ئاوێ
کچ: توێشەبەرەت کردەوە
نان و گوێزت داناوە
بۆ پێشوازی ڕەنگ و ڕووت
ناخی دڵم کراوە
کوڕ: دڵت بۆ من کردەوە
ببمە دڵداری جوانیت؟
ببم بە شیعرو بەستە
بۆ ئاوازو گۆرانیت؟
کچ: لەم سەراوو کانی‌یە
کەی بێیتەوە چاوڕێم
لەگەڵ پەریی باراندا
منیش بۆ لای ئێوە دێم.
«داپیرەو قەتارە دەردەکەونەوە...»
قەتارە: ئێ داپیرە
داپیرە: کچی خۆم..
با هەڵسم دەستم بشۆم
«هەڵ ئەستێ دەستی ئەشواو وشکی ئەکاتەوە دێتە لای سەماوەرەکەوە دوو چا بۆ خۆی‌و قەتارە تێ‌ئەکات و دێتەوە سەر ڕازەکەی
کوڕەی جەربەزەو ئازا
ڕووی کردە لووتکەی چیا
ئاگرێکی کردەوەو
ماوەیەك لەوێ ژیا.
قەتارە: دووایی، دووایی داپیرە
**کوڕە لەوێ چی لێهات؟!**
**ئابا بارانی هانی**
**بۆ کێڵگەو باخەکانی؟!..**
داپیرە: **بەڵێ بەڵێ قەتارە**
**هەورێك ئاسمانی تەنی**
**خۆی‌دا لە گەردنی شاخ**
**بەخوڕ پەڵەی داباران**
**بۆ ناو مەزراو بۆ ناو باخ.**
قەتارە: **ئەی کوڕەکە چی لێهات؟ «بە ورکەوە»**
داپیرە: تۆ منداڵی نازانی
ئەو چوون بارانی مانی!.
«دیمەن دێتەوە سەر کچەکەی کە لەسەر کانی‌یەکە دانیشتووە...»
کچ: «بە گۆرانی‌یەوە»: پاربوو ئا لەم سەراوە
سۆزت چریکەی ئەهات
شاخیش دەنگی ئەداوە
پەریت لە دەستی درنج
بەرداو کەوتە دیارێ
سواری باڵی هەورت کرد
وتت ئیتر بباری
تۆیش بە ڕێچکەی باراندا
خۆشی خۆشی هاتیەوە
دنیات لە کۆڵی خۆت نا
بە ڕۆژو بە سائیەوە
درنجی داخ لە دڵیش
ڕێگەی هەموو لێ بڕیت
هەرچی نەخشەی ڕێگە بوو
هەموویانی لێ دڕیت
منیش هەر چاوەڕێتم
ئاخۆ بڵێی بێیتەوە؟!
لەم سەهەن و سەراوە
کەمێ بحەسێیتەوە!



دەستم لە گەردنت کەم

بەرەو ئاوایی بڕۆین

وەکوو گوڵاڵە سوورە

خۆمان بە ئاونگ بشۆین.

«دیمەن دێتەوە سەر داپیرەو قەتارە، داپیرە ڕاوەستاوەو دەست بە دەستدا ئەدا:»

کوڕە نەهاتەوانێ...

کوڕە بوو بە قوربانیی

«ڕوو ئەکاتە قەتارە»: کچم خۆڕایی نی‌یە..

نان و ئازادی هانێ.

لەم کاتەدا قەتارە بەسەرسامی‌یەو دەنوارێتە داپیرە.

# چەپکێ گوڵ

کارەکتەرەکان:
- ئەکتەر
- ڕیکۆردەر
- «٤» بینەر.

نووسینی: طلعت سامان



«مێزێك، چەند گۆڤارو کتێب و ڕۆژنامەی لەسەردایە.. تەلیفۆنێك.. کورسی‌یەك.. تەلیفۆن لێدەدا.. ئەکتەر دێت.. پیاوێکی تەمەن «چل ساڵەیە.. سپۆرت، چ لە شێواز، چ لە ڕەفتار.. بوتڵێك «وێسکی لە دەستدایە.. تەختێکی لە پەرداخێك دەکاو نۆشی «دەکات.. ئینجا تەلیفۆنەکە هەڵدەگرێ..»

ئەکتەر: ئەلۆ.. بەڵێ.. «دیارە دەنگەکە ئافرەتانەیە» بەڵێ هەوم - خۆمم.. توخوا.. زۆر سوپاس.. ئەی چۆن، چۆن لە یادت دەکەم! نا، نا بڕوا بکەن.. تۆ وەك ئەوانی دی نیت.. بە شەرەفم، لە ئەورووپاش.. ئەورو.. پا.. لە وێشدا، لە نێو ئەو هەموو کیژۆڵە ناسکانەدا.. هەر هەر لەیادم نەکردی.. ئەها بەو.. بەو شەرەفە.. بەڵێ، بە چاوت قەسەم.. دوێنێ گەڕامەوە.. ئاهەه.. بزانە، بزانە لە بەغداوە تا پاریس نەوەستام.. بەڵێ؛ بە فڕۆکە، ئەی خۆ بە سواری‌کەر نا.. بەڵێ یەکسەر.. وەاللە.. ئەمجارە باشم بۆ نەلوا.. هەر توانیم دە وڵات بگەڕێم.. دوو مانگ.. بەڵێ.. چی بکەین، ئەگەر زوو نەگەڕابامەوە، کارگەکان دەوەستان و ئیشی خەڵك دوا دەکەوت.. ئا خۆشت دەزانی من بۆ ئەو خەڵکە.. «دەیداتە قاقا» ئەی چۆن! چۆن بێ ڤیدیۆ دەگەڕێمەوە! «پێکەنینێکی نێرانە» نوێ ترین مۆدێل.. سێ سیستەم... نا دوو نا.. سێ سیستەم بەڵێ تازە مۆدێلە.. پارەکەی؟ بەلاش.. وادانێ بە خۆڕاییم چنگ کەوت، بە کامێرەو فلیم و کەلوپەلەکانی.. نزیکەی یەك و نیو.. نەمگوت.. بەڵێ، بە لاشە.. لە تۆڵکەی هەرزانترە.. بیست فلیم.. لەوانەی پیرەمێردانیش دەخەنە، دەخەنە سەما.. گۆڤار؟ هەر لێی گەڕێ.. لەهەر باغچەی گوڵێك، لەهەر گیانلەبەرێ جووتێ ئا،گشتی بە شێوەی چیرۆکن.. ئا، هێنام... دەزانم.. مەبەستت ڕۆمیو جولێتە.. بەڵێ گیانەکەم.. سێکس جەرگم سێکس.. بەڵێ ئەمریکیش.. نالێم! ئێستا بە کورتی، وەکو گوتم، لە هەر باغچەی گوڵێك و بە شێوەی چیرۆك و کارەکتەرەکانیش لە هەموو ڕەگەزێکن.. لە ڕەشەوە بگرە تا سپی‌و سوورو زەردو بگرە هەتا شین و مۆریش... کچی ئەرێ و اللە هەتا سەگ و ورچیش.. «دەیداتە قاقا «چرپە لە هۆڵەکە پەیدا دەبێ‌و ئەکتەر هەستی پێ دەکات» پەلە مەکە کە بەیەك گەیشتین، بە کردار هەمووت نیشان دەدەم.. «قاقا» ئارەزووی خۆتە.. بەڵێ گیانەکەم بەڵێ.. هەر ئەومان بۆ دەمێنێتەوە.. «چرپە پتر دەبێ» خوا - خوا حافیز.. پاشان..

• بینەر«۱»: «هەڵدەستێ» توخوا ئەمەش بووە شانۆگەری!

ئەکتەر: پێت دەڵێم پاشان.. «توند تەلیفۆنەکە دادەخات» ئەوە چیە! کەس هەیە، تا من لەسەر شانۆدا بم، لە هۆڵ دەرچێ؟ نەخێر.. من.. من هەر ئەو ئەکتەرەم کە.. «لەگەڵ تاریکی دا «مۆسیقایەکی فۆلکلۆری ڕۆمانسی.. شانۆ ڕووناك دەبێتەوە «ئەکتەر، دەخوێنێتەوە، بە ڕواڵەتێکی ڕۆمانسیانەی «شیاو ڕەفتار دەکات. زەنگی تەلیفۆن..» هەلەو.. بە قوربان تۆی! چۆنی؟ خۆشی گیانەکەم.. ئێستا؟ دڵەکەم، گۆران دەخوێنمەوە.. بەڵێ.. ها ئەوەتا.. مەم و زین؟ دوێنێ لێی بوومەوە.. ئا، دڵەکەم... نامەیەکی دیم بۆت نووسیوە.. گیانەکەم.. تەنیا.. بە ڕێگای نامە، ئەگەر ئەویش ئەگەر نەختێ گڕی دڵم خاوبێتەوە.. باشە.. هەست ڕاگرە.. «نامەیەك دەردێنێ‌و دەیخوێنێتەوە» نازدارەکەم.. دەزانی بۆ ئەم وڵاتە دەپەرستم؟ چونکە شۆخی وەك تۆی تیایە.. نازدارەکەم دەزانی بۆ دەتپەرستم؟ چونکە خونچەی ئەم وڵاتەی لە ناختە خوێنی ئەم دەشت و چیایە.. «لە ڕیکۆردەرەوە چەپڵەیەکی «توند دەبیستین.. لەگەڵ تاریکیدا چەپڵە نامێنێ.. ڕووناکی «ئەکتەر گەڕاوەتەوە دۆخی جارانی» بەڵێ من ئەو ئەکتەرەم. بەلام.. دەقی.. شانۆگەری‌یەکە، نووسەر، ئا، دوورنیە بینەران، دەقەکەیان بە دڵ نەبێ.. هە.. با واز لەم دەقە بێنم.. ئەگەرچی نووسەر.. دەی دەی ئەگەر تۆرا یانی چی! گرنگ ئەوەیە چەپڵەکەم لەکیس نەچێ.. گرنگ ئەوەیە چەپڵە بۆ من لێدرێ.. بۆ من.. «دەست دەداتە بوتڵە وێسکی‌یەکە، دیارە لە دەق دەردەچێ» «نەختێ لە مێزەکە دوور دەکەوێتەوە، پەرداخە نۆش دەکات» «کاریکاتێرانە دەوری سەرخۆشێك دەبینێ. نەختێ «پێدەکەنێ، پاشان نەختێ دەگریەت و لەپڕ دەوەستێ» بەڵێ.. ئەمەیە سەرەتاو بنەتای گشت ئارەق خۆرێ.. لە سەرەتاوە، پێکەنین و ڕابواردن.. «پێدەکەنێ‌و سەمادەکات» پاشان گریان و ڤیغان و ماڵ وێرانی.. «دەگریەت و لە خۆی دەدا» ئاخ... ئاخ چەند لاوێکی قۆز بووم.. جوانترین کچ مەمنونم دەبوو.. چەند پارەو سامانم زۆر بوون.. بەلام، ئێستا، ها ئەوەتا.. لە سەر ساجی عەلیم.. بە درهەمێك دەڵێم کاکە.. هیچم نەما.. تەنیا کەللەیەکی بەتاڵ و بوتڵێکی پڕ.. «لە ناکاو» خەڵکینە وەك من مەکەن. نەکەن ئارەق بخۆنەوە..

بینەر«٢»: ئامۆژگاری منداڵ دەکا! بەسە درۆزن. . بەسە. .

بینەر«٣»: چۆن بە یەکێ بڕوا بکەم، خۆی سەرخۆشە. .

ئەکتەر: من درۆزنم! من سەرخۆشم!؟

بینەر«١»: بەڵێ تۆ.

ئەکتەر: «تەماشای ئەم لاو ئەولای دەکات. . بە حەپەساوی» سەیرە! بێگومان مەبەستیان منە. تێناگەم. من. . ئەو. . ئەکتەرەی. . کە. . کە دنیام دەهەژاند. . بینەر کڕنۆشیان بۆ دەبردم. .

ریکۆردەر: پێنجەم. . هەروا لە ڕەوشتە هەرە بەرزەکانی ئەم ئەکتەرە بلیمەتە. . راستگۆیی‌یە. . بۆیە، بڕیارمان دا، خەڵاتی دەزگای گشتی راستی‌و دروستی پێشکەش بکەین. .

ئەکتەر: ئەی چۆن! کەس نیە ئەمە نەزانێ. پێنجەمین خوو رەوشتم راستگۆیی‌یە. . من وا ناسراوم. . بەڵام وا دیارە. . بزانە کەوتمە چ زەمانێك!؟ کەس نەبوو گومان لە راستگۆییم بکا. . نا، نا. . دیارە، دڵنیام. . لە دەرهێنانەکەدا کەم و کورتی هەیە. سندان لە نەخشەو پلانی دەرهێنەردا. . گرنگ خۆمم. . . خۆم. . «خۆی ئامادە دەکات بۆ نواندنی دەوری مامۆستایەك» قوتابی‌یە خۆشەویستەکانم. . جگەر گۆشەکانم. . ئازایی هەتا لە خوێندنیشدا. . پێویستە. . بەڵێ. . بە ئازایی بەرەو کتێبەکان. . برۆن. کورپەکانم، زانست ئازایی‌و چاو نەترسی گەرەکە. . لە تاقی‌کردنەوە مەترسن، ئازابن. . قۆپیە مەکەن. . ناپاکی‌یە، دزی‌یە، ئەوەی لە قوتابخانەی بچوکدا قۆپیە بکا، لە قوتابخانەی‌گەورەشدا قۆپیە دەکا. . ئەوەی ئەمڕۆ قۆپیە بکا، بەیانی دزی دەکا. . ئەوەی قۆپیە بکا. . «بە شێوەیەك هەتا بینەر پێبکەنن» باوك و دایکی دە. . خنکێنم. «پێدەکەنی، بەڵام خێرا سارد دەبێتەوەچونکە هەست دەکا لە هۆڵەکە شتی بۆ دەهاوێژن. .» ئەوە چیە!؟

بینەر«١»: دابەزە هەی ساختەچی، دابەزە

بینەر«٢»: لاڵ بە هەی فێڵبازی، بێ‌شەرمی، ترسنۆك. .

ئەکتەر: بۆ من! ئەم ناوو ناتۆرانە بۆ من!؟ بە من، من!؟ جا وەرە، شێت نەبم. ! منی بلیمەت و لێهاتوو، وام پێ بڵێن! من. . ئەو. . ئەو. . ئەکتەرەی. . کە. . کە. .

ریکۆردەر: سێوو یەکەم. .لە کۆتایی پێشکەش کردنی خەڵاتەکان بە سەر ئەکتەری ناسراوو خۆشەویستی گەل. . هونەرمەندی داهێنان و زانست و نوێخوازی. . خۆمان، بە سەربەرزو بەختەوەرو شادمان دەزانین. . کە دوا خەڵاتی پێشکەش بکەین. . گەورەکانم. . دوایەمین خەڵات و هونەرمەندی گەل. . «لەگەڵ مۆسیقادا چەپکێ گوڵ لە سەرەوەی شانۆدا دێتە خوارەوە. . ئەکتەر زۆر بە دڵشادی‌و ڕێزەوە دەیگرێت بۆنی دەکا. . پاشان دەچەمێتەوەو ماچی دەکات. .»

ئەکتەر: بەڵێ من. . ئەو هونەرمەندەم.

بینەر«٣»: ئەو هونەرمەندە بووی. . بەڵام، ئێستا نە. . هەی قیدیۆ. .

ئەکتەر: «پاش پێکەنینی ناو هۆڵ» نا. . نا. . ئەو خەڵکە بە سەهوو چوون. . من، نەگۆڕاوم. . ناشێ، هەرگیز. . دوورنیە ئەوان گۆڕابن و من نەمزانیوە. ! هەڵبەتە ئەوان گۆڕاون. هـ. . واتە. . دەزگای تیپ لە گوێی گادا خەوتوون. . ئاگایان لەم ئاڵوگۆڕە نیە. . واتە. . لەناوچووین. . بەڵام نە. . نابێ من لەناو بچم. من، نابێ. . با واز لە هەموو شتێ بێنم. نووسەرو دەرهێنەرو تیپ. با لە خۆمەوە، لە داهێنان و نەخشەی خۆمەوە دەست پێ بکەم. . بەڵێ. . زۆر زۆر لە تیپەکە دەرم دەکەن. . قیروسیا. . با فلسێکم نەدەنێ. . کار وا بڕوا تیپیش قەلاش دەبێ. . تازە تەواو، فەوتان. بەڵام. . بۆ. . من بفەوتێم؟ من، یانی، لەگەڵ تیپێکی تردا، نووسەرێکی تردا، دەرهێنەرێکی تردا. . کار دەکەم. . کام تیپ لای بینەران خۆشەویست بوو، لەوێ دەبمە ئەندام. تەواو. . زۆر چاکە. . هـ. . . من بڕوخێم! «بیردەکاتەوە» چۆن دەماری ئەم خەڵکە بگرم؟ هەستیان بۆ خۆم ڕا. . بکێشم؟!چۆن مووی لەشیان زەق را. . ترم: «بیردەکاتەوە. خەندەیەك دەیگرێ» دۆزیمەوە. . شت هەیە لەم کەللەیە دەربازبێ!. «بە شێوەی دانایەك بەڵام کاریکاتێرانە» ئەی. . ئەی لیمەت. . ببورن. . ئەی. . ئەی میللەت. . ئەی لەگ، لەگ. . ببورن. . ئەی. . گە، گەل. . باواز لەمەش بێنم. . شتێکی تر. . ئەی کەللە بلیمەتەکە، شتێکی تر. . ها!؟ دۆزیمەوە. . «بەسەساکردن لاسای مناڵ دەکاتەوە» ئێمە منالی جوانین. . ئاواتی نیشتمانین. «هەتا دوایی»

بینەر«١»: ئێستا دانابەزی! «دوو بینەر دێنە سەر شانۆ»

بینەر«٢»: بێزار بووین.

ئەکتەر: بەلام..

بینەر«٣»: بۆ دەرەوە.. دەی.

ئەکتەر: «بە ئازار» بەلام من، ئەکتەر.. راستی.. هونەر..

بینەر«٣»: زمانت بگرە ـ «ئەویش دێتە سەر شانۆ»

بینەر«٢»: شانۆکەت ئاوەگل کرد.. خێرا..

ئەکتەر: بەلام، من.

بینەر«١»: دیارە کوتانی دەوێ! «هەرسێ بینەرەکە پەلاماری دەدەن»

ئەکتەر: ئەی هاوار.. فریا.. فریا..

بینەر«٢»: راوەستن. «دێنە سەر شانۆ» پەلە مەکەن.

ئەکتەر: زۆر سوپای، فریام کەوتی.. بەراستی تۆ، رێزی هونە..

بینەر«٤»: خواحافیز.. تەواو.. دەورت تەواو.. هیچ مەڵێ..
کاکی خۆم، تەواو.. لاپەڕەکانت گشتی ڕیسوا کران..
کەڵکی ئەم شانۆیەت نەما..

ئەکتەر: من! ڕیسوا!؟

بینەر«٢»: بەڵێ تۆ.. برالە، ڕۆژگارت بەسەرچوو.. زۆربەی بینەران خۆیان بوونەتە ڕەخنەگر..

ئەکتەر: چۆن؟ رەخنەگر! جا.. لەوە.. باشتر.. هەیە؟

بینەر«٣»: بەلام ڕەخنەگری دوڵەنگێونا..

ئەکتەر: ڕەخنەگری دوڵەنگێونا!؟ تێناگەم! جا، لەوە، باشتر هەیە؟

بینەر«١»: نەخێر.. بەلام، بۆ ئەکتەری وەك تۆ. پڕ مەترسین.

ئەکتەر: «هێرو گێژبووە» چ، چۆن، بۆ!؟

بینەر«٢»: لەمەولا کەس بڕوات پێ ناکا.

ئەکتەر: بە کێ، بۆ، من.. بە.. من!؟

بینەر«٣»: بەڵێ بە تۆ..

ئەکتەر: چۆن، لەبەرچی بڕوام پێ ناکەن؟ من، منێکی.. من.. منێکی

بینەر«٤»: واز لە منمنێکێ بێنە.. تۆ چۆن دەتوانی بینەر بەوە قایل
کەی کە ئارەق خراپە.؟

ئەکتەر: دەت.. دەتوانم..

بینەر«٤»: بەلام خۆت ئارەق خۆری.!

ئەکتەر: من!؟

بینەر«٣»: بەڵێ تۆ. چۆن دەتوانی ڕێگای ڕاستیان پیشان بدەی؟

ئەکتەر: دەت.. وا.. نم..

بینەر«١»: بەلام خۆت خوارو خێچی.. ئەم خەڵکە هەموو دەتناسن.

ئەکتەر: بێگومان دەم.. دەمناسن.. من.. ناو.. بانگم..

بینەر«٢»: بە خراپە بڵاوبوتەوە..

ئەکتەر: ئاوا.! وام لێهات؟ با وام لێ بێت. کەچی..
لەگەڵ... لەگەڵ ئەوەشدا ـ ئەمە شتێکەو.. ئەو شتێکی تر
ئێوە.. نابێ، نواندن.. و.. ژیانی تایبەتی هونەرمەند
تێکەڵ.. بە یەك.. یەك بکەن..

بینەر«٤»: دەبێ وابێ. ئەمڕۆ کەس ئامادە نیە گوێ بگرێتە
درۆزنێك وانەی ڕاستگۆیی فێربکا..

ئەکتەر: بەلام من.. من..

بینەر«٣»: لا ڵ بە...

بینەر: «١» قسەت نەما..

بینەر«٢»: یا الله، بۆ دەرەوە..

ئەکتەر: بەو جۆرە، ڕێزی هونەرمەندانتان دەگرن! دەزانم من، دڵنیام، هۆیەکە.. لە.. نەفامیو نەزانینتانە.. ئەگەر.. مێژووی پاڵەوانان بخوێننەوە، ئەگەر مێژووی هونەرمەندان بخوێننەوە.. وام لێ ناکەن.. ئێستا دڵنیا بووم ـ کە ئێوە، گشتتان، نەزانن.. بڕۆن ئۆسکار وایەڵد، رامبۆ. بخوێننەوە.. خۆ من.. لەچاو.. وان.. شێرم... بەلام.. ئەوان، چونکە ئەورووپایین چونکە خەڵکەکەی.. هۆشیارن.. بزانە.. چۆن ڕێزیان دەگرن. کەچی... منێکی.. چونکە، لە خۆتانم.. شێرێکی وەك.. من.. چونکە.. من.. لە چاو.. وان.. شێ.. شێ.. رم..

بینەر«١»: راست دەکا.. بەلام.. سینگە شێری پشت ما..
کەر..

بینەر«٤»: بە قسەی من بکە.. شانۆ چۆڵ کە..

ئەکتەر: من.. شانۆ چۆڵ کەم؟

بینەر«٢»: کوڕە خۆ لە نامی بردە دەرێ.!

بینەر«٣»: دەفن دەی..

ئەکتەر: «هێمنی، لەپڕ دەمانچەیەك دەردێنێ» ئەوەی بێتە پێش دەیکوژم هەمووتان دەکوژم. ئەوەی شانۆم بڕوخێنێ، دنیای بەسەردا دەڕوخێنم.. ئەوەی بە من، بە هونەرم قایل نیە، با خۆی لە هۆڵ دەرچێ، بەڵێ، من هونەرمەندێکم تا دنیا ماوە جەماوەرم دەمێنێ. ئا. نەء.. دیارە، دڵنیام، ئەمە پیلانە.. ئیشی دوژمنەکانمە. ئاغ.. والله بزانن چیتان پێ

دەکەم؟ بزانن تووشی چ داوێکتان دەکەم؟ چ بیرێکتان بۆ لێدەدەم.. «بە تەوسەوە پێدەکەنێ» هەرگیز لە من نابەنەوە.. چونکە من.. بە پێچەوانەی زۆربەی هونەرمەندان، جگە لە نهێنییەکانی پێش پەردە.. نهێنییەکانی پشت پەردەش دەزانم.. هەر ئەوەشە.. هۆی مانەوەم. نا، ئەمە پیلانە.. پیلانێکی لاواز لە چەند ئەکتەرێکی بێنرخ و بێ بەهرە. «پێدەکەنێت» تواندن لەسەر شانۆدا هونەرە.. بەڵام لەویش هونەرتر.. مانەوەیە لەسەر شانۆ.. تەپچڕانەوە.. جا.. بەهەر.. هۆیەك بێ. گرنگ نیە.. لەسەر شانۆبم و بەس. گرنگ ئەوەیە بینەر بخافڵێنی.. دڵی خۆش کەی.. بەڵێ.. دڵم خۆشکە دڵت خۆش دەکەم.. بمخافڵێنە.. دەتخافڵێنم.. جا هۆیەکە چ دەبێ، چۆن دەبێ، فت.. گرنگ نیە. «پێدەکەنێ» بۆ دەرەوە.. ئەوەی منی ناوێ بۆ دەرەوە.. خێرا «تەماشای هۆڵ دەکات» دەبینن، کەس دەرناچێ.. گشتیان، لەبەر من هاتوون، تەنیا بۆ ئەوەی بە بینینم شادبن. چونکە من.. ئەکتەری ناو دارو خۆشەویستی.. گەلم.. «تەواو شەکەت دەبێ» کەس هەیە بڵێ وا.. نیە..؟

بینەر«٤»: بەڵێ.. من دەڵێم وانیە..

بینەر«١»: دابەزە..

ئەکتەر: ئەمە پیلانە.. ئەکتەرە لاوازەکان..

بینەر«٣»: شانۆ چۆڵ کە.

ئەکتەر: با هۆڵ چۆڵ بێ..

بینەر«٢»: هێز بەکاردێنین.

ئەکتەر: هەمووتان دەکوژم.

بینەر«١»: هەڵتدەواسین.

ئەکتەر: تەفروتوناتان دەکەم. دنیاتان بەسەردا دەڕوخێنم.. پیرو منداڵ و چاك و خراپتان ژەهرخوارد دەکەم.. ئاگرتان بەسەردا دەبارێنم. خوێنتان دەمژم..

بینەر«٤»: «سێ بینەرەکە پەلاماری دەدەن» ڕاوەستن.. دەمچێتە لای بینەرەکان و چرپە دەکەن. ڕوو لە ئەکتەر دەکا» جارێ دەمانچەکەت بێنە..

ئەکتەر: بەڵام.. لەڕاهی خوا.. دەترسم.

بینەر«٤»: بڕوا بکە.. تەواو.. «دەمانچەکەی لێ دەسێنێ و چەپکە گوڵەکەی دەداتێ» فەرموو..

ئەکتەر: «دەحەپەسێ» ئەوە چیە! بۆ من..! من، منێکی

بینەر«٣»: واز لە منمنێکی بێنە..

ئەکتەر: ئەی چی بڵێم..؟

بینەر«٤»: هیچ مەڵێ..

ئەکتەر: ئەی چی.. چی بکەم؟

بینەر«٤»: بچەمێوە.

ئەکتەر: من، بچەمێمەوە، عەیبە، ناگونجێ.. من.. یەك یەك «بۆ چوار بینەرەکە دەچەمێتەوە» سوپاس.. سوپاس

بینەر«٣»: هەستەکاکە هەستە.. لەوەشدا.. بەسەهوو چووی..

ئەکتەر: من، منێکی وا.. بەسەهوو بچم.. یا.. نەچم.. کەسی تر ماوە..؟ بۆ کێ‌تر بچەمێمەوە؟

بینەر«٢»: چەمانەوە تەنیا بۆ دوو لایەن دەبێ..

ئەکتەر: تەنیا دووان! کوان، لە کوێن، کێن؟ یەکەم..؟

بینەر«١»: خوایە.

ئەکتەر: ئەوە خوایە لە گوناهم خۆشبێ.. من کردم، تۆ مەیکە.. تۆبە.. دووەم؟

بینەر«٤»: گەلە..

ئەکتەر: گە.. گە.. گەل..؟ کوا، لەکوێیە؟ نازانم! نایبینم!

بینەر«٤»: ئەوە لە چ دەگەڕێی!

ئەکتەر: گە.. گە.. گەل.. گەل؟

بینەر«٤»: وەرە برام وەرە.. «دەستی ئەکتەر دەگرێ و دەیباتە بەردەم شانۆ ئەوەتا گەل..

ئەکتەر: ئەمانە!.. «بە خەندەیەکی دڵسۆزانە دەچەمێتەوە ڕادەوەستێ..» پێشمەرە بەڕێزەکان.. بمبورن.. تەواو ئازارتان.. ئەگەرچی من زیاتر.. من خۆم وانیم. بەڵام.. خۆزیا سەت خۆزیا.. ئێوە وا دەبوون. «گوڵەکانیان بۆ دەماوێژێ» شەو شاد..

شانۆی منداڵان

# خەپان و خرپن

١ - خەپان: بێچووە ورچ

٢ - خرپن: بێچووە ورچ

٣ - مام ڕێوی: ڕێوی

٤ - مام ورچ: ورچ

«گۆمێکە لە ناو دارستانێکدا.

دەنگی مەلی ناو دارستان دەبیسترێت.

خەپان و خرپن، سەرو داری باریکیان بە دەستەوەیە دێن بۆ ڕاوە ماسی

کات: بەیانیە.»

خرپن: ئەها خەپان! ئا ئامە گۆمەکەیە کە وتم.

خەپان: ئەمەیە گۆمەکە؟

خرپن: بەڵێ ئەمەیە.

خەپان: کەمێکیش دووربوو خرپن، چونکە دەمێکە بە ڕێگاوەین.

خرپن: ئاخر وەکو ماسی چاکی تێدایە خەپان، بۆیە وام بە چاك زانی بێین بۆ ئێرە.

خەپان: دە چاکە، مادام ماسی چاکی تێدایە، لێرە ڕاوەماسی‌یەکەمان دەکەین.

«لە کەناری گۆمەکە لە نزیك یەکترەوە دا دەنیشن و قولاپەکانیان ئامادە دەکەن»

خرپن: ها خەپان! ئەوە هەویر، بیکە بە قولاپەکەتەوە.

خەپان، بە دەم وەرگرتنیەوە - سوپاس.

«هەویرەکە دەکەن بە قولاپەکانیانەوەو، دەی‌خەنە ناو ئاوەکەوە»

خرپن: خەپان باش وریابە! هەر کە قولاپەکەت قورس بوو، یان کە ڕاکێشرا ئەوە وا دیارە ماسی قەپی پیا کردوە، تۆش گورج ڕایکێشە.

خەپان: ئەی چون.

خرپن: بە ڕاستی ئەم دارستانە دیمەنێکی جوانی هەیە خەپان!

● ئامادەکردنی - عمر علي أمين ●

خەپان: بەڵێ بەڵێ دیمەنی ئەم ناوچەیە دڵگیرە.

خرپن: ئیتر هەموو جارێك بۆ ڕاوە ماسی دێین بۆ ئێرە.

خەپان: بەڵێ بەڵێ هەم ڕاوو، هەم سەیران.

«لەم کاتەدا دەزووی قولاپەکانیان لە یەکتر نزیك دەبێتەوە»

خرپن: ئای! ئەوە چی‌یە خەپان؟

خەپان: چی بووە؟

خرپن: دەزووی قولاپەکانمان زۆر لە یەکتر نزیك بوونەتەوە.

خەپان: ئای خرپن! قولاپەکەی من قورس بوو قورس.

خرپن: منیش منیش. قولاپەکەی منیش قورس بوو خەپان.

خەپان: دە وا دیارە ماسی قەپاڵی لێ گرتووە، با ڕایکێشین!

خرپن: یەك.... دوو.. هەرسێکی!

«هەردووکیان لەیەك کاتدا، قولاپەکانیان ڕادەکێشن، دەبینن هەردوو قولاپەکە یەك ماسی گرتووە، واتە ماسی‌یەك بووە بە هەردوو قولاپەکەوە.»

خرپن: ئای! ئەوە چی‌یە خەپان؟ خۆ بە هەردوو قولاپەکە یەك ماسیان گرتووە!

خەپان: ئەوە لەو کاتەدا کە ماسی‌یەکە بۆیان هاتووە، هەردوو قولاپەکە لە نزیك یەکترەوە بوون.

خرپن: کەواتە بۆیە قەپاڵی کردووە بە هەردووکیاندا.

خەپان: بەڵێ بەڵێ.

خرپن: باشە خەپان ئێستا ئەم ماسی‌یە بۆ کاممان دەبێت؟

خەپان: دیارە بۆ من ئەبێت.

خرپن: ئەی بۆچی بۆ من نەبێت؟

خەپان: ئاخر قەپاڵی کردووە بە قولاپی مندا

خرپن: قەپاڵی کردووە بە قولاپەکەی منیشدا

خەپان: ئاخر ئەبێ بۆ من بێت.

خرپن: نەخێر ئەبێ بۆ من بێت.

خەپان: خرپن! با نەبێتە ناخۆشی، ماسی منە.

خرپن: تکا ئەکەم ماسی منە.

خەپان: نەخێر هی منە خرپن.

خرپن: نەخێر هی منە خەپان.

خەپان: خرپن هیچ پێویست بە قرە قر ناکات، ئەها تۆ سەیرکە ئەوە مام ڕێوی‌یە وا بەرەو ئێرە دێت.

خرپن: ئەنجا با بێت. ئەو چیەتی بە سەرمانەوە.؟

خەپان: ئەو ئەکەین بە دەم ڕاست.

خرپن: دەم ڕاست؟

خەپان: بەڵێ. ئەو خۆی ماسی‌یەکەی بە کامیان دا، بۆ ئەو کەسە ئەبێت.

خرپن: دوای کەمێك ـ باشە.

ڕێوی: دێت ـ ڕۆژتان باش بێچوە ورچە خرپلانەکان!

هەردووکیان: ڕۆژباش مام ڕێوی.

ڕێوی: لەوساوە کە ئێوە مشت و مڕتانە، من لە دوورەوە گوێتان لێ دەگرم.

خەپان: دەباشە مام ڕێوی مادام لە مشت ومڕەکەمان تێگەیشتوویت تکایەکمان هەیە.

مام ڕێوی: فەرموون.

خەپان: تۆ ئێستا ببە بە دەم ڕاستی ئێمە، ئەم ماسی‌یە هی کامانە؟

ڕێوی: دوای هەڵگرتنەوەو سەیرکردنی ماسی‌یەکە ـ ئای ئای! خۆ ئەمە ماسی‌یەکەی منە.

خەپان: ماسی تۆ؟

ڕێوی: بەڵێ ماسی منە.

خرپن: چۆن ماسی تۆیە؟

ڕێوی: من سەعاتێك لەمەوپێش هاتم بۆ ڕاوە ماسی. لەم گۆمەدا ئەم ماسی‌یەم ڕاو کرد، بەڵام ئەوەندە ماسی‌یەکی فێڵباز بوو لە دەستم دەرچوو خۆی فڕێ دایەوە ناو ئاوی گۆمەکە. ئەمە ماسی منە.

خرپن: بەڕاستتە؟

ڕێوی: ئەی گوایا سوعبەتە؟ جا لەبەر ئەوە بێچوە ورچەکان، هیچ پێویست ناکات بۆ ماسی‌یەکی وا بێ نرخ کەهی کەسیشتان نی‌یە دڵی یەکتر بشکێنن. من زۆریش سوپاستان ئەکەم کە بۆتان گرتمەوە. خواتان لەگەڵ.

«ڕێوی ماسی‌یەکە دەبات و بە فیکە لێدان و خۆشیەوە دەڕوات.

خەپان و خرپن بە ڕقەوە سەیری ڕۆیشتنەکەی دەکەن و چەموڵەی لێ دەنێن»

خرپن: هەناسەیەك هەڵدەکێشێت ـ داخەکەم! بەخوا ماسی چاك بوو!

خەپان: ماسی چاك!

گۆرانی کۆرس ـ

ناکۆکی تاڵیی لە دوایە      ڕەنج و گەنج ئەدا بە زایە.
ئەنجامی ناکۆکی وایە      بۆ ناحەز قازانجی تیایە.

خرپن: دەی خەپان با دەست پێ بکەینەوە.

خەپان: بە چی؟

خرپن: بە ڕاوە ماسی‌یەکەمان. گۆمەکە ماسی زۆری تێدایە.

خەپان: بەڵام خرپن بۆ ئەوەی ئەم جارەش وامان لێ نەیەتەوە، با کەمێك دوور لە یەکترەوە دانیشین.

«کەمێك دوور لە یەکترەوە دادەنیشن... هەوێر دەکەن بە قولاپەکانیانەوەو دەی‌خەنەوە ناو ئاوەکە»

خرپن: بەڕاستی‌ئەو ماسی‌یەی گرتمان قەڵەوبوو.

خەپان: کێ دەڵێت ئێستا لەوەش قەڵەوتر ناگرین؟

خرپن: باشە خەپان مەتەڵێکت لێ دا دەهێنم بزانم ئەزانی؟

خەپان: فەرموو.

خرپن: بە گۆرانیەوە: ـ

بیزانە چی‌یە خۆشە مەتەڵم
بیری لێ بکەوە مەڵێ تەمەڵم
گیان لەبەرێکە مەڵەوانی گۆم
زۆر جاران دیوتە لە ڕووبارو چۆم
بێ لاق و دەستە بێ چرپەو هەستە
لە شەپۆل برین وەکو مقەستە
بالیشی هەیە بەڵام نافڕێ
زاریشی هەیە هەرگیز ناقڕێ

پوولەکە لە پشت ئاتروکێ چاوی
بە تۆڕو قولاپ دەچێتە ڕاوی
ئەگەر ناتوانی هێشتا بیناسی
دەت خەمە ناو ئاو دەت کەم بەماسی

خەپان: بە گۆرانیەوە ـ

مەم خەرە ناو ئاو مەمکە بە ماسی
ئەوەی تۆ دەڵێیت پێی دەڵێن: ماسی.

هەردوکیان: پێ دەکەنن.

«لەم کاتەدا دەزووی قولاپەکانیان لە یەکتر نزیك بۆتەوە»

خەپان: ئەها خرپن دەزووی قولاپەکانمان لە یەکتر نزیك بوونەوە.

خرپن: من هەست بە قورساییەك دەکەم.

خەپان: میش منیش!

خرپن: ماسیە خەپان ماسیە!.. یەك.. دوو.. هەرسێکی!

«هەردووکیان بە یەکەوە قولاپەکانیان رادەکێشن...

دیسانەوە یەك ماسی بووە بە هەردوو قولاپەکەوە»

خەپان: گرتمان خرپن گرتمان! ماسیەکی چاکە!

خرپن: لەوەی پێشووتر قەڵەوترە خەپان!

خەپان: ئای...! ئەوە چیە..؟ دیسانەوە بە هەردوو قولاپەکە گرتوویەتی؟!

خرپن: بەڵێ قەپاڵی کردووە بە هەردوو قولاپەکەدا، چونکە دیسانەوە لە یەکترەوە نزیك بیوونەوە.

**خەپان: باشە خرپن ئەم جارە بۆ کاممان؟**

**خرپن: بۆ من.**

**خەپان: نەخێر بۆ من.**

**خرپن: نەخێر بۆ من.**

**خەپان: نەخێر بۆ من.**

خرپن: نەخێر بۆ من.

خەپان: خرپن! دیسانەوە مەیکەرەوە بە بەزم! ئەوە مام ورچ وا بەرەو ئێرە هات، ئەو ئەکەین بە دەم ڕاست. بزانین ئەم بۆ کاممانی دائەنێت.

خرپن: ئاخر ئەمیش وەکو مام ڕێویمان لێدەکات.

خەپان: نەء خرپن نەء. ئەم وامان لێناکات.

خرپن: بە چیدا دەزانیت؟

خەپان: بەوەدا دەزانم، مام ورچ، ورچەو لە خۆمانە.

مام ورچ: دێت ڕۆژتان باش بێچوە ورچە نازدارەکان!

هەردووکیان: ڕۆژباش مام ورچ!

خەپان: مام ورچ ئەم ماسیەمان ڕاوکردووە. بوو بە قولاپی هەردووکمانەوە من ئەڵێم بۆ من و، خرپن ئەڵێت بۆ من. وا ئێستاش جەنابت ئەکەین بە دەم ڕاست. تۆ ئەیدەیت بە کاممان؟

«مام ورچ سەیری ماسیەکە دەکات و دەستی لێ دەدات و ئەنجا سەیری خەپان و خرپن دەکات و دەست دەهێنێ بە سەریانداو ئەنجا دەڵێت»

مام ورچ: بێچوە ورچە جوانەکان! ئەم ماسیە مادام بووە بە قولاپی هەردووکتانەوە؛ ئەوە ڕەنجی هەردووکتانە. لەبەر ئەوە هی هەردووکتانە.

خەپان و خرپن: بەیەك دەنگ ـ هی هەردووکمانە؟

مام ورچ: بەڵێ، هی هەردووکتانە.

خەپان: خرپن ڕاکەی مام ورچ جوان و پەسەندە. من قایلم.

خرپن: منیش بەلامەوە جوان و پەسەندە خەپان. منیش قایلم.

خەپان: زۆر سوپاستان دەکەین مام ورچ!

خرپن: مام ورچ دەوا ئێمەش بڕیارمان دا، بچین لەسەر ئەو گردە «ئیشارەتی لایەك دەکات» ئاگرێکی بۆ بکەینەوەو، ترش و خوێیەکی جوانی بکەین و بیبرژێنین و جەنابیشت ببیتە میوانمان و هەرسێکمان بەیەکەوە بیکەیێ بە سەیران و بیخۆین.

خەپان: بە چەپڵە لێدانەوە جوانە جوانە زۆر جوانە!
ماسی ماڵی سەیرانە!

«ئەنجا بە دەم وتنی ئەم شیعرانەوە، خۆیان کۆ دەکەنەوەو ماسیەکە هەڵدەگرن و، چیلکە کۆ دەکەکەنەوەو هەرسێکیان دەکەونە ڕۆیشتن»

خرپن: جوانە جوانە زۆر جوانە ماسی ماڵی سەیرانە.
خەپان: دەیبەین بۆ ئەو گردانە دەی برژێنین لەویانە
خرپن: مام ورچیش لەگەڵمانە میوانی ئازیزمانە
خەپان و خرپن: مام ورچیش لەگەڵمانە میوانی ئازیزمانە

«دەچنە دەرەوە»

# شانۆگەرییەکی ژەهراوی

- نووسینی: پوشکین
وەرگێرانی: محمود زامدار
سیناریۆی دەرهێنان: کریم عثمان



وشەیەك

(مۆزارت و سالیری - یاشانۆگەرییەکی ژەهراوی) تاکێکە لەو مەرگەساتە شیعرییانەی کە رەخنەگران بە (مەرگەساتی بچووك) ناوزەدی ئەکەن و ئەشیکەن بە چوار بەشەوە:

(سوارەی چرۆ - مۆزارت و سالیری - میوانە بەردینە - زەمانەوەندێ لە چاخی پەتاوا).. ئەم مەرگەساتانە کە بە قەوارە بچووك و بە نرخ و بەها مەزنن، سەرنجی رەخنەگرانی کۆن و نوێی راکێشاوە و بۆتە مایەی پیلەیەکی قورس و جوانیش لە شانۆگەری شیعرییدا. پووشکینی نەمر، دوو جۆرە ئادەمیزاوی جیامان بۆ هەڵئەخات.. مۆزارتی بلیمەت و رەفتارو دڵ و دەروون سادەو پاك، سالیری کینەدارو خۆخۆرو رژدو دەمامکبازو رژد...!!

★ ★ ★

«سروشتی ئەم نمایشتە شانۆییە نائاساییە»

**شوێنی پێشکەش کردن: هۆڵێکی بەرینی چوارگۆشەیە. تەختەیەکی بازنەیی لەناوەندی هۆڵەکەدا جێگیربووە.**

دیکۆر: تەنها تێشك پێکیدەهێنێت

ڕووناکی: کۆمەڵێ ئامێری ڕووناکی بزوك لە پانتایی هۆڵەکەدا وەك کامێرای تەلەفزیۆنیی دێن و دەچن، ئەم هات و چوونە بەشێکی گرنگە لە تەواوکردنی کاری ئەکتەرەکان بۆهەر ئامێرێکی ڕووناکی کەسێکی تایبەتی تەرخان کراوە بۆ جوڵاندنی.

ئێکسسوار: ئامێری نیشاندەری فانۆسی سیحری بۆ نیشاندانی چەند تابلۆیەك، ئەکتەرێك .. ئەم کارە جێبەجێ ئەکات.

بنمیچی هۆڵەکە بەپەتی ئەستوری چنراو لەشێوەی داوی جاڵجاڵۆکەدا تەنراوە

چەند دەمامکێکی هەڵواسراو.

پیانۆیەك لەسەر چوار ڕەوەرەوە ڕاگیراوە بۆ مەبەستی بزاواندن لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکیتر.

کۆمەڵێ کەمانچە بەهۆڵەکەدا هەڵواسراون ولەولاوە چەند ستاندێکی نۆتەی مۆسیقا لەگەڵ جانتای کەمانچەکاندا دابەش کراون.

جل و بەرگ:

مۆزارت و سالیری کە هەردوو پاڵەوانی ئەم شانۆگەرییەن بەقوماشی سیرا جل و بەرگی ئاسایی مۆسیقارە جیهانییەکانیان لەبەردایە، بەڵام ڕەنگی مۆزارت سپییەو سالیری ڕەشە.

مۆسیقا: بەکشتی بریتییە لە سیمفۆنیاکانی هونەرمەندی بلیمەتی مۆسیقای جیهانی مۆزارت..

هۆڵەکە بەئاوازی سیمفۆنیا شیوەن ئامێزەکەی مۆزارت پەنگاوە هۆڵێکی تاریکی ڕەش.. تەختە بازنەییەکە بەڕەنگی سپی بۆیاخ کراوە، لە هەرچوار گۆشەی هۆڵەکەوە پەیژەی سپی ڕەنگ هەڵکشاوە تا نزیکی بنمیچی هۆڵەکە، داوی چاڵجاڵۆکەکەیش بەئاسمانەوە چاوەڕوانی کەوتنەخوارەوەو دەست پێکردنی نمایشتەکە دەکات..

دەرگای هۆڵی تاریک واکرایەوەو باوەشی بۆ چەپکێ بینەر کردوە، ڕێنیشاندەری بینەران پێشیان دەکەوێت و بەرەو سەر تەختە بازنەییەکەیان دەبات تا بەپێوە ڕاببووەستن، لەولاشەوە چەند بینەرێک بۆ چوارگۆشەکان و سەر پەیژە ڕەنگ سپییەکان دەبرێن تا دەگەنە پلەی سەرەوە.

مۆسیقای شیوەن ئامێزی مۆزارت هەربەردەوامە ئەیکەواتە ئەکتەرەکانی ئەم نمایشتە لەکوێن!!؟

(سالیری) بەسەر گوریسێکەوە لەناوەندی دیواری پشتەوە ڕاگیربووە، ئەکتەری کارگەری فانۆسی سیحری تابلۆی ژمارە ٠١، کە بریتییە لە مۆسیقاژەنێکی پێوەندکراو. ئەم تابلۆیە بەسەرو سیمای ئەکتەرەوە دیارەو پاشان هەموو دیوارەکەی گوتووەتەوە..

.. سالیری:

(ئەم دوو دێڕی یەکەمی ئەم دایلۆژە شیعرییە بەتۆمارکردن و سەداوە دێتە بەرگوێی بینەر)

هەموو ئەڵێن:

[ هیچ حەقیقەتێک لەسەر ئەرزا نییە
کەچی حەقیقەت هەتا لەئاسمانیشا ونە]

(بەچەند جارێک دووبارە بوونەوەی ئەم دوودێڕەو تێکەڵبوونی





لەگەڵ مۆسیقاکەدا پەتە داوی جاڵجاڵۆکە بەردەبێتەوە بۆسەر بینەرانی ڕاوەستاوی سەر تەختە بازنەیی یەکە)
سالیری:

(دادەبەزێ و شێوەیەکی تایبەتی لەڕاوەستاندا وەردەگرێت و بەردەوام دەبێت)
ئەمەیان سەبارەت بەخۆم و لەلای منە
وەک پەیژەی سادەی مۆسیقا ڕوون و ئاشکرایە لەڕۆژی لەدایک بوونمەوە. حەزو کزوفتم
بۆ هونەر سەری هەڵداوە.
(تابلۆی فانۆسەکە دەکۆڕدرێ بۆ ژمارە ٢، کە بریتی یە لە چەند پەری یەک بەئاسمانی بێگەردەوە لە شەققەی باڵ دەدەن..

مۆسیقا دەبێتە ئۆرگنێکی کلێتایی)
کە منال بووم.. ئۆرگنی نێو کونە کلێتاکەمان لە هارژنی ئەدا.

گوێم .. شل.. شل.. شل ئەکرد
لە چاوانمەوە فرمێسکی شیرین ڕێکەی ئەبەست هەرزوو وازم لەکەمەی بێهودەی منالێتی هێنا مونج و هەراسان بووم
لەوزانستە سەیرانەی کە لەسەر هونەری مۆسیقابوون.
بەویەری کەللەڕەقی و قیزبایی یەوە لیی لاتەرازبووم
(بەردولای پیانۆکە هەنگاو دەنێت وەک بیەوێ شتێ بژەنێ..)
تەنیاو بەس ڕووم کردە مۆسیقا
یەکەم هەنگاو زۆر سەختە
یەکەم ڕێچکۆلەش. زۆر بەترس و سام
کشت وەیشوومەو کارەساتەکانم بڕی
ئەوپیشەیەم کردە پێکدیەک
تا هونەری لەسەر ڕاست بێتەوە
بووم بە هونەروەر
(ڕاست و ڕێک رادەوەستێت و خۆی بەیەکێ لە پەتی دەمکەکاندا هەڵدەواسێ)
قامکەکانم تەواو شلک و نەرم بوون
وردەکاریم بەخشیە کوێچکەم
لە دەنگەکان لا تەریک بووم

وەک ڕامانی برین پێچێک بۆ لاشەی بەردەمی ئاوا .. لەمۆسیقا ڕامام
پابەندی هارمۆنی بووم، بەقەد بەندبوونم بەزانستی جەبرەوە.

(پارچە مۆسیقایەکی هارمۆنی هاوشانی ئەم دیمەنە دەبێ.. ڕەنگەکان بەهۆی سێ ئامێرەوە ڕەنگی زەردو سەوزو سوور دەبەخشنە ڕووکارو پشتەوەی سالیری. تا خەونە سەوزو سوورەکانی بخەنە ڕوو)
تا ئەوساتە.
کە بەتەواوی لەو زانستە شارەزابووم
توانیم. خۆم بخەمە نێو باوەشی
بەهەشتە خەواڵوەکەی داهێنان
شتم داهێنا
بەڵام بەکپی. بەڵام بەنهێنی
بێئەوەی خەون. بە شکۆمەندی و گەورەیی ببینم
کەڵجار. کە:
دوو یا سێ ڕۆژ لەنێو شانشینەکەما
گۆشەگیر بوووم
خەوو خۆراکم فەرامۆش کردووە
چێژم لە دڵازایی و لەفرمێسکی سروشان وەرگرتووە
کشتی بەرهەمەکانی خۆم سووتاند
بە ساردی یەکەوە. چاوم بڕی یە بیروڕاکانم
ئەو دەنگانەش کە دامهێنان
بەکڵپەو گڕیکەوە
لەنێو دووکەڵێکی تەرچکا ون بوون
(تابلۆی ژمارە ٣، نیشان ئەدرێت کەبریتی یە لە چەرە دووکەل و کەسێکی لاتی تەریک..
دایلۆجی تادەکاتە (شوێنی نەکەوتم) بەسەداوە بەدەنگی سالیری دەبیستری)
چیبڵێم کاتێ کە (کلیوک) سەری هەڵدا
نهێنی یە نازدەکانی خۆی بۆ دەرکاندین
نهێنی یە فول و سیحراوی یەکان
ئەوانەی کە لەبەرایی فێربووم. تووڕم دان



ئەوەی کەبووە مایەی خۆشەویستیم
هەموو ئەوەی کەبووە مایەی گەرمایی بروام
بێ‌رارایی، بەگشت هێزێکمەوە

شوێنی ئەکەوتم

وەك چۆن یەکێ گومڕا ئەبێت و
بەقسەی یەکەم ڕێبوارێکی لایدە ئەکات و
ڕێ ئەگۆڕێ‌و ڕێگایەکی تر، ئەگرێتەبەر
(لێرەدا هاتوتەوە سەرخۆو بەدەنگی خۆی ئاسایی
قسـەئـەکـات.. وردە وردە بەلای دەمـامکی دووەمدا
کەنمـونـەی لووت بەرزی دەگەیەنێ دەروات و مامەڵەی
لەتەکدا دەکات).
لەئەنجامی وچان ئەدان و ئەسرەوتنەوە
توانیم، لەبواری بەربلاوەی هونەردا
ئاستێکی بەرز بۆ خۆم پەیاکەم
گەورەیی‌و شکۆمەندیم بوکەوتە سەرەتانێکی
لەنێو دڵی خەلکیشا

شوێنی داهێنانەکانی خۆم کردەوە
زۆر بەختەوەربووم
بەشێنەیی چێژم لە داهێنان و سەرکەوتن و شکۆمەندی وەرگرت
هەرئاوایش.. چێژم لە
بەرهەم و سەرکەوتنی دۆست و هەڤاڵەکانی
نێو بواری واقورهێنەری هونەری وەرگرت
ببرای.. ببرای جاران مانای ڕژدی‌و بەرچاوتەنگیم نەئەزانی
(لێرەدا ڕەنگی سوور بەسەر شوێنی کرداردا زاڵە مۆسیقای
ئەم دیمەنەش بەشێکە لە «ئەفیجینیا لە ئۆلۆس»ی کلیوك
ئەژەنرێ)
تا.. ببرای ببر -
تا ئەوکاتەش کە (بنێتشێن) بۆی‌لوا
گوێچکەی خەلکی دروکەو دەنی پاریس بزرینگێنی
تا ئەوساتەش، کە بۆ جاری‌یەکەم
گوێ بیستی یەکە دەنگەکانی (یەفیجینیا) بووم
کێ ئەیوێرا بڵێ

(دایلۆژی داهاتوو تۆماردەکرێ بەسەرداوە تابلۆی ژمارە «٤» یش کە بریتی‌یـە لە چەند مارێکی تێك ئالاّو نیشان ئەدرێت.. ئەکتەریش لەگەڵ دەمامکەکەدا تەواو یەکانگیر بووە..)

کێ ئەیوێرا بڵێ:
ئەم سالیری‌یە سەرازادە
رۆژێ لەرۆژان هەرزەو رژدو خوێری بووە
مارمژەرێ بووەو خەلك خستویانەتە ژێر پێ
ئەمیش بەهیوا برانێکەوە، خۆڵ و چەوی کرۆشتووە؟
کەس.. کەس نەیوێرا..
کەچی ئێستا ـ خۆم ددانی پیائەنێم ـ

«بەدەنگی ئاسایی..
دێتەوە سەرخۆو ..))
ئێستا من رژدم و هەست بە بەرچاوتەنگی ئەکەم
بەهێز زۆر بەهێزم.. بەئازارەوە هەستی پێ‌ئەکەم
ئاخ..! ئەی ئاسمان

(تۆمارکراو بەدووبارە بوونەوە..)
کوا داد، کاتێ کە بەهرەی پیرۆز ئەبەخشیت
کاتێ کە بلیمەتی ئەمر، ئەبەخشیت.
ـ هیچ بەخششێ بۆ ئەڤینێکی هەڵایساو
بۆ لەخۆبووردن بۆ ئەرکی بێ‌ئامان، بۆ ئەسرەوتن،
بۆ لالانەوە، نی‌یە
بەڵکو بۆ رۆشنکردنەوەی عەقڵێکی شێت
تا عەقڵی بەرەڵلایەکی بێ‌کار؟

(لەدیواری لای راستی هۆڵەکەوە، لەگەڵ دەنگی هارژنی مۆسیقـایەکی گەڵ جەنجاڵەوە، چەند رەنگێك لە ئامێری رووناکی‌یەکانەوە وروژم دەبەن و ئەوناوە دەکەنە تیشکی رەنگاورەنگ، مۆزارتی مەزن دەردەکەوێ)
سالیری: ئۆهـ.. مۆزارت.. مۆزارت (تیشك دێتەسەری)
مۆزارت: ها.. ها.. وائەمبینیت! بریارم داوە نوکتەیەکی سەیرت

بۆ بگێرمەوە.
سالیری: تۆ لێرەی .. لەکەیەوە؟
(لێرەدا بینەری سەر بازنە تەختەیی‌یەکە دەبنە بەشێکی

سەرەکی پێکهێنـانی جموجـوڵی ئەکتـەرەکان و گرنگێتی جمـوجـوڵیان دەبێتە بنەرەتی نمایشتەکە بەوەی جارێك بەلای سالیری‌دا وەردەگەرێن و جارێك بەلای مۆزارت دا)
مۆزارت: هەرئێستا هاتم.. شتێکم لەدڵەو ئەمەوێ بوتی باس بکەم
لەپـرێـکـا کە لەبەردەم مەیخانەکە ، رەت بووم گوێم لەدەنگی کەمانچەیەك بوو.. ئەء.. ئەی هاورێم سالیری گیان ببرای ببر، تۆ گوێ‌بیستی شتێکی وا بێ‌نرخ نەبوویت.. کەمانچە ژەنێکی کوێـر، لە مەیخـانەی (قۆیك سپەیت)دا، کەمانچەی ئەژەنی.. شتێکەو ناچێتە عەقڵەوە!
نەمتوانی خۆم راگرم، وا ئەو کەمانچە ژەنەم
بۆ هێناویت، تا هونەرەکەی خۆیت پێ نیشان دات....

(لەدیـواری لای چەپی شانـۆدا ئەکتـەرێکی کەمـانچـە بەدەست بەرز دەبێتـەوەو کارگەرانی رووناکی بەگورجی دەگەنە سەری‌و بەدەری دەخەن، بەم پێیەش بینەران واز لە مۆزارت و سالیری دەهێنن و بەرەو لای ئەو کەمانچە ژەنە لائەکەنەوەو گوێ‌ئەگرن)..

(پارچە مۆسیقای دوێن جوان ئەژەنێ‌و
لەولاشەوە مۆزارت پێ‌ئەکەنێ)
(کـە سالیری قسـە دەکـات دیمـەنی لای راست تەواو ئەبێت و بینەران بەلای سالیری‌دا لائەکەنەوە)

سالیری: چۆن؟.. ئەتوانی پێ‌بکەنی؟
مۆزارت: ئاخ.. سالیری! بەراستتەو ناتەوێ
بە شداری ئەم پێکەنینەم بکەیت؟

(تابلۆی ژمارە چوار لەسەرو سیمای سالیری دانەنرێت کە بریتی‌یە لە شاخێك. کەسێك لەسەر ترۆپکەو کەسێکی تریش دەیەوێ سەرکەوێو لەدامێنی‌دا شەکەتە)

سالیری: جا بۆ ببێکەنم. کاتێ کە مەراییگەرێکی ساختەکار دێت و رووی (مادونا) ی رۆفائیلم بۆ ئەشێوێنێ.. بۆ پێبکەنم کاتێ کە جادوکەرێکی هیچووپووچ، بەفشە.

بەرهەمێکی (دانتی ئەلیگیری) ئەبزرکێنێ.. برۆ.. برۆ دەرکەوە.. مامەی پیرە، لاچۆ لەبەرچاوم

مۆزارت: بووەستە.. بگرەو ئەم پێکە بۆ چاوی من نۆش کە

(دیمەنی لای ڕاست کۆتایی دێ بە کوژاندنەوەی ئامێزی ڕووناکی‌یەکان..)

سالیری ئێستا تۆ میزاجت تێکچووە، وا ئەڕۆم و وەختێکی‌تر دێمەوە لات.

• سالیری:چیت بۆهێناوم؟

مۆزارت:ئانا.. هیچ.. بەرلەماوەیەك شەوێ، بێخەویەکی کوشندە دایگرتم..

(ڕووناکی شین دەکشێ بەسەر مۆزارت دا..

دووسێ شت بەمێشکما رابورد

ئەمرۆ دانیشتم وڕەشنووسم کرد

حەزم کرد، گوێم لەرای تۆ بێت

کەچی تۆ دەست بەتال نیت

سالیری: ئاخ خ.. مۆزارت.. مۆزارت..

کەی‌بێ تۆم بوکراوە؟ دانیشە واکوێم بۆ شل کردوویت

(سالیری پیانۆکە پالدەنێو هەلدەستێتە سەرێو نیوەی لەنێ دەکاتە مۆزارت)

مۆزارت: هەرچییەك بێ بێنە بەرچاوت

هەرچۆنێ بێت با من لە ئێستا بەدواوە

ببم بەلاوێکی دلدار - زۆرنا بەلکو نەختێ

لەکەل کچۆلەیەکی شۆخا

یا لەکەل هاورێیکا

بام بلێین لەکەل تۆدابم

من سەراسودەو دلکۆشادم

کەچی لەپڕێکا

(تیشکی سەردەم و مۆزارت دەبێتە سووریکی تیژ، لەولاشەوە کارگەرانی ڕووناکی هەریەکە تیشکی شین ئاراستەی دەم و چاوی خۆیو بینەر دەکات، بەرادیەك بینەر شەوکوێر دەبێو هەولێ رزگاربوون لەو تیشکە ئاراستەکراوە ئەدات. دەنگی مۆسیقایەکی ترسناك بەرادیەکی ئاساز بەرز دەبێتەوە)

تارمایی‌یەکی ئاگەمان دادێ.. یا شتێ لەم چەشنە بەهەرحال گوێ بگرە:

(مۆزارت بە کەمانچە پار مۆسیقایەکی شیوەن ئامێز ئەژەنێ ئامێری ڕووناکی‌یەکانیش دەکەونە دلەراوکێ بەناو کون و کەلەبەری هۆلەکەدا وەك سەمایەکی تیشکدار لەکەل ژەنینەکەدا بکەن)

سالیری: هە.. تۆ ئەمەت بۆ هێناوم

لەمەیخانەکە وەستایت.

گوێت بۆ پیرەکوێرە کەمانچەژەنەکە گرت

(دەمەتەقەی داهاتوو، بەتۆمارکردن دێتە بەرگوێ، لەتەك دەنگەکەدا سالیری دەکەوێتە حالەتێکی هستیریاوە)

ئاخ خوایە

تۆ.. تۆ مۆزارت گیان نرخی خۆت نازانی

مۆزارت ها.. پێت جوان بوو؟

سالیری: ئای چەند قوول و بەتام بوو

(مۆزارت تووشی حاڵەتی گرژبوون دەبێت هەڵدەستێتە سەر پیانۆکەو بە تۆمارکردنی وتەی دوواییەوە دەڵێ:»

مۆزارت گیان، تۆ خواوەندیت، خواوەند
کەچی بەخۆت نەزانیوە
من ئەزانم.. من
مۆزارت: هم م م.. بەراستتە؟ .. لەوانەیە
بەڵام خۆ اوەندێکی گەندەڵ
مۆزارت: خۆشحاڵ ئەبم

سالیری: (رووناکی لەسەر مۆزارت نامێنێ.. سالیری بەتەنها دەمێنێتەوە، ئامێری ڕووناکییەکان وروژم دەبەنە سەری، ئەمیش لەسەمایەکی شێتانەدا بەدەنگێکی تۆمارکراوی نائاساییەوە:)

وریابە .. چاوەڕێتم
نەء.! ناتوانم لەرووی چارەنووسم بووەستم تاقیکردنەوەکە، وا ئەخوازێ، رایکرم

ئەگینا هەموومان تەفرو توناو رونەچین
کشتمان، نیمە کشت رەبەن و بارانی مۆسیقا

(هێدی.. هێدی دەنگی سالیری ئاسایی لەگەڵ دەنگی تۆمارکراودا تێکەڵ دەبنەوە تا دەنگە ئاساییەکەی زاڵ دەبێت.
تابلۆی ژمارە «٦» دێتە سەر ئامێری فانۆسەکەو دەیدات لەسەر سیمای سالیری کەبریتییە لە بازێکی درندەو بری بەکەسێکدا کردووە.)

سالیری: نەء، هەرتەنیا من چێژ.
لە شکۆمەندیەکی رەنگ پەڕیوو. وەرناکرم
سوودی چییە، کەر مۆزارت بەزیندوویی بمێنێتەوەو هەڵکژێتە سەر ترۆپکی‌کەی. پەیژەکانی

شکۆمەندی ئایا بەو هەڵگژانە ئەتوانی ئاستی هونەر بەرزکاتەوە؟
نەء.. ببڕای ببڕ

کاتێ کە ئەم شوێنە ون ئەبێ
ئاستی هونەر دائەبەزێ
کەسیش لەنێوانمانا نامێنێ، تا جێی ئەم بگرێتەوە
چ سوودێکی تیاماوە
ئەم لەفریشتە یەکی پاك ئەکات

کە چەپکێ گۆرانی ئاسماناوی بۆهێناوین
تا دوو .. قوول پەرموازە بگرێ
دوایئەوەی کەڵێ تاسەو ئارەزووی بێکەڵکی

لە نێو دڵی ئێمەی وەچەی مەرگ و نەمان دا وروژاند:
ئاوا با ون بێت!

چەند زووتریش بێ، ئەوەندە چاکترە
(تۆمار بەسەداوە.. دەمامکێکی شێوە درندە دێتە بەرچاوی سالیری‌و مامەڵەیەکی ئەهریمەن ئاسای لەگەڵ دەکات:)

ئا ئەمەتە ژەهرەکە
ئەو دوا دیارییەی شوانە وێڵەکەم
هەژدە ساڵە بۆ کوێ ئەڕۆم
لەتەك خۆما هەڵمگرتووە

هەر لەو ساتەوەیش:
کەڵێ جار ژیان لەلاما بووە بەزامێکی قووڵ و بەرکەی ناکرم

کەڵجار، بێباڵ، لەگەڵ دوژمنا
لەسەر یەک خوان دانیشتووم
هەرکێزاو هەرکێزیان
گوێم نەداوەتە، چرپەی هەڵفریواندن

(تابلۆی ژمارە «٧» دەخرێتە ڕوو کە بریتی‌یە لە وێنەی فڕینی دوو پەری‌و لەخواریشەوە جەنگەڵێکە مارێکی قەف ئەستوور زمانەی بۆ دەرکێشاون..)

هەرچەندەیش من ترسنوک نیم
هەرچەندەیش، بەقووڵی هەست بەسەرشۆڕی ئەکەم
هەرچەندەیش من ژیانم زۆر خۆش ناوێ
کەڵجار، ڕاڕابووم

ئای .. خواست و ئارەزووی مەرگ، چەند ئازاری‌دام
جا چییە، گەر ئادەمزاد بمرێ..
وام ئەزانی، ڕەنگە ئەم ژیانە
گەلێ بەخشش چاوەنۆڕ نەکراوی بۆم هەڵگرتبێ
کێ ئەزانێ!؟

لەوانەیە دڵازایی‌و سروشان و شەوانەی پڕ لە داهێنان دامگرێت
ڕەنگە (هایدن)ی نوێ
شتێکی نوێ دابهێنێ
تامن.. چێژی لێوەرگرم

هەروەک چۆن، لەگەڵ
شەبەنگێکی دەعەجانی ئاهەنگم سازدا
ڕەنگە وام زانیبێ دوژمنێکی نالەبار بدۆزمەوەو
لەبەر ڕایی‌یە فێزدارەکانەوە، بۆم دابەزێ

ئازاری نالەباری..

ئەوساتە، دیاری شوانە وێڵەکەم بەفیڕۆ ئاڕوات
من ڕاست بووم!
لەئەنجامدا دوژمن و سیحری نوێ‌و پڕ لەسەراسیمەی
(هایدن)م دۆزیەوە
(دووبارە دەنگ تۆماری سەدایی دەکرێت.. تیشکەکان بەپەلە بەیەکدا دێن و دەچن زەنگی کلێتا تێکەڵ بە مۆسیقایەکی چڕی ترسناک دەبن..)
وا ئێستاش.. دەرفەتم بۆ ڕەخسا!
تۆش ئەی بەهرەی پیرۆزی خۆشەویستی
ئەڕژێتە نێو پیاڵەی دۆستایەتی..

(دیمەنی دووەم)*

(دووتیشکی شین لەلای ڕاستی دیواری ڕاستی هۆڵەکەی داوە یەک تیشکی زەردیش لەناوەندی دیوارەکەی داوە کە پیانۆکەی لێ‌دانراوە.. یەک تیشکی تری شین لەلای چەپی دیوارەکە.. مۆزارت و سالیری نزیکن لەیەکەوە لەسەر تەختەی پیانۆکە دوو پیاڵەی قەوارە گەورە دانراوە.. لەنێو سەری هەردووکیاندا دەمامکێک هاتۆتە خوارەوەو ترسناکە.. بینەران لەم کاتەدا ڕوویان بەلای ڕووداوو وێنەکانی ئەم دیوارەدا وەرگێڕاوە.. تابلۆی فانۆسەکە ئەمجارە کەژمارە «٩» وێنەی مرۆڤێک نیشان ئەدات لەشێوەی دڕندەدا لەسەر ئانیشکی دانیشتووەو چاوەڕوانی وەیشوومەی لێ‌دەکرێت، لەبەردەمی‌دا لاکی مرۆڤ کەوتووە.. مۆزارت سەری ناوەتە پیانۆکەو یاری بە پلەکانی دەکات..)

سالیری: چیتە.. ئەمڕۆ بۆ وا بەغەمگینی ئەتبینم
مۆزارت: من.. نا نا
سالیری: بەڕاستی مۆزارت گیان تۆ لەشتێ دڵت ڕەنجاوە خۆراکێکی نایاب و مەییکی زۆر بەچێژ لەبەردەممانە کەچی تۆ بێ‌دەنگ و دۆشداماوی
مۆزارت: من ددانی ئەنێم.. ئەم نزاو لاڵانەوەیەم نیگەرانم ئەکا
سالیری: بۆ؟ ئایا خەریکی دانانی مۆسیقایەکی شێوە ئامێزی.. لەکەیەوە؟
مۆزارت: سێ حەفتە ئەبێت، ڕێکەوتێکی سەیرە، ئەی بۆم باس نەکردووی!
سالیری: نەء

مۆزارت: کەواتە گوێ بگرە... بەر لەسێ هەفتە دەرەنگانێ گەرامەوە ماڵ پێیان وتم یەکێ لەمنی پرسیوە.. چی ئەوێ..!
نازانم، بەدرێژایی شەو بیرم لێکردەوە
ئەبێ ئەو کەسە کێ بێ؟ چی لێئەوێم..؟
بۆ بەیانی هەمدیس هاتبووە ماڵەوەو لەمنی پرسیبوو .. رۆژی سێیەم لەنێو حەوشەکەدا
لەگەڵ منداڵەکەما یاریم ئەکرد، بانگیان کردم دەرچووم و پیاوێکی رەشپۆشم بینی
(لەم کاتەدا تیشکەوانەکانی تر لەلای دیواری تەنیشت دەرگای هۆڵەکەوە سەرو هەیکەلی پیاوێکی رەشپۆشی خەمباری هێمنی رۆشن دەکەنەوە.. زیاتریش رەنگی شین بەکار دەهێنن بۆ ماوەی دوو دەقیقە لە تەک مۆسیقای خەماوی دا بە دەردەکەوێو پاشان دیارنامێنێ مۆزارتیش بەردەوامە لەگێڕانەوەدا..)
مۆزارت: بە سەلارییەوە سڵاوی لێکردم.. داوایشی کرد پارچە مۆسیقایەکی نوێژی شیوەناوی بۆ بنووسمەوە رۆیشت، یەکسەر دانیشتم.
(مۆزارت دێتە سەر پیانۆکەو بەهێمنیو لەسەرەخۆ چەند ئاوازێکی خەمگین لەپیانۆکە دەردێنێت..)
سەرقاڵی دانانی مۆسیقاکە بووم
کەچی لەو رۆژەوە، ئەو کابرا رەشپۆشە نەهاتوتەوە
کەچی من زۆر شادمانم،
چونکە مایەی داخە، واز لە کارەکەم بهێنم،
هەرچەند پارچە مۆسیقاکەشم تەواوکردووە
کەچی لەورۆژەوە..
سالیری: چی..؟
مۆزارت: ناتوانم ددان بەوەدا بنێم
سالیری: بەچی..؟
مۆزارت: ئەوزەلامە رەشپۆشە، بەشەوو رۆژ ئارامی لێ هەڵگرتووم بۆ هەرکوێ ئەچم، وەك سێبەرم ئەکەوێتە دوام..
(مۆزارت هەڵئەستیو بەچواردەوری بینەراندا دەگەڕێو ئەوحاڵەتە کابوو سێیەی کابرای رەشپۆش بەسەریدا هێناوە بەسورانەوە دەریدەبڕێو تیشکەوانەکانیشی وەك ئامێری وێنەکرتنی تەلەفزیۆن بەدوایەوەن تا کۆتایی هاتنی دوو دێڕێ دوایی دەکاتەوە لای پیانۆکەو سالیری..)
ئێستا هەر ئێستا لەبەرچاوەمەو لەتەك ئێمەو لەپشت ئەم خوانە، دانیشتووە..
سالیری: دەبیبڕەوە.. ئەم ترسە منداڵکارانەت لەچی؟ واز لەم وتەوێرە بێکەڵکەت بێنە.. رۆژێکیان (بۆ مارشێ) پێی وتم: گوێ بگرە، سالیری گیان:
گەر رەشبینی دایگرتی

یەکسەر سەری شامپانیاکە هەڵبپچڕێنە
یا دەس بکە بە خوێندنەوەی «شۆوکردنی فیگارۆ»
مۆزارت: (دێتەوە سەرخۆی..)
بەڵێ.. بەڵێ .. (بۆ مارشێ) هاورێت بوو تۆش، بەڵێ تۆ (تارارا)ت بۆ ئەوهۆنیەوە بەراستی شتێکی مەزن بوو.. مۆتیفێکی تیادا هەیە، هەرجارەی کە ئەختێ دڵم خۆش بێ دووبارەی ئەکەمەوە.. نا نانا.. ئاخ خ خ خ
(وەك کارەساتێ.. یان مەرگەساتێ.. یان تاوانێکی بیرکەوتبێتەوە..) ئەرێ سالیری گیان راستە گوایە بۆ مارشێ ژەهری دەرخواردی یەکێ داوە..
سالیری: (دەشڵەژێ) بروا ناکەم... چونکە ئەم بۆ ئەم جۆرە کارانە ئەئەشیا زۆر گێل و گەوج بوو.
مۆزارت: بەراستی بۆ مارشێ بلیمەتە
وەك من و تۆ.. بەڵام بلیمەتیو بەدکاری لەتەك یەکا هەڵناکەن.. ئەی وانییە؟
سالیری: بۆ؟.. تۆ .. وای ئەبینی؟
(لەم کاتەدا تیشکەکان لەشێوەی هەورە بروسکەدا لەتەك مۆسیقایەکی خێرای سامناکدا بەشێوەی لێدانی خێرا دەکەونە گیانی مۆزارت و دیوارەکەی پشتیو جارجارەش سەرو سیمای تاوانی سالیری نیشان ئەدەن لەسەریشەوە دەمامکەکە دەکەوێتە جموجوڵ چونکە کاتی ئەوە هات کە سالیری ژەهرکە بکاتە نێو پیاڵەکەی مۆزارتەوە ..)

فەرموو، هەڵیدە
مۆزارت: (پیاڵەکە هەڵدەگرێو دەینۆشێ)

نۆش .. ئەی هاوڕێ، لەچاوی برایەتی نێوان مۆزارت و ساڵیری.. ڕۆڵەی هارمۆنیای من

ساڵیری: لەسەرخۆ .. لەسەرخۆ بە.. تۆ! بێ من هەڵتقوراند

مۆزارت: (پەشتەماڵەکە فڕێ ئەداتە سەر خوانەکەو بەرەو پیانۆکە هەڵدەگەڕێ..)

ساڵیری گیان .. بەسە ئیتر من تێربووم

گوێ بگرە.. ساڵیری گیان .. ئەمە پارچە مۆسیقا شیوەننامەکەیە..

(مۆزارت دەست بەژەنینی مۆسیقا شیوەننامەکەی

دەکات و لەولاشەو سەدای دەنگی

تۆمارکراوی ساڵیریداو خۆیشی لەتەنیشتی پیانۆکەو لەپشتی مۆزارتەوە دەست بەسەمایەکی وەحشیانە دەکات و بەدەنگ و لەش هاوار دەکات..)

ساڵیری:ئەم دانە فرمێسکانە، بۆ یەکەمجار هۆن هۆن لەچاوم دائەڕژێ..

خۆشەو ناخۆشیشە..

وەک بڵێی: ئەرکێکی قورسم جێبەجێ کردبێ وەک چۆن، گازێک، ئەندامێکی نەخۆشی جەستەمی قرتاندبێ،

ئەی مۆزارتی هاوڕێم (پتر دەنگی بەرز دەبێتەوە)

ئاور بۆ ئەو فرمێسکانە مەدەرەوە

لەسەر ژەنین بەردەوام بە

خێراکە، ڕۆحم پڕی سازو ئاوازی هەمە چەشنە بکە

مۆزارت:(وادیارە ژەهرەکە خەریکە کاری خۆی بکات..)

خۆزیا هەموو کەسێ بیانتوانیایە

بەم جۆرە، هەست بە هارمۆنیا بکەن!

بەڵام نەء .. چونکە گەر وابوایە،

جیهان نەئەبوو.. کەسی وایش نەئەهات

تا خۆی بۆ گوزەرانی ڕۆژانەی ژیان تەرخان بکات

هەموو لایەکیش، خۆیان بۆ هونەری ڕەهاو ئازاد تەرخان ئەکرد(بەم وشانەوە هاوار دەکات و لەسەر ژەنینیش بەردەوامە)..

مانەوەی ئێمە زۆر دەگمەنن

ئێمەی بەختەوەری بێکار

کە بەچاوێکی سووکەوە،

سەیری بەرژەوەندی تەسک ئەکەین

ئەی وانی‌یە؟

من ئێستا ئەختێ شەکەتم.. کەشەنەی دایگرتووم

(خاو دەبێتەوە هەڵدەستێتە سەرپێو پیانۆکە جێ دەهێڵێ بەرەو لای دیواری ناوەندی سەرەوەی هۆڵەکە.. تیشکەوانەکان دوای دەکەون.. تا لەشێوەی مەسیحی لەخاچ دراودا بەناوەراستی دیوارەکەوە ڕەق دەبێو زەنگی کڵێتاو هارمۆنیا شیوەن ئامێزەکەی بەرزئەبێتەوە..)

وا ئەڕۆم، سەرخەوێ ئەشکێنم.. خوات لەگەڵ..

ساڵیری: (تەنها لەم لا ئەمێنێتەوە - سەرنجی بینەران دابەشە بۆ دیواری لای ڕاست و دیواری ناوەندی سەرەوە)

ئەم خەوەت، خەوێکی درێژ ئەبێت، مۆزارت گیان!

بەڵام ئەبێ تۆ ڕاستت ووتبێ؟

ئالوێ من بلیمەت بم؟

(بلیمەتیو بەدکاری) دوو شتن بەیەک هەڵناکەن.. ترحێو.. ئەی پۆناروتی؟ یا ئەمە سەربردەیەکی ناڕەواو کەوج و نەزانە..؟

کەچی داهێنەری فاتیکان، پیاوکوژنەبوو..؟

(تیشک لەسەر ساڵیری لائەچێ .. هەموو تیشکەوانەکان لای لاشەی ڕەق بووی لەخاچ دراوی مۆزارت ی بلیمەت کۆدەبیەوە، وەک بیانەوێ بەتیشک شیوەنی بۆ بگێڕن ماوەی سێ دەقیقە ئەم دیمەن بەردەوام دەبێت، پاشان،دوا تابلۆی فانۆسی سیحری کۆتایی بەو مەرگەساتە دەهێنێو تیشکەکان دەکشێنەوەو تابلۆی ژمارە «١٠» دەخاتە سەر گیانی مۆزارت کە بریتی‌یە لە لەمەسیحی لەخاچ دراوی بەپەرێو باڵدار تەنرو کە بەرەو ئاسمان سەرێ‌دەخەن و مۆسیقای شیوەنئامێزەکەش هەر بەردەوامە.. دیمەنەکە بەم شێوەیە دەمێنێتەوە تا دوایین کەسی بینە هێندی لەهۆڵە دەردەچنە دەرەوەو. ئیتر نازانین کۆتایی‌یە ئەم مەرگەساتە ژەهراوی‌یە یان سەرەتایە..».

# گوڵەکان بۆ کێ؟





● نووسینی: محي الدین زەنگەنە ● ● وەرگێڕانی: - ئازاد بەرزنجي ●

کاراکتەرەکان.. «دایك، کوڕ، دوو ئافرەت، سێ پیاو»

«باخچەیەکی ئاوەدانە دەوری ساختومانێکی بەرزی داوە، تەنها ڕووی پێشەوەی ساختومانەکە دیارە کە پەنجەرەی فراوانی هەیەو پەردەکانی دادراونەتەوە، کورسییەکی داریی جوان هەیە بە سپی ڕەنگ کراوە، بەیانیی ڕۆژێکی پاییزە، تازە خۆر هەڵهاتووە، کۆترە کێویلەکان لە نێو گیاکاندا خەریکی دان خواردنن، خانمێك تەمەنی چل و دوو ساڵە خاوەن جوانییەکی تایبەتییە، بەرگێکی ڕەشی پۆشیوە، سیحرێکی تایبەتیی پێ بەخشیوە، شاڵێکی ڕەشی لە خوری دروستکراوی بە شانیدا داوە، جگە لە جانتا ژنانەکەی دەستی، جانتایەکی بچووکی جل و بەرگی پێیە، دێتە باخچەکە، کوڕەکەی کە تەمەنی نزیکەی بیست ساڵێك دەبێ بە دوایدا دێت، کە دێن کۆترەکان دەفڕن، کوڕەکە بە دوا کۆترێکیاندا ڕادەکات تا بیگرێت. کۆترەکە دەفڕێت و لە شەقەی باڵ دەدات»

کوڕ: «بەخەمەوە» فرێ.. بەداخەوە.. چەند حەزدەکەم کۆترێکم هەبێ.

دایک: «شاڵەکە دەدات بەسەر کورسی‌یەکەداو بە تەواوی کورسی‌یەکە دەپۆشێ.. جانتای جل و بەرگەکەش لە ژێریدا دەشارێتەوە».. وەرە.. وەرە.

کوڕ: «لێی نزیک دەبێتەوە» من خۆشم دەوێ، کەچی ئەو متی خۆش ناوێ، هەمیشە لەدەستم ڕادەکات.

دایک: «جێی خۆی لەسەر کورسی‌یەکە دەکاتەوە» دابنیشە کوڕم.. دابنیشە..

کوڕ: لێرە؟ لێرە یەکتری دەبینین؟

دایک: بەڵێ «پاشان» بە دڵت نی‌یە؟

کوڕ: «هێشتا بە پێوەیە، چاوێک بە شوێنەکەدا دەخشێنێ» لەوە دەچێ... شوێنێکی خراپ نەبێ.

دایک: بەڵکو خۆشە.. دەبێ بڵێی شوێنێکی خۆشە.

کوڕ: جا وایە؟

دایک: تەماشا بکە.. چۆلەکەو کۆترو گوڵ و ئاوو درەخت و خۆر.. خۆرێکی گەرمی بەسۆز.. تینی خۆیمان پێ دەبەخشێ.. ئاه... شوێنێکی ژیوارە «یان پڕ ژیانە».

کوڕ: ئێرە.. ئێرە.. وەکو تۆ دەڵێی.. شوێنێکی خۆشە.

دایک: وەکو من دەڵێم؟ ئەی خۆت ناتوانیت هەست بەوە بکەیت؟

کوڕ: ها.. نازانم.

دایک: «بە ئازارەوە» ئاه.. «بێدەنگی.. کوڕەکە لە شوێنەکە ڕادەمێنێ».. ها.. بە دڵتە؟

کوڕ: «ئاگای ڕۆیشتووە»وا.. وابزانم.. وابزانم بەدڵمە.

دایک: وابزانیت؟ واتە.. دڵنیا نیت.

کوڕ: دەشوبهێنێت و.. ناشوبهێنێ سەر هەندێ شوێن.. کە بینیومن و... خۆشم ویستوون.

دایک: نا.. نا.. ئێرە ناشوبهێنێ سەر هیچ یەکێ لەو شوێنانەی لەمەوبەر بینیوتن.

کوڕ: ها؟

دایک: هەرگیز لەمەوبەر شوێنێکی وەك ئێرەت نەبینیوە.. ئەم جۆرە شوێنانە زۆریان تێ دەچێت.. ئێمەش هەرگیز بۆمان نەرەخساوە کە سەردانیان بکەین.

کوڕ: ئەی ئێستا؟

دایک: «بەخۆشی‌یەوە» ئێستا هەروەکو دەبینیت.. هاتووینەتە ناویەوە.. پێویستە لەم هاتنەمان چێژ وەربگرین.

کوڕ: بڕوا ناکەم بتوانم.

دایک: بۆچی؟

کوڕ: لەم شوێنە زۆر دڵنیا نیم.. من.. من.. لێرە هەست بە دڵنیایی ناکەم.

دایک: «دەنگی گرژ دەبێ» ئاخ.. خوایە «خەریکە دەگری» ئەگەر دەتزانی چەند لەسەرم کەوتووە.. ئاخ.. ئەگەر دەتزانی...

کوڕ: «بە ساویلکەیی‌یەوە» نازانم.. پێت نەوتم.

دایک: شتێکە ناوترێ.. شتێکە نرخی بۆ دانانرێت... ئاخ.. کلۆڵیم

«دەست بە دەمو چاوی‌یەوە دەگرێ»

کوڕ: «بەبێ ئەوەی تێبگات» ب.. ب.. بۆچی.. ب.. ب..

دایک: لەبەرئەوەی هیچی ترم شک نەدەبرد.. هیچی ترم شک نەدەبرد تا کامەرانیی تۆی پێ بکڕم.

کوڕ: کامەرانیی من؟

دایک: کامەرانیی خۆشم.. خۆت دەزانیت بەبێ کامەرانیی تۆ شتێکی هیچە.. ئازارە.. مردنە.. کوشتنە «دەگری» ئاخ خوایە.. لێبووردنت.. خوایە.. بەزەییت.

کوڕ: دایە.. دایە.. مەگری.. تکات لێ دەکەم.. مەگری.. خۆشم دەوێ.. ئەم شوێنەم خۆش دەوێ...

دایک: «گومان دەکات» بە.. ڕاستە؟ بەڕاستە کوڕە خۆشەویستەکەم؟؟

کوڕ: بەڵێ.. دایە.. بەڵێ.

دایک: ئۆ هـ.. پێم خۆشە.. زۆرم پێ خۆشە.

کوڕ: ئیتر.. زوو زوو بۆ ئێرەش دێم.

دایک: «بە هەڵچوونەوە» نا.. نا.

کوڕ: «بەسەر سوڕمانەوە» نا..؟!

دایک: «دەرك بە هەڵچوونەکەی خۆی دەکات» لە دڵەوە ئاوات دەخوازم.. لێرە دەربچیت و بۆی نەگەڕێیتەوە.. هەرگیز..

کوڕ: لەبەر ئەوەی زۆری تێ چووە...؟

دایک: لەبەرئەوە.. لەبەرئەوەی.. «دەوەستێ» بەڵام.. بەڵام بۆچی دەتەوێ زوو زوو بۆ ئێرە بێیت؟

کوڕ: من.. من نامەوێ.. ئەو.. ئەو دەیەوێ..

دایك: مەبەستت کێ یە؟

کوڕ: کچەکە.. کچە جوانەکەی کە تۆ بەڵێنت دامێ لێرە بیبینم.

دایك: ئ... ئ.. بیرم کەوتەوە.

کوڕ: «بە خەیاڵ کردنەوەوە» داوام لێ دەکات.. هەموو ساڵێك...

بە یادی یەکەم جاری یەکتر بینینمانەوە لەو شوێنەدا کە یەکترمان تێدا بینی ئاهەنگ ساز بکەین.

دایك: ئ.. ئ.. وایە.. وایە.. هەموو ئافرەتێك داوای.. ئەوە دەکات.

کوڕ: بەڵام ڕەنگە من نەتوانم ساڵێکی ڕەبەق.. چاوەڕێ بکەم.

دایك: بۆچی؟

کوڕ: «بە دەنگێکی خەمگینەوە» ساڵ.. زۆر درێژە...

دایك: «وەکو ئەوەی لەگەڵ خۆی بدوێت» ڕاست دەکەیت..

درێژە.. زۆر درێژە..

کوڕ: «بە چوست و چالاکی یەوە» هەموو هەفتەیەك لەگەڵیدا ئاهەنگ ساز دەکەم.

دایك: هەموو هەفتەیەك؟

کوڕ: «بە پاشگەز بوونەوەوە» کورتە؟ زۆر کورتە.. مەبەستم ئەوەیە.. زۆر کەمە؟

دایك: د.. ڕەنگە.. ڕەنگە..

کوڕ: کەواتە هەموو.. هەموو.. «بیردەکاتەوە» هەموو کۆمەڵە هەفتەیەك.. دەبێت؟

دایك: دەبێ.. خۆشەویستم دەبێ.. «بێدەنگی» بۆ.. بۆ.. دانا نیشیت؟ ماندوو نەبوویت؟

کوڕ: «لای دایکی یەوە دادەنیشێت» ئەوە وام لێ ناکات.. لەبەر.. چاوی سووك بم؟

دایك: بۆچی بڕوات وایە؟

کوڕ: من بڕوا ناکەم.. کوڕەکانی گەڕەکەکەمان وا دەڵێن.

دایك: دەڵێن چی؟

کوڕ: دەڵێن دەبێ پیاو هەروا بە ئاسانی خۆی بە دەست ئافرەتەوە نەدات.. دەبێ.. دەبێ.. خۆی قورس ڕابگرێت..

بەتایبەتی لە سەرەتای یەکتر ناسینیاندا.

دایك: بۆچی؟

کوڕ: بۆ ئەوەی ئافرەتەکە زیاتر خۆی پێوە هەڵواسێت.. بە شێوەیەکی بەهێزترو توندترو پتەوتر «بەجووڵەی دەستی ئەوە پیشان دەدات، پەنجەکانی هەردوو دەستی خۆی لە یەك دەئاڵێنێ و پاشان لە یەکیان دەکاتەوە.. هتد» ئایا.. وایە؟

دایك: لە ڕاستیدا نازانم، لەمەوبەر بیرم لەمە نەکردووەتەوە

کوڕ: ئەی.. ئەی.. باوکم؟

دایك.. چی یەتی؟

کوڕ: چۆن بە یەکتری گەیشتن؟

دایك: هەروەکو خەڵکی..

کوڕ: مەبەستم ئەوەیە لە کوێ؟ لە چ شوێنێك؟ هەر لێرە..

دایك: ئۆهـ... نەء.. بێگومان نەء..؟

کوڕ: واتە.. لە ژێر تیشکی گەرمی خۆرو لە ناو گوڵ و باڵندەو..

دایك: نەء. ئەفسووس.. نەء..

کوڕ: کەواتە.. لە کوێدایە؟ لە کوێ..؟

دایك: ئۆهـ.. واز لەوە بهێنە کوڕم... ئەوە بەسەرهاتێکی کۆنە..

کوڕ: بۆ.. بۆچی لە کۆندا شوێن نەبووە خەڵکی یەکتری تێدا ببینن؟

دایك: هەبووە.. هەمیشە شوێن هەیە، هەر لە سەرەتای بوونی مرۆڤەوەو هەتا هەتایەش هەر دەبێ.

کوڕ: ئەی.. ئەی ناگۆڕێت؟

دایك: دەگۆڕێت... هەموو شتێك دەگۆڕێت..

کوڕ: بەڵام ئێوە سەرباری ئەوەش ناسیوتانە،.. بە یەکەوە بۆی چوون..

دایك: «خەیاڵ دەکاتەوە» بۆی؟ بۆ کوێ؟

کوڕ: بۆ ئەو شوێنەی یەکەم جار یەکترتان تێدا بینی.

دایك: «تووڕەیێك بە جیددی» نا.. بە یەکەوە بۆی نەچووین.. هەرگیز.. هەرگیز..

کوڕ: «بەسەر سوڕمانەوە» سەیرە.. بۆچی؟

دایك: لەبەر ئەوەی هەرگیز لێم خۆش نەبوو.. تا داوای لێ بکەم بۆی بچین.

کوڕ: ئەی ئەو؟

دایك: ئەویش.. پێی خۆش نەبوو.. بڕوا ناکەم کەس ئەو.. شوێنەی پێ خۆش بێت، ئەگەرچی ناچاریش بێت تیایدا بژی...

کوڕ: بۆچی؟

دایك: لەبەرئەوەی شوێنێکی پیسی.. هەناسە تەنگ دەکات..
تاریکستانە.. تەنانەت خۆریش بە شەرمەوە تیایدا
نامێنێتەوەو... خۆی پێدا ناکات.

کور: کەواتە.. بۆچی شوێنێکی... ئاوەها تەنگ و ناخۆشتان
هەڵبژارد..

دایك: ئێمە خۆمان هەڵمان نەبژارد..

کور: ئەی کێ بۆتانی هەڵبژارد؟ «وەڵام ناداتەوە» دایکی؟

دایك: «بە دەم زمان تەتەڵەکردنەوە» ن... نە..

کور: دایکت؟

دایك: نەء. نەء.. بەختم.. بەختە ڕەشەکەم.

کور: بەختت؟ یانی چی بەختت؟

دایك: کوڕم.. گوێ بگرە.. ئەوە مەسەلەیەکە کە دێتەوە یادم
هەست بە شورەیی دەکەم.. تۆش بەزەییت بە دایکتدا
بێتەوەو.. ئەوە مەهێنەرەوە یادم.. لەبیر خۆتی بەرەوە..
کوڕم.. لەبیر خۆتی بەرەوە.

کور: بەڵام چی باڵی پێوە نایت... خۆشەویستی..

دایك: «قسەکەی پێ دەبڕێت» بارو دۆخ.. هەندێ بارو
دۆخی... سەخت و ناهەموار.. کە لە من بەهێزتر بوون
باڵیان پێوە دەنام لەو نزیك ببمەوە.. و.. ئەو بارو دۆخانە
لە سایەی ئەوەوە گۆڕان.. لە سایەی ئەو مرۆڤە بەرزەوە..
کە خاوەن دڵێکی مرۆڤانەی مەزن بوو.. و گوێی نەدەدایە
کۆمەڵێك پێودانگە و نەریت و منی ڕزگارکرد.. ئەگەر ئەو
نەبووایە.. ئەگەر خۆشەویستییە مەزنەکەی ئەو نەبووایە..
ئەوا کرم دایدەڕزاندم و دەیکوشتم.. و دەبوومە مشتێ
ئێسقانی ڕزیوو بۆگەن..

کور: باوکم؟... مەبەستت.. باوکمە.

دایك: ئەی کێ.. کێ جگە لەو مرۆڤە خاوەن ئەقڵ و دڵە..
گەورەیە ئابڕووو ناوی خۆی دەبەخشێ بە ئافرەتێك کە
خەریك بوو دەبووە پاشماوەیەکی مرۆڤایەتی «کوڕەکە هەناسە
هەڵدەکێشێت، ئافرەتەکە بەئاگا دێتەوە» چیتە کوڕم؟

کور: کاتێ لێت دەبیستم ئاوەها بە سەرسوڕمانەوە باسی باوکم
دەکەیت.. لە شوێنێکی دەروونمدا ئازارێکی.. تووند
دەتەقێتەوە.. بۆچی من نەمبینی؟ بۆچی؟ بۆچی؟

دایك: فەرمانی چارەنووس.. زۆر جار زاڵم و نامرۆڤانەیە.. زیاد
لە پێویست، کۆرپەلەیەك لە هەناومدا هەبوو، تۆوێکی
بچکۆلە.. پیاوێك لە زەوییەکی بەپیتدا چاندی.. کەچی
چارەنووس دەرفەتی نەدا تا ببینێ کە گەشە دەکات وگەورە
دەبێت.. «کۆترێك لێیان نزیك دەبێتەوە، کوڕەکە چاودێری
دەکات و سەیر دەکات، لە دایکی و قسەکانیی خافڵ دەبێت»
بەڵام تکام وایە بەزەیی بە حاڵمدا بێتەوە.. بهێڵێت ئەو
درەختەی لەو تۆوە باشەوە سەری دەرکرد نەشونما بکات و
بەربگرێ... تا دەبێتە درەختێکی بەرزو.. لە ژێر سایەیدا
دەحەسێمەوەو.. لە بەرەکەی دەخۆم.. «کوڕەکە بە پێدزکە
ڕووەو کۆترەکە.. هەنگاو دەنێ» ئەوساڵ و ڕۆژانەی لە
تەمەندا ماومە بە سەربەرزی و ئابڕوومەندی و.. دڵنیاییەوەلە
پاڵیدا بژیم... ژیان و زەبرو زەنگی ژیان ناچارم نەکات
جارێکی دی بگەڕێمەوە ئەو زیندانە بەڵایە...

کور: «بەوردییەوە لە کۆترەکە نزیك دەبێتەوە، پاشان لە.. پڕدا
خۆی هەڵدەدات بە سەریدا» کۆترەکە دەفڕێت و ئەمیش
دەکەوێتە سەرزەوی، ئازاری پێ دەگات و هاوار
دەکات» ئاخ... دایە..

دایك: کوڕەکەم «بە پەلە بۆ لای دەچێت، لە زەوییەکە بەرزی
دەکاتەوە، ئەو گیاو دڕکانەی بە دەموچاوو جل و
بەرگەکانییەوە دەلکێن لێی دەیانکاتەوە» ئاهـ... ئاه...
بۆ.. بۆ وا لە خۆت دەکەیت... ئای خوایە.

کور: کۆترەکە.. دایە.. کۆترەکە فڕی.

دایك: چیت لە کۆتر داوە.. خۆ منداڵ نیت.. نابێ خۆت بەو
شتانەوە خەریك بکەیت کە منداڵ خۆی پێیانەوە خەریك
دەکات.. تەماشا.. تەماشا چیت لە خۆت کردووە.

کور: داوای.. لێ.. بووردن دەکەم.

دایك: جا تازە سوودی لێبووردن چییە.. ئاهـ.. خوایە..
ئەوەندەی نەمابوو بۆ کۆترێك ملی خۆت بشکێنیت.

کور: من خۆشم دەوێ.. دایە خۆشم دەوێ.

دایك: ئەمە چ خۆشەویستییەکە.. چ خۆشەویستییەك..
دەیگرێت و تووکەکەی لێ دەکەیتەوە.. وەکو پارچە گۆشتێکی
ڕووت و قووت بەرەڵای دەکەیت.. خۆشەویستی وەها..
نابێت.. وەها نابێ.. هەرگیز.. هەرگیز.. ، پێویستە واز لەو

کردەوەیەت بهێنێت کوڕم... پێویستە دەسبەرداری ئەم جۆرە.. شادمانی‌یە نەگریسە بیت.

کوڕ: نەگریس..!!

دایك: لەوپەڕی نەگریسیدایە.. زیاد لە جارێك پێم وتویت.. بەڵام قسە بە گوێتدا ناچێت.

کوڕ: من.. من.

دایك: بەسە.. بەسە.. وەرە دەمو چاوت بشۆم «دەیباتە پشت کورسی‌یەکە، جوگەلەیەك بەوێدا تێدەپەڕێت، دەمو چاوی دەشوات» ئێستاش بەڵێنم بدەرێ جارێکی تر شتی وا نەکەیت.. هەرگیز.. هەرگیز.

کوڕ: بەڵێنت دەدەمێ دایە.. بەڵێنت دەدەمێ.. هەر تۆ تووڕە مەبە.

دایك: من تووڕە نابم.. بەڵام ئەگەر شتی وا بکەیتەوە.. تووڕە دەبم.

کوڕ: نا.. نا.. شتی وا ناکەم.. شتی وا ناکەم.. هەرگیز..

دایك: باشە.. باشە.. منیش لێت ببوورام.

کوڕ: بە ڕاستە دایە.. بە ڕاستە.. لێم بووریت؟.

دایك: بێگومان کوڕە شیرینەکەم.. چونکە من تۆم خۆش.. دەوێت.. هەر کە سێکیش خۆشەویستی‌ی لە دڵدا هەبێت لێبوردنیشی لە دڵدایە.

کوڕ: ئەی.. ئەی.. ئەی.. ئەویش لێم دەبوورێ.

دایك: ئەو؟! ئەو کێ‌یە؟!

کوڕ: هەمدیسان لەبیرت چووەوە؟

دایك: «دوای تاوێك» ئۆهـ.. بێگومان.. بێگومان لێت دەبورێت.

کوڕ: یانی.. یانی.. منی خۆش دەوێ.. ئەویش وەکو تۆ منی خۆش دەوێ «دایکی بە زەردەخەنەوە سەری.. ئەرێ دەجووڵێنێ» گەرچ نە ئەو منی بینیوەو.. نە منیش ئەوم بینیوە.

دایك: ئەو هەمیشە تۆ دەبینێ.. مەبەستم ئەوەیە دەتهێنێتەوە پێشچاوی خۆی.. لە خەیاڵیدا وێنەت دەکێشێ.

کوڕ: ئەی من..؟ من..؟ بۆچی ئەو نابینم.. بۆچی ناتوانم بیهێنمە پێش چاوم.

دایك: دەتوانیت.. تۆش ئەگەر هەوڵ بدەیت.. دەتوانیت..

کوڕ: چۆن؟ دایە.. چۆن؟

دایك: «بەسەرسامی‌یەوە» ئا.. چۆن.. ڕاستە.. چۆن وام لێ هاتووە درۆ دەکەم بە بێ ئەوەی ئەنجامەکەی ڕەچاو بکەم.

کوڕ: ها.. دایە.. فێرم بکە.. دەمەوێ بیبینم.

دایك: باشە.. باشە «بیردەکاتەوە.. پاشان لە پڕدا» چاوت بنووقێنە «کوڕەکە چاوی دەنووقێنێت» هەردوو چاوت.. باش بیانووقێنە.. ئێستاش.. جڵەو بۆ خەیاڵت شل بکە.. مەبەستم ئەوەیە.. خەیاڵ بکەرەوە.. خەیاڵ بکەرەوە..

کوڕ: خەیاڵ لە چی بکەمەوە؟

دایك: خەیاڵ لە کچێکی جوان بکەرەوە.. جوانترین کچ کە.. دەتوانیت خەیاڵی لێ بکەیتەوە..

کوڕ: «دوای ماوەیەکی کەم.. بە شادی‌یەوە» دایە خەیاڵم کردەوەو... بینیم.. وەکو تۆ وایە.

دایك: «بە هەستێکی دژوارەوە» وەکو من؟ دەڵێم جوانترین کچ کە دەتوانیت خەیاڵی لێ بکەیتەوە کەچی دەڵێیت... وەکو تۆ.

کوڕ: تۆ جوانترین ئافرەتی لە ژیانمدا دیبێتم.

دایك: لەبەرئەوەی ئافرەتی ترت لە ژیانتدا نەدیوە.. بەسەرزمان..

کوڕ: بەڵکو تۆ..؟

دایك: بەسە کوڕم... بەسە.. با لەوە زیاتر هەست بە نائومێدی‌و کلۆڵی نەکەم..

کوڕ: دایە.. هیچ قسەیەکم کردووە ئازارت بدات؟

دایك: بەخوا نازانم ئەوەی وتت ئازارم دەدات یا شادمانم دەکات.

کوڕ: چۆن نازانیت؟! قسە یان مرۆڤ شادمان دەکات، یان ئازاری دەدات.

دایك: ڕەنگە لە هەمان کاتدا قسە سەرچاوەی شادمانی‌و ئازاریش بێت.

کوڕ: هەرگیز شتی وام نەبیستووە.. گوایە قسە هەبێت لە هەمان کاتدا سەرچاوەی شادمانی‌و ئازاریش بێت.

دایك: وا بیستت.

کوڕ: ئیتر وریاتر دەبم.. لەم ساتەوە هیچ قسەیەك ناکەم ئەوە نەبێت کە کامەرانت دەکات و بەردەوام دڵت شاد دەکات.

دایك: تەنها دڵی من؟ «زەردە خەنەیەك سەر لێوی دەگرێ»

کوڕ: دڵی ئەویش «دایکەکە زیاتر زەردەخەنە سەرلێوی دەگرێت و.. ڕووی دەکرێتەوە» کاتێك دڵ خۆش دەبێت ڕووی

مرۆڤ جوانتر دەبێت. «زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات».

دایـك: کەواتـە هەمیشـە با دڵت خۆش بێ کورەکـەم.. بەوە دڵی ئەوانەش خۆش بکە کە خۆشیان دەوێت.

کوڕ: دڵی ئەویش پڕ لە شادی دەکەم.

دایك: چۆن؟

کوڕ: دیاریەکی پێشکەش دەکەم دڵی پڕ لە شادی بکات بۆ ئەوەی ڕووی هەڵبێت و بگەشێتەوە.. وەکو ڕووی تۆ.

دایك: ڕووی من ئاوێنەی ئەقڵی تۆیە... کاتێك ئەقڵت ڕووناك دەبێتـەوە.. بیگـەردی و جوانی و ڕۆشنایی لەسـەر ڕووی من ڕەنـگە دەداتـەوە.. دڵم لە ئازارو خەم پاك دەبێتـەوە ئەوەنـدە بەسە بە ئاقڵی و قسەی ڕێك و پێکەوە ببینم تا باڵی شادی بۆ ئاسمانێکی بێ سنوور بمفڕێنێت... پێم بڵێ.. خۆشەویستەکەم..؟

کوڕ: بەڵێ.. دایە.

دایك: ئەم دیاریەت چۆن بە بیردا هات و لە کێوە فێربوویت؟؟

کوڕ: لە تەلەفزیۆنەوە.

دایك: بەڵێ؟!

کوڕ: هەمیشە لە تەلەفزیۆن و.. لە سینەمادا خەڵك دەبینم و لێیان دەبیستم کە دڵدارەکان دیاری و شتی تر بۆ یادگاری پێشکەشی یەکتر دەکەن.

دایك: وەکو... چی؟

کوڕ: وێنە، بەزۆری دەیانبینم وێنە لە نێوانیاندا ئاڵ وگۆڕ دەکەن.

دایك: شتێکی جوانە..؟

کوڕ: کچەکـە وێنـەی خۆی دەدات بە کوڕەکـەو کوڕەکەش وێنەی خۆی دەدات بە کچەکە.. «بێدەنگیەك» دایە.. ئەو وێنەی خۆیم دەداتێ؟!

دایـك: ئەگـەر حەز بکـەیت ئا.. بەڵام تۆ وێنـەی ئەوت بۆ چیـیە مادام خۆیت لەگەڵدایە، مەبەستم ئەوەیە لە گەڵتدا دەبێت؟

کوڕ: کاتێك لەلام نابێت.. کە دەڕوات بۆ شوێنێك و... بە تەنیا دەبم... سەیری وێنەکە دەکەم، ئەوسا هەست دەکەم هەر لە گەڵـمـدایـە... لێـم جیـا نەبـووەتـەوە.. لێـم دوور نەکەوتووەتەوە.. دەبێ هەمیشە لەگەڵید بە وەفابم.. دڵسۆزبم.

دایك: «بە چرپە، وەك ئەوەی لەگەڵ خۆی بدوێت» ئەمیش هەر وەکو ئەو.. وەکو ئەو..؟

کوڕ: بەڵکو.. وەکو تۆ..

دایك: من..

کوڕ: تۆ بە وەفایت... دڵسۆزیت... تۆ.

دایك: من؟

کوڕ: زۆر جار دەتبینم سەیری وێنـەکـەی ئەو دەکـەیت.. هەندێ جاریش گوێم لێـە قسـەی لەگـەڵ دەکـەیت یان قسە لەگـەڵ خۆت دا دەکـەیت.. بە تەواوەتی نازانم... هەروەها... «دەوەستێت».

دایك: هەروەها چی؟ «بەناسکیەوە» بڵێ.. قسە بکە کوڕم.

کوڕ: هەروەها دەگریت.

دایك: ئاه..

کوڕ: بۆچی دایە؟ وێنەکە دەتگرینێ؟.

دایك: نەء.. بەڵام حەسرەتی ئەو کامەرانییەی ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ژیـانمـدا هەروەکـو خەون دەرەوشایـەوە.. بەڵام.. هەر ئەوەندەی چاوتر ووکاتێك چێژم لێ بینی..

کوڕ: کاتێـك دەگـریت ناتـوانم تەمـاشات بکەم. فرمێسك ڕووی مرۆڤ بێ ڕەنگ و چرچ و لۆچ دەکات.. وەکو ڕووی پیرەژنەکان.

دایك: فرمێسك خەم دەرەوێنێ.

کوڕ: خەم مەخۆ.. دایە.. خەم مەخۆ.

دایـك: هەوڵ دەدەم کوڕم. ئیتر هەر ئەوەنـدە خەم هێـرشی کردە سەرم هەوڵ دەدەم لە ڕووی ئەو کەسەدا سپاردی بکەمەوە کە تەماشام دەکات.. ئەو کەسەی کە ژیانم.. لا شیرین دەکاتەوە.

کوڕ: وێنەکە؟

دایك: نەء... بەڵکو... تۆ «بەسۆزەوە لێی ڕادەمێنێت».

کوڕ: من..؟

دایـك: ئەی خۆشـەویستم جگـە لە تۆ کێ دەتـوانێ جێی ئەوم بۆ بگرێتەوەو لەبەردەممـدا زیندووی بکاتەوە؟

کوڕ: بەڵام... حەیف.

دایك: حەیف.. بۆ؟

کوڕ: من وێنەی خۆم نییە.. تا پێشکەشی تۆ یان ئەوی بکەم..

دایك: خۆت هەیت.. ئەمە گرنگترە.

کوڕ: دایە.. بۆچی.. وێنەت نەگرتووم.

دایك: «بە ناسکیو سۆزەوە دەست بە دەمو چاویدا دەهێنێ» لەبەر ئەوەی پێـویستت پێی نیـیە.. چونکـە تۆ لەگـەڵمدایت، من لەگەڵتدام و لەیەك جیانابینەوە.

کوڕ: ئەی ئەو؟

دایك: ئەو؟ چی‌یەتی..؟

کوڕ: داوای وێـنـەم لێ دەکـات.. لەلای ئاوێـنـەکـەوە هەڵی دەواسێت.. لە ژووری نووستن.. کاتێك من جێی دەهێڵم سەیری دەکات و لەگەڵیدا دەژی.

دایك: هەوڵ بدە جێی نەهێڵیت.

کوڕ: جێی دەهێڵم، دەبێ جێی بهێڵم... لەوانەیە زیاتر لەوەی چاوەڕێت دەکات.

دایك: بۆچی؟ چی وات لێ‌دەکات.. ئەوە بکەیت؟

کوڕ: لەبـەرئـەوەی... لەبـەرئـەوەی من... لەگـەڵ تۆدا دەبم.. نامەوێ لێت جیاببمەوە.

دایك: لەم بارەدا دەتوانن هەردووکتان لەگەڵمدابن.

کوڕ: نا.. من قایل نابم.

دایك: کەواتە من لەگەڵتاندا دەبم.

کوڕ: نا.. نا..

دایك: هەر نا؟ بۆچی..

کوڕ: دەترسم بەردەوام گیروگرفت و ناکۆکی لە نێوانتاندا ڕووبدات ئیتـر ئەوکـاتـە من ون دەبم.. نازانم چۆن هەڵـوێستی خۆم دیاری بکەم..

دایك: نا.. نا.. شتی وا ڕوونادات.. دەتوانیت دڵنیابیت.

کوڕ: با ڕوودەدات.. ئافرەت کە لەگـەڵ خەسـوویـدا دەژی دەبێتە سەرچاوەی گیـروگـرفت.. لەسەر هیچ و پووچترین.. شت.. جا گەر بێتـو ببێتـە هۆی نیگـەرانیت.. یان پەنجـە بۆ تاڵێکی قژت بەرێت.. ئەوا منیش دەیکوژم.

دایك: «بە ترسەوە» ئۆهـ.. خوایە.

کوڕ: بۆیە.. چاکتر وایە ئەو بە جیا بژی‌و ئێمەش بە جیا.

دایك: بەلام... بەلام... چۆنت دەوێ با وابێت.

کوڕ: بەلام ئەی وێنـەکـە.. وێنەکـە.. ئەگـەر من وێنـەی خۆمی نەدەمێ ئەویش وێنەی خۆیم ناداتێ.

دایـك: کە هات دەچین بۆ لای وێنـەگـرێـك.. تا وێنـەیـەکی هەردووکتان بگرێت.

کوڕ: وەکـو وێنـەکـەی تۆ لەگـەڵ باوکمـدا «دایکی سەری ئەرێ دەجووڵێنێت» نا.. نامەوێت.

دایك: ناتەوێت؟

کوڕ: بیـرم لەوە کردووەتـەوە.. وەکـو دیـاری وێنـەیەکی خۆمی بدەمێ.. تەنها خۆم.. بۆ یادگاری.

دایك: لەم بارەدا دەتـوانیت دیـاری‌یـەکی تری پێشکەش بکەیت.. مادام تەنها بۆ یادگاری‌یە.

کوڕ: دیاری‌یەکی تر؟ چ دیاری‌یەك باشە؟ هەر بە ڕاستی منیش بیر لە دیاری‌یەکی تر دەکەمەوە.. بەلام دەترسم شایستەی نەبێت.

دایك: هەموو دیاری‌یەك شایستەیە.. مادام بەڵگەی سۆزە وپەیامی خۆشەویستی‌یە.. ها.. بیرت لەچی کردەوە؟ پێم بڵێ..

کوڕ: لە.. لە.. «لەڕووی شەرمەوە بێدەنگ دەبێت»

دایـك: بیڵێ کوڕم.. بۆچی بێـدەنـگ بوویت.. بیڵێ.. بیرت لە چی.. کردەوە؟

کوڕ: لە چەپکێ... گوڵ.

دایـك: چەپکێ گوڵ؟... ئەڵاهـ... ناسکترین و جوانترین شتە بۆ.. دیـاری.. ئای چەنـد وردبین و هەست جوانیت نابینابێت ئەو کەسەی گومان لە ئەقڵت دەکات...

کوڕ: ئەقڵم.. ئەقڵم چی یەتی؟

دایـك: تەواوترین ئەقڵە لە جیهـانـدا.. دەتـوانم لەلای خەڵك.. شانازی پێوە بکەم.. ها... چ جۆرە گوڵێك هەڵدەبژێریت؟

کوڕ: نێرگز... تۆ حەزت لە نێرگزە..

دایك: بەلام تۆ بۆ ئەوی کۆدەکەیتەوە.. ڕەنگە حەزی لە نێرگز نەبێت.

کوڕ: حەزی لە نێرگز نەبێت؟.. تەلاقی‌دەدەم.

دایك: تۆ دەڵێی چی... کوڕم؟!!

کوڕ: دەبێ حەزی لێ‌بێت.. دەبێ حەزی لێ‌بێت.

دایـك: باشـە... باشـە... حەزی لێ‌دەبێت... بێگـومـان حەزی.. لێ دەبێت.

کوڕ: ئێستا... ئێستا دەچم چەپکێکی گەورە کۆدەکەمەوە «دەڕوات بۆ لای گوڵەکان»

**دایك: ئێستا.. «کوڕەکەی دەوەستێت» ئەی.. ئەی.. بۆ جاری وازی لێناهێنیت.. تا.. ئاوەکو ئەو دێت.**

**کوڕ: بۆچی؟؟**

**دایـك: هێشتـا زووە.. دەتـرسم لە دەستـدا هەڵـوەرێت.. یان بۆنەکـەی بڕوات و جوانیـیـەکـەی نەمێنێت «کوڕەکـە بێدەنگە» ها.. دەبینم بێدەنگ بوویت.**

**کوڕ: ڕاستـە.. قسـەکـەی تۆ ڕاستـە «دوای ئاوێـك... لە پڕدا» دایە... چارەسەرەکەم دۆزییەوە.**

**دایك: چارەسەرەکەت دۆزییەوە؟ هەروا زوو.. ئادەی... با بزانم..**

کوڕ: هەردوو مشتم پڕ دەکەم لە ئاو.. تۆش گوڵەکانی... تێدا دادەنێیت.

دایـك: نابێت.. ئاوەکـە لە درزی پەنجـەکـانتـەوە دەڕژێت.. گوڵەکانیش تینویان دەبێت و دەمرن.

کوڕ: پەنجەکانم توند بە یەکەوە دەنووسێنم، درزی تێدا ناهێڵم... ناهێڵم لە هیـچ درزێکـەوە ئاو بڕژێت.. ئاوەهـا.. سەیر بکـە.. دایـە.. سەیـربکـە «دایـك لە هەردوو مشتی کوڕەکەی.. ڕادەمێنێ کە چۆن توند پەنجەکانی بە یەکەوە نووساندووە»

**دایك: «بە سەرسوڕمانەوە» جوانە.. جوانە..**

**کوڕ: «بەکەفوکوڵەوە» تاقیی بکەرەوە دایە... تاقیی بکەرەوە.**

**دایك: تاقیی بکەمەوە؟... چی تاقی بکەمەوە؟.**

**کوڕ: ئاو لە جۆگەلەکە بهێنەو بیکەرە دەستمەوە.. بۆ ئەوەی خۆت ببینیت «دایکەکـە دوو دڵـە» دەی.. دایـە.. دەی.. تکـات لێ دەکەم... جۆگەلەکە.. لەپشت کورسییەکە.. دەی.. تکات لێ دەکەم.**

دایـك: بەڵام.. بەڵام... خەڵـك چیمـان پێدەڵێن.. «سـەیـری ئەملاولا دەکات» ئەوەی باشە هێشتا کات زووەو... کەس نەهـاتووە «دەچێتە لای جۆگـەلەکەوە» ئەگینا دەبووینە گاڵتە جاڕی... «پێکـەنینـەکـەی دەشـارێتـەوە» وەرە.. وەرە لە جۆگەلەکە نزیك.. بەرەوە «کوڕەکە نزیك دەبێتەوە، دایکەکە دەستی پڕ لە ئاو دەکات و دەیکاتە دەستی کوڕەکەوە، کوڕەکە بە خۆشـیـیـەوە پێدەکـەنێت، دایکیشی پێدەکـەنێت» چی دەتخاتە پێکەنین کوڕم؟

کوڕ: ئاوەکە دایە.. ئاوەکە... ختووکەی لەپی دەستم دەدات.. ها ها ها.. هە هە هە... تۆزێك ساردە... بەڵام خۆشە.. زۆر خۆشە... ها ها ها... ها ها ها.

دایـك: دڵشـادبـە خۆشـەویستم.. چۆنت پێ خۆشە وا پێبکەنە.. «ئـاوی زیـادتـر دەڕژێنێتـە دەستییـەوە»... ئای خوایـە.. لەکـەیـەوە ئاوەهـا بە دڵخۆشی نەمبینیویت، لە کەیـەوە ئەم پێکـەنینـە ناسکـەتم بەرگـوێ نەکەوتووە.. بەقوربانت بم.. «دەنگی پێکـەنینی هەردووکیـان بەرز دەبێتـەوە، دوو ئافـرەت دێن، پێکەنینەکە دەیانوەستێنێت.. ڕووەو لای ئەوان دەچن، بەڵام دایك و کوڕ هەستیان پێ ناکەن»

ئافرەتی «١»: چ پێکەنینێکە!... دەڵێی دوو منداڵی ساوان.. تۆ بڵێی کامیـان شێت بێت؟ «پـاشـان» ئای... ئەوە خۆ نێرگـزو کوڕەکەیەتی.. چی ئەمانی گەڕاندۆتەوە بۆ ئێرە!..! ئەی ڕوون و ئاشکرا پێیان نەوتن کە هیچ سوودێکی نییە.

ئافـرەتی«٢»: نێـرگـز؟ ئاهـ... چەنـد گۆڕاوە.. وەرە...وەرە با سەلامی لێ بکەین و بزانین چی ڕوویداوە..

ئافرەتی «١»: نا.. لێی نزیك مەبەرەوە «دووەم بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکات» ئافرەتێکی باش نییە.

ئافرەتی«٢»: بە پێچەوانەوە.. نموونەی ئافرەتی باش و بە وەفایە.. لەوەتـەی مێـردەکـەی مردووە ئەم کاردەکـات و ڕەنـج دەدات و.. ئابڕووی خۆی پاراستووەو.. پاش مردنی مێردەکەشی بە وەفابووە بۆیو بەرگـەی تاڵیو سوێریی ژیانیشی گرتووە؛ بە بێ ئەوەی گوێ بداتە هیچ شتێك.

ئافرەتی«١»: وا نەماوە.. دەڵێن هەمدیسان چووەتەوە بۆ.. بۆ..

ئافرەتی«٢»: بۆ.. بۆ.. «ئیشارەت بۆ شوێنێکی نادیار دەکات».. یەکـەم سەری تا دەلـەقێنێ»نـا.. ئەی بەسـەزمـان.. ئای کڵۆڵ... پاش بیست ساڵ!! ناتـوانم بڕوا بکـەم.. خوایـە تۆبـە.. ڕەنگـە نەبـوونیو.. دەست کورتی بێت.. ئەی بەسەزمان.. نێرگز..!!

ئافـرەتی«١»: بەڵکو شێتە.. ئەو خۆشـەویستییـە بێ سنوورەی کوڕەکـەی وای لێ کردووە.. و نازانێت چی بکـات... وەرە.. وەرە.. پێش ئەوەی بمانبینێت.. «ڕووەو ساختومانەکە دەچن»

کوڕ: تنۆکێك ئاو چییە نارژێت.. دایە تاقە تنۆکێك... ها ها ها.

دایك: جلەکانمان هەمووی تەڕبوون، کەچی دەڵێی تنۆکێك نەڕژاوە.. ها ها ها.

کوڕ: ئاوی زۆرتر بهێنە دایە.. ئاوی زۆرتر..

دایك: بەسە کوڕم، بەسە.. وا خەڵك بەرەو ئێرە دێن...

کوڕ: کەواتە دەچم گوڵ دەهێنم.

دایك: گوڵ؟ ئێستا..

کوڕ: بەڵێ مادام خەڵکی دێن، ئەویش دێت.

دایك: دەترسم قایل نەبن... مەبەستم ئەوەیە نەهێڵن گوڵ لێبکەیتەوە.

کوڕ: بۆچی؟.. من... ناهێڵم ئازاریان پێ بگات.. بەوپەڕی.. وریایی و ناسکییەوە لێیان دەکەمەوە.

دایك: دەزانم.. دەزانم تۆ چەند ناسك و بەسۆزیت.. ئازاری هیچ بوونەوەرێك نادەیت... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا.. دەبێ داوای یارمەتی لە خاوەن باخچەکە بکەین.

کوڕ: کەواتە با بچین و داوای لێ بکەین.

دایك: ئەو.. ئەو.. جارێ نەهاتووە.

کوڕ: ئاهـ.. کچەکەی لای منیش هێشتا نەهاتووە.. خۆرئاوا دەبێت و هیچیان نایەن.

دایك: ئێستا خۆرهەڵهات.. ئەوەندە نابێت... ئەو..

کوڕ: تۆزێکی تریش دوا دەکەوێت و... دنیا تاریك دەبێت.. و لە ژێر باڵە ڕەشەکەیدا هەموو شتێك دەشارێتەوە.. دایە.. من لە تاریکی دەترسم.

دایك: تاریکی شتێك نییە خەڵك بترسێنێت!

کوڕ: ئەی ئەو تارماییانەی لە ناوجەرگەی تاریکییەوە دێنە.. دەرەوە؟

دایك: تارمایی؟!

کوڕ: نازانم... ڕەنگە خەڵك بن... بەڵام لە تاریکییەکەدا دەبنە تارمایی و چاویان گڕی لێ دەبارێت، وەکو چاوی پشیلە دەبریسکێنەوە.. بە چەقۆی درێژی تیژ کە تیشکی ئەستێرەکانی لێ دەدات لە ناو حەشاماتی خەڵکیدا ڕێگای خۆیان دەکەنەوە.. بەڵام ئەوەندەی پێ ناچێت.. کە چەقۆکان سك دەدڕن و تیشکی ئەستێرەکان نامێنێت.

دایك: تۆ باسی چی دەکەیت؟

کوڕ: ئەی دەنگە دەنگ.. دایە.. دەنگە دەنگ.. بە ڕاستی ترسناکە.. وەکو چۆن ئاوی دەریا دەوری ماسی دەدات ئاوەها دەورت دەتەنێت... تاق تاق... یا... تاپ تاپ... یا.. قژ قژ قژ.. جەرگەی ئاسمان دەبڕێت.. گوێ کەڕ دەکات.. ئینسان لە پێستی خۆیدا دەکوژێت..

دایك: تکات لێ دەکەم کوڕم... تکات لێ دەکەم... خەیاڵ لە شتی وەها مەکەرەوە کە بوونی نییە.

کوڕ: لە ڕۆژدا.. کاتێك خۆر هەبە، نییە.. بەڵام هەر کە خۆر ئاوا دەبێت... بەڵام لە تاریکیدا... تاریکی شتێکی نەگریسە.. ترسناکە... دایە... با بڕۆین... بەر لەوەی بێت... با بڕۆینەوە ماڵەوە.

دایك: بەر لەوەی کێ بێت؟.. مەبەستت لە کێیە کوڕم؟؟

کوڕ: تاریکی.. تاریکی.

دایك: پێم وتیت ئەوەندە نابێ خۆر هەڵهاتووە.. ئەمەیش.. واتە تاریکی زۆری ماوە.. لەبەرئەوەی خۆر لەگەڵماندا زۆر دەمێنێتەوە.

کوڕ: «لەخۆر ڕادەمێنێ» من... خۆرم خۆش دەوێت... زۆرم خۆش دەوێت.. هەمیشە لە ژێریدا هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەیی دەکەم.. خۆزگە هەرگیز ئاوا نەدەبوو..؟ جێی بۆ تاریکی چۆڵ نەدەکرد.

دایك: تاریکی لەبیر خۆت بەرەوە کوڕم... لە بیر خۆتی بەرەوە.. مادام ڕۆژ بە بەخشندەییەوە هەتاوی خۆیمان پێ.. دەبەخشێت، دەبا چێژ لەو گەرمی و... ڕۆشناییەی وەربگرین... بۆچی هەر لە ئێستاوە خۆمان بێ مراد بکەین... تاریکی دوورە.. زۆر دوورە.. دوور.

کوڕ: بەڵام.

دایك: پاشان... پاشان ئەوەت لەیاد نەچێت کە ئێمە لەگەڵیدا وادەمان هەیە.. جوان نییە بێت و نەتبینێت.

کوڕ: بەڵام کوانێ... کەی دێت؟

دایك: دێت کوڕم... دێت.

کوڕ: ئاهـ... خۆزگە ئێستا دەهات... وا خەریکە لە ئامەزرۆیی بینینیدا دەسووتێم.

دایك: «بە ئازارەوە» ئاهـ... من وا دەسووتێم.. «وەك ئەوەی لەگەڵ یەکێك بدوێت» من خەریکم دەبمە مشتێ خۆڵەمێش... ئاهـ..

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

خوایە «ئازار دەچێژێت، دەیەوێت لە کوڕەکەی بشارێتەوە».

کوڕ: دایە.. چیتە؟ ئازار دەچێژیت.. لە کەسێك دەچیت خەریك بێ بخنکێت.

دایك: نەء... تکات لێ دەکەم نەء.. من ئەوەی دەیکەم و نایکەم بۆ ئەوەیە تۆ ئازار نەچێژیت. ئازار مەچێژە کوڕم... ئازار مەچێژە.

کوڕ: ناتوانم دایە.. کە دەتبینم ئازار دەچێژیت من ناتوانم ئازار نەچێژم.

دایك: لە ئیستا بەدواوە ئازار ناچێژم... بەڵێنت دەدەمێ لەمەودوا ئازار نەچێژم.

کوڕ: دایە با بڕۆین... ئەو کچە ڕێزم ناگرێت... منیش بەوە.. زۆر ئازار دەچێژم کە دەبینم ژنەکەم ڕێزم ناگرێت.

دایك: ئاخر ئەو ژنت نییە.. مەبەستم.. مەبەستم ئەوەیە جاری نەبووە بە ژنت».

کوڕ: بەڵام دەبێت... ئەی بۆ ئەوە نەهاتووین؟؟

دایك: ئیستا نا.. کتوپڕ لەم ساتەدا نا.. هێشتا ماوەیەکی.. زۆر ماوە تا ببێت بە ژنت.

کوڕ: با وابێت.. بەڵام دەبێ هەر لە ئیستاوە فێربێت ڕێزم بگرێت... دایە.. تەڵاقی دەدەم.

دایك: تەڵاقی دەدەیت؟

کوڕ: ئەی پیاو کە توورە دەبێت وەها ناکات؟

دایك: جا تۆ تووڕەیت؟!

کوڕ: زۆر...،

دایك: ئاهـ.. وەرە خۆشەویستەکەم... وەرە.. سەرت بخەرە ناو کۆشمەوە.. تۆزێك بحەسێرەوە «سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکات» دێت.. دێت «دەست بە قژیدا دەهێنێت».

کوڕ: بۆچی دواکەوت، بۆ کوێ چووە؟ پێویستە بزانم... دەبێ بزانم.

دایك: «خەیاڵی ڕۆشتووە» ڕۆیشت.. ڕۆیشت..

کوڕ: بۆ کوێ دایە.. بۆ کوێ؟

دایك: «دەست بە قژیدا دەهێنێت» قژی دەشوات.. شانەی دەکات و دای دەهێنێت.. کەی قژت شت؟

کوڕ: دوێنێ شەو.. تۆ بۆت شتم.

دایك: بۆنی خۆشە.. ئای کە بۆنی خۆشە..؟

کوڕ: قژی... درێژە؟

دایك: زۆر نا... پاکە.. داهێنراوە.. نەرم و شلە..

کوڕ: دەبێ بیبڕێت..

دایك: بۆچی؟ «پەنجەکانی لە قژە زۆرەکەیدا ون دەکات»

کوڕ: حەزم لە قژی درێژ نییە..

دایك: پێی ڕادێیت... ڕادێیت.. وات لێ دێ ناتوانیت لێی جیابیتەوە.

کوڕ: بڕوا.. ناکەم.. چونکە من «دەست بە قژی دایکیدا دەهێنێ» حەزم لە قژی کورتە.

دایك: «وەك ئەوەی لە خەون دابێت»ك.. و.. رت.. بۆچی کورت؟

کوڕ: وەکو قژی تۆ.

دایك: قژی من... چییەتی؟

کوڕ: جوانە.. ناسکە.. حەزم لێیەتی..

دایك: «ڕادەپەڕێت» نەء.. دەسکاری قژم مەکە «لە خۆی دوور دەخاتەوە».

کوڕ: دایە.. من.. من.. «پەنجەکانی دایکی دەگرێت».

دایك: «بە هەڵچوونەوە دەستی خۆی ڕادەکێشێتەوە» هیچ شوێنێکم.. دەستم لێوەمەدە.

کوڕ: دایە... توورە مەبە.. تکات لێ دەکەم... دایە..

دایك: «بە دەست هەندێ هەست و نەستی ناوەوەییەوە ئازار دەچێژێت» ئاهـ.. خوایە..

کوڕ: ڕقت لێم نەبێت دایە.. تکات لێ دەکەم.. ڕقت لێم نەبێت.

دایك: ئاهـ.. ئاهـ.

کوڕ: ڕقت لێم بێت.. خۆم دەکوژم.

دایك: کوڕم.

کوڕ: ئەگینا لە تاریکیدا دەچمە دەرەوە.. لە بەرچاوی پشیلەکاندا خۆم دەدەمە بەر چەقۆکان تا ورگم بدڕن.. و... ئەوکاتە.. منیش وەکو باوکم.. ئیتر هەرگیز ناگەڕێمەوە بۆلات.

دایك: تۆ.. تۆ خۆشت نازانیت دەڵێی چی.. نازانیت چی دەکەیت ئاهـ.. منداڵیت.. منداڵێکیت و هیچی تر.. تا کەی وا.. بە منداڵی دەمێنیتەوە.. تا کەی.. ئاخ.. خوایە..

کوڕ: تا ئەو کاتەی تۆ دەتەوێت دایە.. تا ئەو کاتەی تۆ دەتەوێت.



دایك: ئاخ... خوایە.. برۆ كوڕم.. برۆ.. «بە نەرمییەوە لە كوڕەكەی دوور دەكەوێتەوە».

كوڕ: بۆ كوێ بڕۆم دایە.. بۆ كوێ؟

دایك: بۆ.. بۆ.. نەتدەویست گوڵ لێبكەیتەوە؟

كوڕ: ئێستا؟ «سەری ئەرێی بۆ دەلەقێنێ» چ جۆرێك هەڵبژێرم؟

دایك: حەزت لە هەر جۆرێكە..

كوڕ: نێرگز... ئەو جۆرەی منی خۆش دەوێت.

دایك: باشە.. باشە.. تۆ بڕۆ! «كوڕەكە بە فڕكان.. دەڕوات»

بڕۆو بهێڵە هەناسەیەك بدەم تۆزێ خۆم كۆ بكەمەوە..
ئاه.. خوایە چاوت لە من و لەوەوە بێت «دەشڵەژێت، هەڵدەستێتە سەرپێ، بە پەشۆكاوییەوە بە دوایدا دەگەڕێت» دوور نەكەوێتەوە.. لە شەقامەكە نزیك نەبێتەوە.

دەنگی كوڕەكە: لێرە.. دایە.. لێرە.. ئەم.. گردە نزیكە هەمووی نێرگزە «سێ پیاو لە ساختومانەكەوە دێن، لە لای ئافرەتەكەوە دەوەستن»

یەكێكیان: خانم.. هاتووین بۆ..؟

دایك: «بە كوڵەوە» لەوێیە... ئەوەتا.. گوڵ كۆدەكاتەوە

پیاوەكە: گوڵ؟ بۆ كێ..؟

دایك: بۆ خۆی.. بۆ من.. بۆ ئێوە.. نازانم.. نازانم بیبەن.. بیبەن و ئیتر بەس ئازارم بدەن.

پیاوەكە: «بەسەر سوڕمانەوە» ئازارت بدەین؟ ئەی تۆ.. نەتویست كە..

دایك: بەڵێ.. بەڵێ.. ئاهـ.. خوایە.. بەڵام بە هێمنی لەگەڵیدا بجووڵێنەوە.. تكاتان لێ دەكەم.. مەهێڵن خەم بخوات تكاتان لێ دەكەم.

پیاو: «ئیشارەت بۆ دووانەكە دەكات بۆ لای كوڕەكە.. دەچن» دڵت هیچ نەكات خانم... ئێمە ئەركی خۆمان باش دەزانین... تەنانەت ئێمە جل و بەرگە تایبەتییەكانی خۆشمان لەبەر نەكردووە.

دایك: هیوادارم... وابێت «دەنگی پچڕ پچڕ دەبێت» هیو.. ا.. دا.. رم».. وابێت.»

پیاو: «بە پەشێوییەوە» خانم.. تۆ سەلامەت بێت.. هیچت نییە؟

دایك: گرنگ ئەوە سەلامەتبێت.. ئەو هیچی نەبێت... گرنگ ئەوە.. ئەو «جانتای جل و بەرگەكان لە ژێر كورسییەكە.. دەردەهێنێ و دەیداتێ»

پیاو: ئەمە چییە؟

دایك: جل و بەرگەو.. هەروەها هەندێ خواردنیشی تێدایە حەزی لێیانە.. تكات لێ دەكەم.. بیبە.. تكات لێ دەكەم.. ئەگەر تەنها بۆ ئەم ڕۆژانەی سەرەتاشی بووە.. تاوەكو بە شوێنەكەو بە ئەوو.. بە ئێوەش ڕادێت.. تكات لێ دەكەم.. «پیاوەكە خێرا لێی وەردەگرێت» ئۆو.. سوپاسی.. دڵباشیت دەكەم.. زۆر سوپاس «هاوارێكی بەرز لە.. كوڕەكەوە دێ.. دایكە ڕادەپەڕێت» ئاهـ.. خوایە ئەوە چییە!! چی لێ دەكەن؟ «هاوار لە دوو پیاوەكە دەكات» نا.. نا... تكایە ئاوەها نا.. برایان... ئاهـ.. «دەستی كابرا دەگرێت تا ماچی بكات تكات لێ دەكەم.. بەڕێز.. لێت دەپاڕێمەوە.. دەستەكانت ماچ دەكەم.. پێیان بڵێ بە نەرمی لەگەڵیدا هەڵوكەوت بكەن.. ئازاری نەدەن.

پیاوەكە: «بە دوو پیاوەكە» لەسەر خۆتان.. لەسەرخۆبن لەگەڵیدا.. گوێ ڕایەڵە.. ئازاری كەس نادات.

دایك: كوڕەكەم... ناسكە.

پیاوەكە: دەزانم خانم.. دەزانم.. منیش ڕەچاوی هەڵوێستت دەكەم.. دڵنیابە خانم.. دڵنیابە.. بە دڵی تۆ دەبێت. «دوو پیاوەكە كوڕەكە دەهێنن، كە لەملاو لاوە گرتویانە.. بەڵام بە ڕەقییەوە نا».

كوڕ: «دەیەوێ ڕووەو دایكی دەربچێت و هەوڵ دەدات خۆی لە دووانەكە ڕزگار بكات؛ بەڵام توند گرتوویانە بۆیە ناتوانێت»دایە.. نەیانهێشت گوڵەكان لێ بكەمەوە... هەر ئەم چەپكە بچكۆلەیەم لێ كردەوە.

دایك: «بە دەنگێكی گریاناوییەوە» قەیناكا.. كوڕم.. قەیناكا.

كوڕ: ئەمانە چیان لێم دەوێ.. دەستم لە گوڵی باخچەكەی ئەمان نەداوە.. لە گردەكە كۆم كردەوە... لە دەرەوەی باخچەكە.. هەمووی نێرگزە.. سەیربكە.. هەمووی نێرگزە.

دایك: «ئازار دەچێژێت» ئاهـ... ئاهـ.

كوڕ: بەڵام.. بەڵام.. چیان لێمان دەوێت «دایكەكە بە هێمنی دەگری» ئاهـ... دایە.. تۆ دەگرییت.. دایە.. ئاهـ.. بەرم بدەن.. بەرم بدەن ئاهـ.. چیان لە دایكم كردووە؟.. دایە..؟

پیاو: «بە دوو پیاوەكە» دەی خێرابكەن.. مەهێڵن ئافرەتەكە لەوە زیاتر ئازار بچێژێت «دوو پیاوەكە ڕایدەكێشن».

كوڕ: «چمكی كراسەكەی دایكی دەگرێ» ئاهـ.. نا.. دایە.. مەهێڵە بمبەن.. دایە «گوڵەكانی لێ دەكەوێت» گوڵەكان.. دایە.. گوڵەكان.. نێرگزەكە.. نا.. پێی پێدا مەنێن «دایكەكە دادەنەوێتەوەو گوڵەكان كۆدەكاتەوە» ئاهـ.. دایە.. بە بێ تۆ چیم بەسەر دێت.. بە بێ من چیت بەسەر دێت.. دایە.. «ڕووەو ساختومانەكە دەیبەن، بەر لەوەی لە چاو ون بێت هاوار دەكات» دایە..

دایك: «لە جێگای خۆیدا جام دەبێت... چاوەكانی لە جێیەك گیردەبن» ئاهـ خوایە.. چیم بەسەر دێت.. چیم بەسەر دێت؟! «بە هەنسكەوە گوڵەكان بە سنگییەوە دەنووسێنێت»

كۆتایی

● لەم كتێبەوە وەرگێڕاوە: - «مساء السلامة أيها الزنوج البيض - مسرحيات» تألیف: محي الدين زەنگەنە.. من مطبوعات الأمانة العامة للثقافة والشباب - ١٩٨٥

# شاعیرو داهێنەرو کۆلۆنێل

نووسینی: پیتەر ئۆستینۆف

وەرگێڕانی: یاسین قادر بەرزنجی

کاراکتەرەکان:

- جۆنی: شاعیرە، تەمەنی هەشتاو پێنج ساڵە.
- شارڵ: داهێنەرە، تەمەنی هەشتاو سێ ساڵە.
- کۆلۆنێل برادلی: جەنگاوەری کۆنە، تەمەنی هەشتاو چوار ساڵە.
- سستەرێك.



«ڕووداوەکان لە جێگایەکدان کە ژوورێکی تایبەتە لە دەزگای سەرپەرشتی کردن و بەخێو کردنی پیرو پەك کەوتەکان. ژوورەکە ساکارو ئاسایی‌یە، زۆپایەکی قەد دیواری تیایەو پەنجەرەیەك لە ناوەڕاستدایە، لەم پەنجەرەیەوە چەند درەختێك دیارن کە تەم دەوری گرتون، کۆلۆنێل لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوە ئەکات، برادلی کابرایەکی پیری باڵا مام ناوەندی‌یە، شارڵی داهێنەر لای زۆپاکەوە دانیشتووەو لە ئاگرەکە ورد ئەبێتەوە، جۆنی شاعیریش لە لای چەپی ژوورەکەوە دانیشتووەو غەمباریی پێوە دیارە، ڕادیۆیەك دانراوەو داگیرساوەو لەم کاتەدا سیمفۆنیای پێنجەمی چایکۆفسکی لێ ئەدرێت»..

شاعیر: «بە دەم بیرکردنەوەوە» پایزێکی ترا!

داهێنەر: «پاش ماوەیەك بێ دەنگی‌و بێ ئەوەی بایەخ بە قسەکەی شاعیر بدات» دیسانەوە دەستت پێ کردەوە؟!

شاعیر: «بە وەڕسی‌یەوە» ئەی چی ترم لە دەست دێت؟ من ئەبێ بۆ خۆم دابنیشم و ئەو ڕۆژانە بیژێرم کە تێ ئەپەڕن، ئێوەش ناتانەوێ

گوێ لە شیعرەکانم بگرن!...

کۆلۆنێل: «هەر لە جێگای خۆیەوەو بە دەربڕینێکی پڕ سۆزەوە» نیگەران مەبە.. هەق نییە مرۆڤ ئەمەندەش عاتیفی بێ و بەم شێوەیەی تۆ نوقمی ئەندێشە بێت!

شاعیر: «بە سەرسوڕمانەوە» بەڵام من شاعیرم!

کۆلۆنێل: من ئەمە باش ئەزانم هاوڕێ پیرەکەم، لە ئەفەریقا شاعیر هەبوون لە دارستانەکانیاندا جۆرە جوانی‌یەکیان ئەبینی کە هەرگیز ئێمە بەو شێوەیە بەدیی ناکەین.. من نکوڵی لەمە ناکەم، ئەوان شیعریان بەسەر پڵنگ و قەمبوورو تەنانەت دار مۆزەکاندا هەڵ ئەدا.. ئەمانە هەمووی جوانن، بەڵام ئەگەیتانە خەیاڵیان تووشی دەردەسەریی زۆری کردن، تەنانەت ئەشیان توانی زۆر لە ئەفەریقاشدا بژین.

شاعیر: «وەك ئەوەی تۆڵەی قسەکانی لێ بکاتەوە»تکایە زۆر لەسەر ئەم قسانە مەڕۆ، من شاعیرم، چۆنم بوێت ئاوا ئەژیم، بەڵێ من پشت بە خەیاڵ ئەبەستم و شانازیش بەمەوە ئەکەم، هەر خەیاڵیشە توانای بەرگەگرتنی ئەم ژیانەی پێ بەخشیوم.. من لە ساکارترین شتدا جوانی ئەبینم، بەڵام هیچ پەیوەندی‌یەکم بە ئەفەریقاوە نییە، هەر ئەشم دیوەو ناشمەوێ ببینم!

کۆلۆنێل: «بە سەر سوڕمانەوە» چی؟ ناتەوێ ئەفەریقا ببینی؟! من دەستی ڕاستم لە پێناوی سەندنەوەی ئەفەریقادا دائەنێم.

شاعیر: «بە زەردەخەنەیەکەوە» تا بەم تەمەنەوە؟

کۆلۆنێل: بەڵێ بەم تەمەنەمەوە، چەندە حەزم ئەکرد لە مەیدانی جەنگدا بمرم، چەندە دڵ گرانیش بووم کاتێك دەستبەردارم بوون و خانەنشین کرام! نرخی من لای خەڵکی لە سەربازی‌یەکەمدا بوو، بەڵام سوپا متیان نەویست و وازیان لە خزمەت پێ هێنام... ئای، چەندین شەو خەو لە چاوم نەئەکەوت و هەر خەریکی خوێندنەوەی مێژووی عەسکەری بووم، هەموو خۆزگەیەکم ئەوە بوو ببمە ژەنەراڵ، بەڵام داخەکەم، هەموو ئاوات و خۆزگەکانم تێك شکان و نەهاتنەدی!

شاعیر: «بە نارەزایی‌یەوە» ئەم حیکایەتەمان زۆر جاری تر گوێ لێ بووە..

کۆلۆنێل: «بە زەردەخەنەوە» ئەزانم بۆ وا ئەڵێت، چونکە من گوێ لە شیعرەکانت ناگرم، تۆ ناتەوێ گوێ لە بەسەرهاتەکانی ژیانی من بگریت، شارڵ عاقڵە کەچی ئەویش وشەیەك نادرکێنێ!

داهێنەر: «دەمو دەس بە هەڵچوونەوە» ئیتر ناتوانم بژیم، بە درێژایی تەمەنم هەوڵی ئەوەم دا کرۆکی بیرم پێشکەش مرۆڤایەتی بکەم، بە زانست و داهێنانەوە، بەڵام چی بکەم بەختم نەبوو، هەر بە دوای «مارکۆنی»دا بیرم لە بێ تەل کردەوە.. چەند ڕۆژێك پاش «ئەدیسۆن» ویستم تەلەفۆن درووست بکەم، دوای ئەوەش کە «بێرد» تەلەفزیۆنی درووست کرد منیش بە چەند سەعاتێکی کەم درووستم کرد.. «بە بێزاری‌یەوە» من خەڵك فێری کارەباو موگناتیس ئەکەم... بەڵام بڵێم چی، کەسێك لەم دنیایەدا نایەوێت گوێ لە من بگرێت لەوانەیە

شاعیر: لەوانەیە چی؟!!

داهێنەر: لەوانەیە ئیتر هیچ ئاواتێکم نەمێنێ و نائومێد بم، لەوانەیە گەر زوو بمرین باشتر بێ و دنیاکەی تر خۆشتر بێت.. خۆزگە بەو دنیا شاد ئەبووین.. ئەو دنیایەی کەس کارەبای تیا داناهێنێ، من نەبم.. بەڵێ بەکەم کەس ئەبم دای ئەهێنم..

شاعیر: بۆچی ئەبێت گشت کاتێك قسەی دوێنێمان بکەینەوە؟!

داهێنەر: «بە بێ تاقەتی‌یەوە» تکایە ئەو ڕادیۆیە بێ دەنگ کە..

شاعیر: «ڕایوکە ئەکوژێنێتەوە» هەموو بەیانی‌یەك هەر لەم جێ‌یەدا دائەنیشین و تا نیوەڕۆ گوێ لە ڕادیۆ ئەگرین، ئینجا ئافرەتە سستەرەکە دێت و ئەمانبات تا لەگەڵ یەك کەوتەکانی تردا نانمان بدەنێ، پاش نان خواردنیش سەعاتێك ئەخەوین و ئینجا دێینەوە شوێنەکەی خۆمان.. هەموو ڕۆژێك ئەبێت گوێ لە کۆلۆنێل بگرین و ئەویش باسی سەرچڵی خۆیمان بۆ ئەکات، هەموو ڕۆژێکیش گوێ بۆ فەلسەفە تاڵەکەی شارڵ شل ئەکەین کە دووبارە کردنەوەی وشە بە وشەی قسەکانی لەوەو بەرێتی! «دوای پشوویەکی کورت» هەموو ڕۆژێکیش قایل نابن گوێ لە شیعری من بگرن و هۆی ئەمەشم پێ نالێن!!

کۆلۆنێل: «بە پێکەنینەوە» ئەمەڕەوا نییە، وا نی‌یە؟!

شاعیر: هەرگیز ڕەوا نییە، «بە دەربڕین و دەنگێکی جیاوازەوە» پیرێژنێکی فاڵ گرەوە پێی وتم: لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا کتوپڕ ئەمریت، چۆن مەرگێ؟ مەرگێکی دڵ تەزێن، لە لوتکەی چیاوە ئەکەویتە خوارێ،... بەڵام ئەوەتا هەر زیندووم و لیرەم،

ئەژیم و هەناسە ئەدەم، چل ساڵ بەسەر وادەی مردنمدا تێپەڕیوە.. «بیر ئەکاتەوە» لێشتان ناشارمەوە کاتێ خۆی زۆر لەو پێشبینی‌یەی ئەو پیرێژنە ترسام، هەر بۆیە هەمیشە لە چیا دوور ئەکەوتمەوە..

داهێنەر: ئەم بەسەرهاتەشمان دوێنێ و پێرێ و ڕۆژانی تر بیستووە!

شاعیر: «بە هێمنی‌یەوە» ئەبێ شتێك هەبێت کە نەوترابێت؟!

کۆلۆنێل: هەرگیز، هیچ نەماوە کە نەمان وتبێت.

شاعیر: «پاش کەمێك بێ دەنگی» پایزێکی تر!

داهێنەر: ئەمەشمان بە درێژایی وەرزەکانی ساڵ بیستووە، هەندێ جار لە ناوەڕاستی زستانداو هەندێ جاریش لە سەرەتای هاویندا... و..

کۆلۆنێل: ئەرێ ئەم گفتوگۆ ساردو سڕە بێ تاقەتتان ناکات؟

شاعیر: با باس لە مردن بکەین..

کۆلۆنێل: «وەك ئەوەی تۆڵەی قسەکەی لێ بکاتەوە» ئەمەندەت لەسەر مردن وت تا مردنت کوشت!

شاعیر: خۆشەویسترین شت چی‌یە کە غەمی ئەوەت بێ دوای مردنت جێی بهێڵێت؟

کۆلۆنێل: ئەفەریقایە.

داهێنەر: خەون و هیوام، ڕۆژانی لاویم..

شاعیر: بەڵام من ئاخ بۆ ئەو یادگارە شیرینانە هەڵ ئەکێشم کە لە شیعرەکانمدا دەرم بڕیون و بە نەمریی ماونەتەوە. «هەرسێکیان پێکەوە ئەدوێن و ئینجا بێ دەنگ ئەبن».

کۆلۆنێل: ئەفەریقام خۆش ئەویست «ژنێك و کوڕێکم هەبوو، دارستانەکانم ئەپەرست، ئەو کاتەی دڕندەکان لە بێشەکانیان دەرئەپەڕین و گاڵتەیان بە مرۆڤ ئەهات چونکە خۆی بە باشترین گیان لەبەر ئەزانێت.. ماوەیەك لە بەرەکانی جەنگ جەنگاوەر بووم، هەروەها لە دارستانەکاندا بووم... لە یاریی شەترەنجیشدا هەموو کات زاڵ ئەبووم بەسەر ئەوەدا کە ڕوو بە ڕووم بوەستایە.. بەڵام داخەکەم ئێستا کەسێك شك نابەم کە بتوانێ بەرامبەرم بکۆکێ!

شاعیر: من ئەتوانم شەترەنجیشت لەگەڵدا بکەم..

کۆلۆنێل: تۆ باشی نازانیت، تەنیا بە یەك دوو گواستنەوە لێتی ئەبەمەوە. هاوڕێم خۆت بڵێ دەرقەتت نایەم زۆر باشترە.

داهێنەر: «نوقمی بیرکردنەوەیە» هەمیشە ئەمویست بەسەر ڕەگەزەکانی سروشتدا زاڵ بم.

کۆلۆنێل. خۆزگەو حەزی من کەمتر بوون، من خوا خوای ئەوەم بوو دوژمنێك لە ڕوومدا بکوکێت و بێزاری کەم.. داگیر کردن حەزێکەو بە ڕەچەڵەك بۆم ماوەتەوەو لە خوێنما ئەژی، لێرە کات و تەمەنم بە فیڕۆ ئەڕوات.. تا ئێستاش گەرم و گوڕیی ژیان بە دەمارەکانمدا دێت و ئەچێت.. من لەوە بچووکترم کە لە جێیەکی وەك ئێرەدا بەند بکرێم...

شاعیر: «دڵنەوایی ئەکات» ئای خۆشەویستم!

کۆلۆنێل: تەماشا کەن.

شاعیر: چی‌یە، شتێکی نوێمان پیشان ئەدەیت؟

کۆلۆنێل: «هەڵ ئەستێ و ئەچێتە لای دۆڵابەکەیەوەو دەمانچەیەکی کۆن دەردێنێ» بڕوانە ئەم دەمانچەیە.

شاعیر: خوایە گیان، ئەمەت چۆن هێناوەتە ئێرە؟ ئەمە چەکێکە تەنیا بە کەڵکی زۆرداری و تۆقاندن دێت.

کۆلۆنێل: یەکەم جارە پیشانتانی ئەدەم، لەبەر ئەوە نا کە بڕوام پێتان نەبووە، بەڵکو ترسم لەوە هەبوو کە لە بێ ئاگایماندا لای سستەرەکە ئەم نهێنی‌یە ئاشکرا بێت، ئەوسا منیش خۆمم بۆ ڕانەئەگیرا... ئەم دەمانچەیە «بە دەنگی نزم» وای بۆ ئەچم کە ئەم دەمانچەیە چاوو بیری هەبێت، ئەمە بەشداری یادگارەکانی ئەفەریقاو هەردە جوانەکانێتی.. قەرەجەکانی، مەترسی‌یەکانی، چیاکانی، «بە دەربڕینێکی وەك هیی نواندنەوە» لە ژیانما بێجگە لە ئەفەریقاو ئەم دەمانچەیە هیچی ترم خۆش نەویستووە.

شاعیر: «بە پەستی‌یەوە» خۆ فیشەکی تیا نی‌یە؟!

کۆلۆنێل: ترست نەبێ، ئێستا هیچ کەڵکێکی پێوە نەماوە.

داهێنەر: ئادەی.. «دەمانچەکەی لێ وەرئەگرێت» تیۆری دروست کردنی تیۆرێکی سەرەتایی‌یە، ڕۆژێ لە ڕۆژان منیش دەمانچەیەکم دروست کرد..

شاعیر: بۆچی؟

داهێنەر: لە خۆشەویستی داهێنانەوە.

شاعیر: «بە ترسەوە» حەزت لەوە بوو چەکی کوشندە داببهێنیت؟! ئەی ئێستاش حەز ئەکەیت؟

داهێنەر: گەر فریشتەی داهێنان هانم بدات چەکی کوشندە درووست بکەم ئەوا ئەبێت مل بۆ هەموو ئارەزوویەکی کەچ بکەم.

شاعیر: بەلام من شیعر بۆ ئاشتی ئەنووسم.

کۆلۆنێل: جوێی گوێ بگرە، تۆ خۆت پێشنیازت کرد کە باسی مەرگ بێتە بابەتی گفتوگۆکەمان، کەچی ئەبینم ترست ئەنانەت لە ناوهێنانیشێتی!

شاعیر: من مەرگی سەروشتیم لە لا خۆش و پیرۆزە، بەلام رقم لە مەرگی کتوپڕو پێش وادەیە، هەروەها رقم لە مەرگی پیری و دواکەوتووە

داهێنەر: دیارە تۆ زۆر لە مردن ئەترسیت.

کۆلـۆنێـل: بەلێ راست ئەکـات.. بەلام من هەردەم بە ئاواتی مەرگێکی تونـدو تیـژەوەم بۆ خۆم، وەك دڵ پێکـان، تەواو ناو دڵم... ئای کە کۆتاییەکی خۆش ئەبێت.

شاعیر: من ئەمەوێت کۆتایی ژیانم هێمن و ئارام بێت.. فرمێسکم لە کەس ناوێت، بەلام گوڵی زۆرم ئەوێت.. تا بە راستـمـە، چەنـد حەز ئەکـەم هەمـو ناسراوو خانـەدانـان شوێن تەرمـەکـەم بکەون و هەموو جلی رەش لە بەر کەن، ریك و پێك بە ریزێکی بێ کۆتایی برۆن بەرێوە، ئاسمانیش بارانی خۆی بیارێنێت، ئەو کاتە گیانم لە ناو ئەوانەدا جێ بمێنێت کە هاتوون بۆ ناشتنم و لە ژێر سەیوانێکی شایەنی ئاوداراندا ئۆقرە بگرێت.

کۆلۆنێل: چاوەڕێی ئەوەیت پیاوانی ناودار بتنێژن؟

شاعیر: بەلێ، بەلام من بێ بەختم و هیچم بۆ نایەتە دی.. زۆر ژیام، زۆربـەی کەلـە شاعیرانی هەڵ کەوتووش لە سی‌ساڵیدا ئەمرن، بە سیل یاخود خۆشەویستی ئەمرن.. ئەوەتا شومان و بایـرۆن و شیللیو پووشکین و هی ترو هی تریش هەمـوو لە هەرەتی لاوێتیدا مردن، ئێمەش خۆشمان ئەوێن و تا ئێستاش بۆ ئەو تەمەنە کورتەیان ئەگرین.. «بە دڵ رەقی‌یەوە» بەلام من لەو جۆرە شاعیـرانـەم کە مەرگی ئەدەبی‌یـان پێش مەرگی سروشتی‌یان کەوتووە.. ئەم ژیانـەم لا خۆش نی‌یە، رقم لە مەنتیقە شێتەکەیەتی!

داهێنـەر: کە هیـچ خۆشی‌یـەکت لە ژیـان نەدیبێ هەق نی‌یـە سڵ لە مردن بکەیتەوە، منیش ناخۆشی زۆرم بینی، لە ئەگەیەتی بەو لاوە چی ترم تووش نەهات؛ تەواو ماندوو بووم، بەلام حەز بە گۆڕران ئەکەم، حەز بە سەرچلێی تر ئەکەم!

کۆلـۆنێـل: لەگـەڵ هەمـوو ئەمـانـەشدا؛ کێ لەوە دڵنیام ئەکات کە ئەفـەریقـا لەگـەڵ منـدا ئەگـوێزرێتەوە بۆ ئەو دنیا، ئای چەندە دڵتەنگم بە دووریت ئەفەریقا!!

شاعیر: باشە بێجگە لە مردن، ئاواتی ترت چی‌یە؟

کۆلـۆنێـل: ئاواتم ئەوەیـە مەدالیایەکم لەسەر ئەو شەڕانە وەرگرتایە، ئەگـەر لە سوپـا دەرنـەکـرامـایـە ئەمبـردنـەوە، هەروەهـا ئاواتە خوازیشم لە ئاسمـانـدا لە جێگـایـەکی وادا بوومـایە هەمـوو ئەوانـەی تیـا کۆبـوایـەتەوە کە ئەفریقایان خۆشویستووە.. «بە هەڵچوونێکی منداڵانەوە»، خۆزگە لە ئاسمان رێیان پێ ئەدام راوم بکردایە! من تەنیا ئەوەم ئەوێت کە ژیانی پڕ لە سەرچلێم بە مەرگ کۆتـایـی پێ نەیـەت.. ئەبیـنـن من هەر مەیلی سەرچلێمەو حەز ئەکەم زۆرو نەمر بێت!

شاعیر: «بە خەوباری‌یەوە» جێی سەر سوڕمانە کە لە زەوی ئاشتیدا چەکدار بیت! دیارە لە ئاسمانیشدا حەزت لەوەیە هەست بە باق و بریقی شەڕە شیرو دەنگی تەقینی تۆپ بکەیت؟!

داهێنەر: بەلام من پەرۆشی مردنم، حەز ئەکەم زوو بمرم.

شاعیر: بەلێ، لام وایە زیاد لە پێویست ژیاوین. لەوە ئەچێ خوا ئێمەی لەبیر چووبێتەوە!

داهێنەر: من ئەم قسەیەم بە دڵ نی‌یە!

شاعیر: «پاش ماوەیەك بێ دەنگی» ئێرە چەند جێگایەکی بێ‌دەنگ و خامـۆشـە! هەرگیـز وەك ئێستـا هەستم بە شتەکان نەکردووە.. هەست ئەکـەم تەنیـام، «بـۆ کۆلـۆنێـل» بەلام دەربـارەی ئەفـەریقـا... «کۆلـۆنێـل لەسـەر کورسی‌یەکـەی خەوی لێ کەوتووە» چی‌یە.. خەوتووە؟!

داهێنەر: برادلی.. برادلی..

شاعیر: «بەچرپە» نا...، نا، لێی گەڕێ، هەڵی مەستێنە، خەوی زۆر کەمە، با بۆ خۆی بنوێت.

داهێـنـەر: «ئـەڕوانێتـە کۆلـۆنێـل و ئینجـا لێی نزیـك ئەبێتـەوە» نەخەوتووە، مردووە!

شاعیر: ئای، خوایە گیان!

داهێنەر: «رووەو دەرگاکە ئەچێت» کوا سـتەرەکە؟

شاعیر: نا.. نا، بانگی مەکە.

شاعیـر: دیـارە نازانێت بیـری خوا کەوتـوویـنـەتـەوە، کۆلـۆنێلی بیر کەوتەوە، ئەبێت نۆرەی ئێمەش بێت، وەرە.. وەرە لامەوە دانیشە.

داهێنەر: پێم وایە پێویستە کە..

شاعیر: نا.. نا.. دانیشەو قسە مەکە، بیر کەرەوە «بێدەنگی‌یەك» ئێستا کۆلۆنێل ئەزانێت ئەفەریقای لەگەڵ دایە یان نا.. تۆ بڵێی لەناو هەوردا سەربازگە دامەزرێنێت و بە سواری ئەسپەکەیەوە بە ناو ئەستێرەکاندا هێرش بەرێت؟ بە ژیانی نوێ گەیشت... با هەردوو لە خوا پیاڕێینەوە ئیمەشی بیر نەچێت.. با لیمان نەگەرێت و کۆتایی بە ژان و ئازاری سەر زەوی‌مان بێت.

داهێنەر: هیوام وایە لەوێ کۆلۆنێل بە ئاواتەکانی بگات.

شاعیر: بە هەموو شتێك ئەگات، هەروەها من و تۆش «زەردەخەنە ئەی‌گرێت» لەو جیهانەی داهێنانی تیا نی‌یە بۆ خۆت دەست ئەکەیت بە داهێنان.. هەموو کاتێك پێویستیان پێت ئەبێت..

داهێنەر: ئەبێت پێویستیان پێم بێت.. هەموو کاتێك وا هەست ئەکەم لە جیهانێك زیاتردا ژیاوم و لە هەمووشیاندا بێ خێر بووم.. پێم وایە وام بەسەر لوتکەیەکی بەرزەوەو هەست بەو سروە شێدارەی سەر تەوێڵم ئەکەم... تاریکی‌و تیشك بەر چاویان گرتووم... مەنتیق هەرەسی هێناوە! «وەکو خەو بیبنێ» ئا ئێستا ئەتوانم کە بە باشی ببینم!.. «سەری شۆڕ ئەکاتەوەو بێ دەنگ ئەبێت»

شاعیر: «بە پێکەنینەوە» وا شارلیش مرد، ئینجا نۆرەی منە «هەناسەیەکی قووڵ هەڵ ئەکێشێ‌و ڕوو ئەکاتە ئاسمان و هاوار ئەکات» خودایە، لێت ئەپاڕێمەوە لە بیرم مەکە، لێت ئەپاڕێمەوە؛ تەمەنم هەشتاوپێنج ساڵە.. کۆلۆنێل هەشتاو سێ ساڵ بوو، شارلیش هەشتاو چوار.. ئەبوو من پێشیان بکەوتمایە.. «بە پارانەوەوە» خوایە گیان؛ ئەم ماوەیە لە ئازارم دوور بخەرەوە.. هەر بەو وێنەی بروسکە مەرگم بۆ بنێرە، ڕێم بە با گوێم لە دەنگە دەنگ و هات و هاوار بێت.. لێم گەڕێ با شوێنیان کەوم بۆ خاکی پڕ لە ئاشتی، «دوای تاوێك بێ دەنگی» نا.. نا.. دیارە وادەم نزیکە.. «بە تووڕە بوونەوە» خێرا.. دە خێراکە، چاوت لە ئاستم دامەخە، «شێتانە» بۆچی زەنگەکان دەنگیان بڕا، دە بۆ پێشوازی کردنی منی لێ دەن.. بە هەورەکاندا هەڵ ئەگەڕێم و هاوار ئەکەم«هاوار ئەکات» نا.. نا.. بێ من دەرگاکە دامەخە، گوێم لێ بگرە.. گوێم لێ بگرە «شێتانە سەیری دەوری خۆی ئەکات و پاشان بەرەو دۆلابەکەی کۆلۆنێل ئەچێت و دەمانچەکە هەڵ ئەگرێ».. ئاخ.. ئەگەر فیشەکی تیا ئەبوو! «بێ ئاگا پەنجە بە پەلەپیتکەکەدا ئەنێت و فیشەکێکی لە دەست دەرئەچێ‌و ئەیدات لە بنمیچی ژوورەکە» بەڵێ.. بەڵێ پڕیەتی لە فیشەك!. «ئەڕوانێتە ئاسمان» خوایە گیان، بمبەخشە لەو کارەی ئەیکەم.. لە توانامدا نەماوە بمێنمەوە، ئەمەوێ ماوەیەك پێش کۆتایی ژیانم کەوم.. بمبەخشە.. «لوولەی دەمانچەکە ئەنێتە سەر ناوچەوانی‌و هەردوو چاوی دا ئەخات و پەنجە بە پەلەپێتکەکەدا ئەنێت، ناتەقێ، چاو ئەکاتەوەو بۆ جاری دووەم و سێیەم و چوارەم پەنجەی پیا ئەنێتەوە بەڵام بێ سوودە! دەنگێ لە دەرەوە دێت و ستەرەکە دێتە ژوورەوە»..

ستەر: «بەترسەوە» ئەو دەنگە لێرەوە بوو؟

شاعیر: بەڵێ.

ستەر«کە دەمانچەو لاشەکانی دوو مردووەکە ئەبینێت هاواری لێ هەڵ ئەستێ‌و ئینجا ئەگەڕێتەوە دواوە..» تۆ کوشتنت؟

شاعیر: «وەکو منداڵێکی تووڕە» نەخێر.. فێڵیان لێ کردم و بە تەنیا جێیان هێشتم..

ستەر: دەمانچەکە فیشەکی تێدایە؟

شاعیر: گەر تیایدا ئەبوو تاوێك نەئەمامەوە..

ستەر: کە واتە تۆ ویستووتە..

شاعیر: «بە ماندوویی‌یەوە» ئەمویست هەست بە سروەی تەڕیی سەر تەوێڵم بکەم.. بەڵام بێ سوود بوو.. «بە دڵتەنگی‌یەکی تەواوەوە» حەزم ئەکرد لە بەر چاومدا تیشك و تاریکی ببینم؛ بەڵام بێ سوود بوو.. ئەمویست مەنتیق بڕمێنم.. بەڵام..!

ستەر: بەڵام چۆن چۆن مردن؟!

شاعیر: نازانم.. نازانم..

ستەر: ئۆف.. چەند سەیرە!!

شاعیر: «بە غەمباری‌یەکی زۆرەوە» پایزێکی تر. پایزێکی ترو تر.. تروسکەیەکی ڕوناکیی چی‌یە بەدیی ناکەم!

«تەواو بوو»

* * *

**نووسەری شانۆگەری‌یەکە: پیتەر ئەلێکساندەر ئۆستینۆف، هونەرمەندێکی گەورەی سەدەی بیستەمە، ئەکتەرو ئەدیب و شاعیرو مۆسیقی‌و نیگارکێش و دەرهێنەری شانۆیی‌و سینەما بووە، بە ئەسڵ ڕووسەو لە بەریتانیا لە دایك بووەو ژیاوە، ئەندامی کۆمەڵی هونەری شاهانەی بەریتانیا بووە، گەلێك بەرهەمی ئەدەبیی چاپکراوی لە نێوان ساڵانی «١٩٤٢ - ١٩٦١» دا هەیە.**

**● تێبینی: ئەم شانۆگەری‌یە لە لایەن شاعیری مەزن «بدر شاكر السیاب»ەوە وەرگێڕاوەتە زمانی عەرەبی منیش لە شوباتی ١٩٨٢دا لەم سەرچاوەیەوە کردوومە بە کوردی: خالص عزمي، صفحات مطوية من أدب السياب، بغداد، ١٩٧١.**

لێکۆڵینەوەی شانۆیی

# لیژوانێکی هونەری

## دەربارەی «ئەو پەگەزانەی کە پرۆسێسی نومایشی شانۆیی پێک دەهێنن»

• شەماڵ عومەر •

نیگار حەسیب قەرەداغی

• وتەبەك، دەبێ بووترێ •

[گومانی تێدا نییە کەشانۆ، وەك لقێکی گرنگی هونەر، چالاکییەکی فیکریی مرۆڤەو هەر لەم پێودانگەشەوە ئەم لقەی هونەر لەسەرەتای پەیدابوون و گەشە سەندنیەوە لەناوچەو هەرێمێکی دیاریکراوو لەلای تەنیا میللەتێك نەگیرساوەتەوە، نەخوازەڵلا لەرۆژێکی وەك ئەمڕۆدا کەهۆیەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیی نێو میللەتان بۆتە کارێکی ئاسایی و هەرپێشکەوتن و گۆڕانێك چ سەلبی، چ ئیجابی لەهەر بوارێکدا ڕوویدات هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. ئەوەی مەبەستمانە بیڵێین ئەوەیە ئەمرۆکەی شانۆی کوردیمان گەلێك ئاتاجی سوود وەرگرتن و شۆڕبوونەوەیە بەو تاقی کردنەوە هاوچەرخانەی کەلەبواری هونەری شانۆی گەلاندا دێنە دی، پێمان وابێ کاتی ئەوەش هاتووە کەخۆمان لەهەندێ قاوغی تەسك و شکلیاتی پڕ لەدووبارە بوونـەوەو سادەکاری بپوێرین، یان ڕاستتر بیڵێین با شانۆی هەشتاکانی ئێمە جیاوازی هەبێت لەگەڵ هی حەفتاو پێش حەفتاکاندا [بێگومان ئەمە لەکاتێکا ئەڵێین کە ئەگەر حیساب بۆ ئەو پێودانگانە بکەین کە شانۆی کوردی دەیانگرێتە خۆی]، هەر لێرەشەوە، بەپێویستمان زانی وەك پڕکردنەوەی کەلێنێکی گەرچی بچکۆلەش بێ، گفتوگۆو پیلەبازی یەکی هونەریی لەگەڵ هەندێ مامۆستاو ڕابەرانی شانۆی هاوچەرخی عێراقیدا ساز بدەین شایانی وتنیشە، کە ئەم مامۆستایانەش کەم تازۆر خاوەنی تاقیکردنـەوەی قووڵ و پێزن و لەبەر ڕووناکیی زانیاری و ڕۆشنبیریی یەکی ئەکادیمیانەی چ تیۆری، چ پراکتیکی جیهانیدا بەرهەم و سەلیقەو توانای خۆیان خستۆتە ڕوو. هیوادارین ئەو خاڵە گرنگانەی کەدەخرێتە پێش چاوتان لە جێ ورێی خۆیاندابن و، سوودێك بەنەوەی نوێی شانۆی کوردیمان بگەیەنن].

## ڕۆژی شانۆی جیهانی . .

هەمـــوو ساڵێـــك لەجیهـــانــدا، بەبـۆنـەی ڕۆژی شانـۆی جیهانی‌یەوە ئاهەنگ و چالاکی هونەریی جۆربەجۆر بۆ ئەم یادو بیـرەوەری‌یـە پیـرۆزە سازدەکـرێ، ئەمەش زیاتر بەرەنجامی ئەو ڕۆڵە گەورەو گرنگەیە کەشانۆ لەژیانی مرۆڤایەتی‌دا دەیگێڕێ . . .

هونـەری شانـۆ کۆنتـرین جمـوجـۆڵ و چالاکی‌یـە کەمـرۆڤ لەبـواریی‌یـەوە تەعبیـری لەخـودی خۆیی‌و هەمـوو چالاکی‌یـە کۆمـەلایـەتی‌یـەکانی کردووەو بووەتە گۆڕەپانێکی گەورەو فراوانی هەموو کێشە فکری‌و کۆمەلایەتی‌یەکان، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کاریگـەریی‌یـەی کەشـانـۆ لەبـواری بەرەوپێشەوە چوونی مرۆڤدا هەبـووە، هیـچ دەزگـاو بنکـەیـەکی تایبـەتی‌و جیهـانی بەخۆوە نەدیبوو کە کاروباری شانۆو نزیك کردنەوەی لەشانۆی وولاتانی تر لەخۆ بگرێت. ئەوەبوو سەرئەنجام لەساڵی ١٩٤٦داو لەسەر داخـوازی ڕێکخـراوی یونسکـۆ، سێ کەڵە هونەرمەندی شانۆیی «ئـەرشیـاڵــد ماکیش، جۆن بریستلی، فرانســوا مۆریـاك» لیژنەیەکی ئامادەکردنی مەڵبەندی جیهانی شانۆیان پێك هێنا.

ئەمە وامایەوە تا ساڵی ١٩٤٧، ئەوەبوو کۆمەڵێك هونەرمەندی جیهانی‌و پسپۆرانی شانۆیی کەبریتی‌بوون لە [جان لوی بارۆ ـ ئەرمان سالاکروا ـ جۆن بریستلی ـ جۆن ڕۆبن] کۆبوونەوە بۆ گفتـوگـۆو دامەزراندنی لیژنەی مەڵبەندی گشتی شانۆ. دیسانەوە لە حوزەیرانی ساڵی (١٩٤٨)دا لە (پراغ) کۆنگرەیەکی گەورەی شانـۆیی بۆ ئەم مەبـەستـە سازکـراو لەئـەنجامدا ڕایان گەیاند کە «جـۆن بریستلی» بکـرێتـە سەرۆکی لیژنـەی شانـۆی جیهانی‌و هەروەها شاری (پاریس) بە مەڵبەندی گشتی دابنرێت.

لەکـۆنگـرەکانی بنکەی شانۆی جیهانی‌دا کۆمەڵێك گفتوگۆ بۆ مەسـەلـەی هونـەری شانـۆو ڕۆشنبیـری شانـۆیی‌و پێشکـەوتنی‌و توێـژینـەوەی دیـاردە تازەکـانی سازکرا، هەروەها خاڵی سەرەکی کەمەڵبەندی ناوبراو گرتیە ئەستۆ، پتەوکردنی پەیوەندی هونەری نێوان هەمـوو شانـۆکانی جیهان بوو، دیسانەوە بەیەك گەیاندن و بڵاوکـردنـەوەی چالاکیـەکـانیان و ناساندنی نووسەرو دەرهێنەرو ئەکتـەرو هەمـوو هونـەریی‌یەکانی تر بەیەکتری‌و پێشکەش کردنی بەرهـەمـەکـانیان بە بینەرانی گشت جیهان. هونەرمەندانی شانۆ لەساڵی (١٩٦١)دا کۆبوونەوەیەکی فراوانیان کردو بڕیاریان دا کە



(٢٧)ی مارت بکرێتە ڕۆژی تایبەتی شانۆی جیهانی، لەم ڕۆژەداو لەژێر دروشمی (شانۆ هۆیەکە بۆ تێگەیشتن و بەهێز کردنی ئاشتی لە نێوان گەلاندا)، ئاهەنگی شانۆیی و کۆڕی ڕۆشنبیری و ئامادەکردنی چالاکی جۆربەجۆری شانۆیی سازدەکرێت بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو ڕۆڵە مەزنەی شانۆ کە لەشارستانیەتی مرۆڤایەتیدا دەیگێڕێت.

دەست نیشان کردنی «٢٧»ی مارت بەتایبەتی لەلایەن ئەو لیژنەیەوە بۆ ڕۆژی شانۆی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ دەست پێکردنی فیستیڤالی شانۆی «سارە برنارد» لە «پاریس»دا کە هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا شانۆیانی جیهانی یەك دەگرنەوەو بەرهەمەکانیان پێش کەش دەکەن... ئەوەبوو شانۆی «سارە برنارد» بە شانۆی گەلان «مسرح الامم» ناسرا.

بۆ یەکەم یادی ئەو ڕۆژە پیرۆزە مەڵبەندی جیهانی شانۆ لە ساڵی (١٩٦٢)دا هەموو کەڵە هونەرمەندان و گەورە پیاوانی بوارەکانی ئەدەب و هونەرو فکریان کۆکردەوەو یەکەم یادیان لە ئاهەنگێکی گەورەدا بەئەنجامدا، ئەمەری بەناوبانگ «لۆرانس ئۆلیڤیە»و شاژنی شانۆی ئەڵمانی «هیلینا فایکل»و دەرهێنەری مەزنی جیهانی «پیتەر برۆك»و «جان کۆکتۆ»ی ئەدیب و هونەرمەندی فەرەنسایی، بەشدارییەکی گەورەو ڕاستەوخۆی ئەو ڕۆژەیان کرد.

مەڵبەندی جیهانی شانۆ هەموو ساڵێك کۆمەڵێك باسی گرنگ کە لەم چەند خاڵەدا کۆدەبنەوەو بەشێوەی گۆڤارو نامیلکەی جۆربەجۆرو بەزۆر زمانی جیهانی بڵاو دەکەنەوە... ئەمەش گرنگترین ئەو خاڵانەن:-

(١) شانۆو مافی مرۆڤ.

(٢) شانۆو پەیوەندی بەجەماوەرەوە.

(٣) شانۆ بەبێ جەماوەر.

(٤) پەیوەندی شانۆ بە کۆمەڵەوە.

(٥) پەیوەندی شانۆ بە ڕژێمەوە.

(٦) پەیوەندی شانۆ بەلاوانەوە.

* ● * ●

«بەبۆنەی ئەم ڕۆژە پیرۆزەوە «ڕۆژی شانۆی جیهانی»، بە پێویستمان زانی ئەم دیدارە شانۆیی یە، پێشکەشی شانۆی کوردیمان بکەین لەپێناوی پێش خستن و فراوان کردنی ئاسۆی ڕۆشنبیری شانۆیی و برەوپێدانی ڕەوتی شانۆی کوردی.»

* ● * ● *

■ **ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نومایشی شانۆیی:-**

ئەم لێدوانە شانۆییە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی بەرهەم هێنانی شانۆیی، یان وێنە پێکهاتەیی «الصورة التركيبية» نومایشی شانۆیی لەخۆ دەگرێت.

وێنەی شانۆیش ئەشێ لەچوار ڕەگەزدا کۆبکرێنەوە، ئەوانەش «ووشە، تەعبیرکردن، بینەر، ڕێکخەر»ە، بایەخیان لەلای توێژەرەوەو ڕەخنەگرەکان پابەندە بەچالاکی شانۆییەوە. ئەم ڕەگەزانە لەشانۆی هاوچەرخدا بایەخێکی تایبەتییان هەیە، هەر لەهەڵبژاردنی دەقی شانۆییەکەوە تادەگاتە نومایشە شانۆییەکە کەتیایدا هەرچی ڕەگەزەکانی دیاردەی شانۆیی هەیە پێ دەگەن و کامڵ دەبن. هەروەها دەشتوانین کە ناوی ئەم ڕەگەزانە لەسێ شتی گرنگدا کۆبکەینەوە، کەبریتین لە «دەقی شانۆیی، نومایشی شانۆیی - [کاری دەرهێنەرو ئەکتەر]، بینەران»، وەبەسێ کوچکەی نومایشی درامایی «ثالوث العرض الدرامي» دابنێین.

بەچاوپۆشینیش لەڕێکخستن و ڕیزکردنی یان پاش و پێش خستنی بابەتی ئەم ڕەگەزانە، وێنەی شانۆیی هەرگیز ناگاتە ئاستی کامڵ بوون ئەگەر بێت و ئەو ڕەگەزانە لەخۆ نەگرێت.

● **دەقی شانۆیی یان پرۆژەی کاری دەرهێنان:-**

جێگای مشت و مڕنییە، کەنومایشی شانۆیی، ناشێت بەبێ دەقی شانۆیی بێتەدی، هەرچۆنێك بێت لێرەدا دەقی شانۆیی دەبێتە بناغەو، هیچ نومایشێکی شانۆیی، دەق بەلاوە نانێ، گەرچی ئەتانەت مەسەلەی لێ لابردن و بەلاوە نانی هەندێك شت لەدەقەکەدا بێتەدی، ئەمە زیاتر نزیکە لەکاری ئامادەکردنی دەقێکی گونجاو چ وەك نومایش و چ وەك تێر وانین، یان ئەتانەت ئەگەر هەر لەو حاڵەتەدا بەشێوەیەکی ڕاگوزارییانە دەست پێبکرێت، هەر ئەو کاتەش بەشێوەیەکی گشتی سیماو تانوپۆی دەقی شانۆیی وەردەگرێت، ئیتر ئەوڕێ و شوێنەی کەبەهۆیەوە

دەقەکە چارەسەر دەکرێت هەرچۆنێك بێت، نومایشی شانۆیی ناکرێ بەبێ دەق بنیات بنرێ.

● **دەرهێنەر :-**

هەڵبژاردن و ئامادەکردنی دەقی شانۆیی، یەکێکە لەکارە سەرەکییەکانی دەرهێنەر، هەر ئەویشە کەئەرکی «دەرهێنان»ی نوومایشی شانۆیی دەگرێتە ئەستۆو لەم کارەشیدا پشت بە هەموو رەگەزە هونەریی و مرۆیی یەکان دەبەستێ. هەر لەم بوارەشدا پێداویستیەکانی نومایشی شانۆیی دیاری دەکات، کەواتە دەرهێنەر ئەو عەقڵە رێکخەرو چاوە تیژو کراوەیە کە ئامانجی بەرودوای، بەدی هێنانی ئەو خواستەیە، کەنومایشی شانۆیی دەستەبەرەی ئەکات. هەروەها وەك عەقڵێکی زیرەك و وریا هەموو پرۆسێسەکانی بەرهەمهێنانی شانۆیی رێك دەخات، هەر لە هەڵبژاردنی دەقە شانۆیی یەکەوە تادەگاتە نومایشی شانۆیی، کەتیایدا هەموو رەگەزەکانی دیاردەی شانۆیی، [ووشە، ئەکتەر، چوارچێوەی ئەشکیلی وەك «دیکۆرو جل و بەرگ و ئیکسسوارو رووناکی»، بینەر]، پێ دەگەن و کامڵ دەبن، هەموو ئەوانەش لە چوارچێوەیەکی بیناسازییانەی نومایشەکەدا دێتەدی. لێرەوە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کەبڵێین، لەشانۆی هاوچەرخدا، دەرهێنەر پلان دانەرو نەخشە کێشی پرۆژەی بەرهەمهێنانی شانۆیی یە، لەهەمان کاتیشدا عەقڵێکی کراوەو رووناکبیرو داهێنەرە بۆ ووردو درشت و لایەنە گشتی یەکانی نوومایشی شانۆیی. جاهەر لەروانگەی ئەم سیفاتەوە، جڵەوی هونەریی و فیکریی پرۆسیسی شانۆیی دەگرێتە دەست بەوەی کە لەئاستێکی بەرزدا رێرەوو شێوازێك پیشان ئەدات، بەشێوەیەك کە لەبواری یەکەی هونەریی کارە درامایی یەکەوە، دووا ئامانجی نومایشەکە بهێنێتەدی، یان بەواتایەکی تر تاکە ئامانجێك دەهێنێتەدی ئەویش نومایشی شانۆیی یە.

---

**بینەر :-**

---

شتێکی بەڵگە نەویستە کەهیچ نومایشێکی شانۆیی نایەتەدی، گەر بێتو بینەر کاری وەرگرتن مەیسەر نەکات و بەشدار نەبێت لەدارشتنی وێنەی شانۆییدا. شانۆش نابێتە «شانۆ» بەبێ ئەو پەیوەندییە جەدەلیە پتەوەی کەلەنێوان هەردوو لادا هەیە، لایەکیان داهێنەرەو، ئەوی تریان ئەو لایەنەیە کەکاری وەرگرتن بەجێ دەهێنێ.

شانۆی هاوچەرخ زۆر بەتوندی هەوڵی دەستەبەرەکردنی ئەو پەیوەندی یە جەدەلی یە ئەدات کە لەنێوان کاری هونەریی و بینەراندا هەیە، چونکە هەر کارێکی هونەری، گەر نەچێتە چوارچێوەی ئەم پەیوەندی یەوە، ئەوا برێکی زۆر لەنرخی خۆی وون دەکات. کاتێکیش «بینەر» بەرەو رووی ئەم کارە هونەرییە دەکرێتەوە بۆ ئەوەیە هەستی بەخۆیی و جیهانەکەی دەوروبەری بجوڵێت و ببێتە مایەی تێرامان و ووردبونەوە.

کاری هونەریی راستەقینە بەرگە و سیمایەکی تازەتر دەپۆشێ و لەراستیدا «واقیعێکی نوێ» لەخۆ دەگرێت، نەك پێچەوانە بوونەوە یان تەعبیرو دەنگدانەوەی واقیعی دەرەوە بێت بە هەموو



مەودا کۆمەلایەتی‌و سیاسییەکانیەوە.

جا هەر ئەم [واقیعە نوێیەش] مەوداو تایبەتیتی‌ی کۆمەلایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و سیاسی‌و شارستانی خۆی هەیەو، لەهەمان کاتیشدا داب و دەستوورو یاسای تایبەتی خۆی هەیە. مامەلەکردنی بینەر لەگەڵ ئەم واقیعە نوێیەدا، وەك ئالۆزیی‌و بەیەکاچوون، هیچی کەمتری‌یە لەو مامەڵە کردنەی کە لەگەڵ واقیعی دەرەوەدا هەیەتی، ڕاستە واقیعی دەرەوە دەچێتە چوار چێوەی ئەم پرۆسیسە ئالۆزەوە وەك یەکێك لەپێکهێنەرەکانی بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نابێتە پێوەرو پێوانەیەك پلەو ئاستی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی کارەکەی پێ هەلبسەنگێنرێ، تەنانەت وەکو ئامانج و مەبەستێکی سەرەکیش تەماشای ناکرێ وەك زۆربەی تیۆرییەکانی نستانیکی واقیعی بیری لێدەکەنەوە. بەلکو ئامانجەکە خۆی لە خۆیدا ڕەت کردنەوەیەکی سەرتاسەری ئەم واقیعی دەرەوەیەیە لەبواری هەوڵدانی مرۆڤدا، «هونەرمەندو وەرگر پێکەوە» ـ لەپێناوی بەرەو باشتر چوون.

ئەگەر کاری هونەری ببێتە «واقیعێکی نوێ»، ئەوساکە مەرجەکانی بوونی ئەم واقیعە نوێیە نایەتەدی ئەگەر بێتوو لایەنێك نەبێ ئەم کارە وەك وەرگرتن وەربگرێ، هەر ئەم وەرگرتنەشە کەڕۆڵ و (دەلالەتی) گەورە دەبەخشێتە هەندێ لەو کارانەی کەنرخ و بایەخیان لەئاست و نرخێکی مام ناوەندیدایە.

بۆ زیاتر شارەزابوون و قوڵبوونەوەو ناسینی زیاتری ئەم ڕەگەزە گرنگانەی هەموو نومایشێکی شانۆیی‌و دەستەبەرەکردنی ئەو پەیوەندی‌یە جەدەلیەی کە لەنێو کارە هونەری‌یەکاندایە، لێرەوە وامان بەپێویست زانی «چەند پرسیارێکی‌ی هونەریی» ئاراستەی ئەم هونەرمەندانە (مامۆستا سامي عبدالحميد، دکتۆر عوني کرومي، دکتۆر صلاح القصب، دکتۆر عقيل المهدي) بکەین، ئاشکرایە هەریەکەیان لەبواری بۆچوون و پێوانەو ئەزموونەکانیانەوە، حیساب بۆئەم ڕەگەزە بنەرەتی‌یانەی کاری شانۆیی دەکەن و تیشکی شی کردنەوە دەهاوێژنە سەر هەموو قوژبن و سووچێکی گرنگەی، خاڵە سەرەکی‌یەکان ڕۆشن دەکەنەوە، بەهیوای ئەوەی ئەم هەڵوێستە هونەری‌یانە جۆرە دروست بوونەوەو بەخۆدا چوونەوەو دارشتنێکی نوێ تر لەلایەن جەماوەرو کارگێرانی شانۆی کوردیماندا بهێنێتە دی. شتێکی ڕوون و دیارە کەتاوەکو ئێستاکەش زۆربە ساکاری‌و تەقلیدیانە مەسەلەکان بەشانۆکەمان ئاشنابوون و، هەر ئەمەشە هۆی وون بوون و بەلاوەنانی گەلێ پێودانگی هونەریی لە نومایشەکانماندا، ئەمەش خۆی لەخۆیدا مەترسی‌یەکی فرە گەورەو ترسناکە بۆسەر ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوون و بەئاکام هێنانی شانۆیەکی ئەزموونگەری «التجريبي» کوردی، کە ئەوپەڕی ئاوات و خوزگەی هەموو مرۆڤێکی هونەر پەروەرو ڕاستەقینەی کاروانی شانۆی کوردیمانە.

* ئەم خالانەی خوارەوە بنکەی ئەم لێدوانە هونەری‌یەن:ـ

● **پرسیاری یەکەم**:ـ پرۆسێسی هەلبژاردنی بابەتێکی هونەریی چۆن ئەنجام دەدرێت!؟.

● **پرسیاری دووەم** :ـ ئاشکرایە دەقی شانۆیی بناغەی نومایشی شانۆیی پێك دێنێت، بەلام لەتەك ئەوەشدا تاقی‌کردنەوە هاوچەرخەکان کەلەبواری کاری شانۆیی‌دا هاتونەتە دی ئەوەیان سەلماندووە کە هەمیشە دەقی شانۆیی تاکە بناغە نی‌یە بۆ نومایشی شانۆیی، هەروەك چۆن نووسەری شانۆیش ڕوخساری یەکەم نی‌یە لەشانۆدا. ئەمە چۆنە؟ وەبۆچی ؟

● **دەقێکی شانۆیی هاوچەرخ پێویستی بە دەرهێنانێکی هاوچەرخانە هەیە**، ئەمە چۆن دێتەدی و ئەو خاڵەش کامەیە کە هاوچەرخێتی دەرهێنانی تیا بەدی دەکرێت؟

●**دەڵێن** :ـ ئەگەر هەلوێستی دەرهێنەری شانۆیی پێچەوانەو دژ بەهەلوێستی نووسەر بێت، یان کاتێك لەتێروانین و گۆشە نیگایەکی جیاواز لە تێروانینی نووسەرەوە بڕوانێتە هونەرو دیاردەکانی ژیان، ئەو کاتە کاری شانۆیی هیچ سەرکەوتنێك بەخۆیەوە نابینێت.

ئایا لەسەر دەرهێنەر پێویستە کەخۆی پابەندی هەلوێستی فکری‌و هونەریی نووسەر بکات؟ یان ڕاستر وایە بیروڕاو هەلوێستی خۆی لەڕێگای گەشەپێدانی ئەو واتاو بیروڕایانەی کەدەقەکە لەخۆی گرتووە بەرجەستە بکات.

● **پرسیاری پێنجەم** :ـ ئایا بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە (بینەر) تاکە پێوانەیە بۆ هەلسەنگاندنی هەموو نومایشێکی شانۆیی؟!.

■ «لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا»

■ مامۆستا سامی عبدالحمید :-

پرۆسێسی هەڵبژاردنی هەر کارێکی هونەریی بەش بەحاڵی خۆم، لەچەند گۆشە نیگایەکەوە بەئەنجام دەگەیەنم، ئەوانەش:- پێشەکی ئەو کارە هونەرییە بە تێروانین و بۆ چوونێکی دیاریکراو لەبارەی بەرجەستە کردنییەوە، لەمێشکمدا بخولقێنێ، بەشێوەیەك کە بگونجێت لەتەك حەزو ویستەکانمدا، ئەویش هاوگونجاندن و یەك خستنی رەگەزە جوانکارییەکانە شان



بەشانی ئەو رەگەزە درامایییانەی کەلەدەقەکەدا دەستەبەرکراوە. پاشان ئەو کارە هونەرییە جۆرە ئینطباعات و هەستێکی مرۆڤایەتییانە بهەژێنێت، دەربارەی تێروانینی مرۆڤ بەرەو ئاسۆیەکی فراوان ترو ژیانێکی مەزنتر بۆخۆیی و کۆمەڵگاکەیی و باری مرۆڤایەتی بەگشتی. دیسانەوە ئەو کارە هونەرییە لەکاتی نومایشت کردنیدا ببێتە هۆی خولقاندن و بزواندنی هەستێکی قووڵ لەلای بینەران.

هەر ئەمانەش دەبنە خاڵی دەست پێکردنی هەموو کارێکی هونەریی لە ئەزموونەکانمدا.

● دکتۆر عونی کرومی :-

[هەڵبژاردنی هەر کارێکی هونەریی لەم پێودانگانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:-

یەکەم:- هەست کردنی هونەرمەند بەو سەردەم و باروودۆخەی تیایا دەژی، ئەمەش لە بواری پێودانگی رامیاری و فکری و هەروەها پێودانگی کۆمەڵایەتی و حسی و جوانکارییەوە دەکەوێتە روو. واتە تێروانین و هەست پێ کردنێکی قووڵ بە پێداویستییەکانی ئەم چەرخەمان کە ئەمەش لەبواری دەست نیشان کردنی ئەو ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەرییانەدا کە کەوتوتە سەرشانی هونەرمەند خۆی دەنوێنێت، هەروەها پابەندبوون و تێروانینی بۆ ژیان و بوون.

**دووەم:-** توانستی مادی و پراکتیکی ئەو کارە هونەرییەی کە لەدام و دەزگاو کات و شوێنێکی تایبەتی بەرهەمەکەدا، دەردەکەوێت، واتە دابین کردنی کەل وپەل و ئامرازەکان، دەکرێت بەدوو بەشەوە: «مادی و بەشەری».

**سێهەم:-** ئەم پێودانگەشیان لە مەسەلەی زەمەندا خۆی دەنوێنێت، ئەوەش مەبەستمان لەو کاتانەیە کە ئامادەکردن و پێش کەش کردنی کارە هونەرییەکەی تیا بە ئەنجام دەگات، شان بەشانی پاراستنی پێوانە هونەریی و ئیستاتیکی و فکری و مادییەکانی کارەکە).




● لە تەنگ و چەڵەمەو گێرمەو کێشەی هەڵبژاردنی هەر کارێکی هونەرییدا، چەندەها تێروانین و واتاو سەرنجمان لەلا گەڵاڵە دەبن، کە لە ئامۆبوونی مرۆڤی داهێنەر، لە واقیعە کۆمەڵایەتییەکەیی و پاشان ئامۆبوونی لەدەورووبەرە هونەرییەکەیدا بەدیار دەکەوێت، کەئەمانەش بەرەو دوو

جەمسەری ڕاپێچ دەکەن:- جایان هەرەس هێنان و کەوتن و وون بوونە، یاخود خۆراگرتن و گەیشتنە بەو ئامانجانەی کە کارە هونەرییەکە هەوڵی بۆ ئەدات.

■ دکتۆر صلاح القصب:-

دەقی شانۆیی خاڵی دەست پێ کردنی دەرهێنەرە کەلەبواریەوە بیناسازی نووماییشەکەی تیا بنیات دەنێت. یەکەی ئەو بیناسازییەش پێویستە ببێتە مایەی ووروژاندنی چەندەها تێڕامانی گەورەو دیسانەوە بزواندنی ئەو بۆچوونە قووڵانەی کە مێژوویەك لەخۆدەگرن و پابەندی هۆشمەندی هونەرمەندەو ئەو خەونانەی لەپاشەڕۆژدا دێنە دی. هەر ئەو خەونانەشن گوێ بارانی یەکەی بیناسازی دەقە شانۆییەکە دەکەن. دەقی شانۆی ئەو پرۆژەیەیە مل کەچی ڕووخاندن دەبێت و دیسانەوە لەڕوانگەی پێداویستییەکانی ئەم سەردەمانەوە سەرلەنوێ بنیات دەنرێتەوە. ئەو پێداویستیانەی کەئێستای دەرهێنەر دەست نیشانی دەکات، بریتییە لەکۆمەڵێ بیرەوەری ئاخنراوو حەشاردراو (ڕابوردوی هونەرمەند)، پاشان ئەو پاشەڕۆژەی کە لەخەونەکانیدا بەدیار دەکەون.



لەگۆشە نیگای ئەو سێ زەمەنەوەی کە باسمان کرد چۆنێتی و سیمای بیناسازی - یەکە دەپێکین و سات بەسات تێڕوانین و خەونەکانمانی ئیزافە دەکەینە سەر، تاوەکو بتوانین بەدرێژایی ڕۆژانی پرۆڤەو نوومایشتەکە لەنێو ئەو بیناسازی - یەدا بژین، جێی مشت و مڕییە دوای کۆتایی نوومایشتەکە بەیەك جاری ئەو بیناسازییە جێ دەهێڵین بۆ ئەوەی لەئیشی داهاتووماندا هەمان ئان وپۆو چارەسەر دووبارە نەکەینەوەو، هەمیشە لەگەڕان و تێڕامانی نوێدا بین.

■ دکتۆر عقیل المهدي:-

هەڵبژاردنی کاری هونەریی، کارێکی مرۆڤانەو زیرەکانەیە، پێداویستی یەکی کۆمەڵایەتی لەشانۆدا پێك دەهێنێ. هەڵبژاردنی من بۆ دەقێکی شانۆیی سەرەتا لەوپێداویستیانەوە دەست پێ دەکەم، کەدەمبەستنەوە بەواقیع و خەڵکییەوە. بەمەرجێك ئەو بابەتە درامایی یە خاوەنی ڕەسەنایەتی یەکی ئیستاتیکی بێت، دیسانەوە ئەو هونەرە بێت کەکارم تێ دەکات و سوود بە بینەرەکەم دەگەیەنێت، بەشێوەیەکی ڕاستەقینە نەك لەڕێی سوودێکی ڕووکەش و تایبەتی یەوە، یان نەك لەڕێی شتە نەزۆك و ساکارو زانراوەکانەوە.

لێرەدا مەبەستم لەسوود بەخشین بەجەماوەر، زیاتر مەسەلەی خرۆشاندنیان و دەوڵەمەندکردنی جیهانی ڕۆحییان بێت بەهۆی پێودانگە مرۆڤایەتی یە بەرزو ژیاری یەکانەوە. هەر ئەم خواست و ئامانجەشە کە هەمیشە جڵەوگیری بەرودوای هەڵبژاردنەکانمە، بۆیە هەمیشە سوورم لەسەر ئەوەی کەکارێکی شانۆیی هەتا ئەوپەڕی جووڵان و هەست پێ کردن بەناخی ویژدان و بیری بینەردا ڕۆبچێت هونەرمەندێکی ڕاستەقینە پێویستە هەست بەهێماکانی دەوروبەرەکەی بکات، ئەو هێمایانەی کە پەیوەستە بەدەسکەوتەکانی مرۆڤەوە لەهەرکوێیەك بێت.

له هەڵبژاردنەکاندا ـ مەبەستم نووسین و دانانەکانمە لەسەر ئاستی دەقی خۆماڵی ـ هەمان هۆکارو هێز دەمجوڵێنێت. ئەمەش زیاتر لەو خواستەمەوەیە کەدەمەوێت، بینەر ووریاو ئاگادار بێت لەو مەودا رۆشنبیری‌یی‌یانەی کەخۆی دەیهێنێتە بەرهەم و منیش ئەوەندەی لەتوانامابێت لە بواری شانۆدا بەرجەستەی دەکەم. بەگشتی‌ی دەبێت هەموو بەرهەمێکی شانۆیی لایەنی چێژ و



رۆحیمان دەوڵەمەند بکات، هەروەها لەگەڵ پلەو ئاستی گەرم و گوری خەڵکیدا یەك بکەوێت، ئەو خەڵکەی کە هەر خۆیان خاوەنی بەرژەوەندی راستەقینەن لە هونەردا. هونەرمەند سەربەستە لە هەڵبژاردندا، بەمەرجێك لە ئەرکە پیرۆزەکانی هونەرو فکر دوور نەکەوێتەوە، وەکو ئیلتیزام.

● * ● * ● *

■ **(دکتۆر عوني کرومي لە وەڵامی پرسیاری «دووەم و سێیەم و چوارەمدا)**

«شانۆ لەدوو رەگەزی بنەرەتی پێك دێت، ئەویش «ئەکتەرو بینەرە»، بەبێ ئەم دوو رەگەزە ناتوانرێت بەهیچ کارێکی هونەریی بوترێ «شانۆ»، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەشانۆ لەم دوو رەگەزە بەدەرنەبێت، بەڵکو نووسەر یان دەقی شانۆیش یەکێك لەرەگەزە پێك هێنەرەکانی شانۆ پێك دێنێت. دەقی شانۆیی لەم سەردەمە نوێیەماندا، هەروەکو چۆن لە رابووردوشدا وابوە، یان دەقێکی «ئیرتجالی» بووە، یاخود ئەو دەقە بووە کەبەتایبەتی بۆ نوومایشت کردن نووسراوە، یان ئەوەتا دەقێکی بڵاوکراوەو ناسراوبووە. لەو سەردەمە دێرینەدا، واتە ئەو کاتەی نووسەری شانۆیی «پرۆسێسی داهێنانی» گرتۆتە ئەستۆ، هیچ جیاوازی‌یەك لەنێوان دەقەکەو نومایشەکەدا نەبووە، واتە لەکاری نووسەرو دەرهێناندا، ئەمەش زیاتر لای «نووسەرە گریکی‌یەکان و هەروەها شەکسپیرو مولێر»دا بەرچاو دەکەون.

کەواتە ئەو بۆشایی‌یە نەبینراوە، وەك چۆن لەتەنگ و چەڵەمەی دەقیش بەدەربوون، چونکە هەموو دەقێك راستەوخۆ بۆ نوومایش کردن دەنووسرا، واتە هەموو نووسەرێك دەرهێنانی شانۆیی‌یەکەی لەخۆ گرتووە، بەکورتی فکرەی دراما لەیەك کاتدا، فکرەی دەقەکەو نوومایشەکەش بووە.

بەڵام لەچەرخی نوێ‌داو پاش شۆرشی تەکنەلۆژیاو شارستانیەت و سەردەمی راپەرین و، دەرکەوتنی «رێپۆرتواری شانۆیی ـ المنهج المسرحي»و هەروەها بەدیارکەوتنی شانۆکان و نەش و نماکردنی پایتەختی دەوڵەتان، هەر لێرەوە دەقی شانۆیی خاسیەتە ئەدەبی‌یەکەی خۆی وەرگرت، لێرەشەوە کەسێکی گرنگە بەدیار کەوت و بووە ناوەندێك، یان هۆیەکی گەیەنەر لەنێوان نووسەرو ئەکتەرو جەماوەردا، هەر ئەو کەسەیە کەپێی دەڵێین «دراماتۆرك» یان «تیۆری‌یەکانی شانۆ»، کەهەوڵ ئەدات بۆ ئامادەکردن و توێژینەوەو شی کردنەوەو تەفسیرکردنی دەقەکان و، دیسانەوە رەخساندنی بارێکی گونجاو بۆ نومایشت کردنی، واتە رەخساندنی دەرهێنەرو ئەکتەر. لەسەدەی نوێ‌دا،

دەرهێنەر گەلێ سیفاتی «دراماتورك»و نووسەرو بەرهەم هێنەری لەخۆ گرتووە، هەرئەویش بووە بەرپرسیاری بەڕێوەبردنی کاروباری نومایشە شانۆیی یەکە، هەر لە قۆناغی هەڵبژاردنی دەق ، تەفسیری و توێژینەوەو شی کردنەوەی تاوەکو ئامادەکردن و پێشکەش کردنی بەتێروانینێکی هاوچەرخانەوەو، کە کاریگەریی یەکی زۆری پێوانەو پێودانگی پێشکەوتنی شارستانیەتی لەسەرە بەتایبەتیش لەم چەرخەی ئێستاماندا.

هونەری شانۆ دوو جۆر دەرهێنەر لەئامێز دەگرێت:- دەرهێنەرێك کەتەنها تەفسیر دەکات، ئەوی دیکەشیان دەرهێنەرێکی داهێنەرو خوڵقێنەرە. هەرچی یەکەمیانە لەئەمانەتی ئەدەبی و پاراستنی بیرو شێوازی تەکنیکی دەقەکەدا خۆی دەنوێنێت. بەڵام «دەهێنەری داهێنەر» تەکنیك و شێوازو تان و پۆو مۆرکی ڕۆشنبیری دەقەکە بەلاوە دەنێ و ڕەتیان دەکاتەوە. ئەم دەرهێنەرە هاوچەرخە، وای دەبینێت کە تێڕوانینە جوانکاریی و فەلسەفی یەکانی نومایشەکە، کەوتوتە سەرشانی و تەنها لێپرسراویکیشە بەرامبەریان، لێرەوە دەبێت لەبواری هۆشانۆیی یە جۆر - بەجۆرەکانیەوە، نومایشەکە ئامادە بکات، لەو گۆشەنیگایەوەی کەخوڵقێنەرو نووسەری دووەمی نومایشتە شانۆیی یەکەیە، تەنانەت ئەگەر پابەندیش بێت بە دەقی نووسەری یەکەمەوە.

ئەمە خاسیەت و جیاکەرەوەیەکی بەدیاری ئەو پێشکەوتنە خێراو فراوانەیە کەشانۆ بەخۆیەوە بینیویەتی، بەڵام سەرەڕای هەر هەموو ئەمانەش، هەمیشە شانۆ پابەندە بەدەقی شانۆیی بەوەو هەرگیز لێی جیانابێتەوە، جا ئەگەر ئەم دەقەش نووسراو بێت یان ئامادەکراو بەهەر ڕێگایەك. زۆرجار هەندێك لە دەرهێنەران جۆرە ڕێکەوتنێك لەگەڵ نووسەرەکاندا، لەتێڕوانین و شێوازو ئامرازەکاندا، پێك دێنێت، واتە کارە هاوبەشەکەیان ئیزافەیەکی گرنگ دەخاتە سەر مێژووی شانۆ، لەشێوازو هەندێك سیمای تایبەتی دا، بەم چەشنە شانۆ پێشکەوتنێکی سەرتاپاگیری بەدەست دەهێنێت. جێی مشت و مڕنی یە، نزیك بوونەوەو یەکگرتنی بۆچونی نێوان نووسەرو دەرهێنەر زۆرجار ڕوو دەدات، بەئامانجی پێك هێنان و ئاراستەکردنی یەکەی نومایشە شانۆیی یەکە، بە نموونە:- ئەو پێك گەیشتە گەورەیەی نێوان (چیخۆف و ستانسلافسکی) یان پێك گەیشتنی (ئەرئەر میللەر) بە، (ئەلیا کازان)، یان «مامۆستا إبراهیم جلال»و «یوسف العاني وعادل کاظم» کە بەئاشکرا جێگە پەنجەیان لە شانۆی عێراقی دا دیارە، هەروەها بەیەك گەیشتنی منیش لەگەڵ «فاروق محمد»دا، زیاد لە کارێکی هونەریی.

ئەگەر هات و ئەم لایەنە گرنگە بەشێوەیەکی زانستیانە بەئەنجام گەیشت و یەکەی نومایشێکی تەواوو یەك گرتووی خوڵقاند، ئەوا دەتوانێت خاسیەت و سیمای تایبەتی و ڕوون بەشانۆ ببەخشێت.

سەرەڕای گشت ئەمانەی باسمان کرد، پرۆسێسی دەرهێنانی شانۆیی هەمیشە پێشەنگەو، چەسپاندن و بەخشینی سیماو خاسیەتە هاوچەرخەکانی هەرکارێکی شانۆیی لەخۆ دەگرێت.

●●●●●

■**مامۆستا سامی عبدالحمید، لەوەڵامی پرسیاری دووەمدا:-**

«زۆربەی جار کە دەرهێنەر دەقێکی شانۆیی هەڵدەبژێرێت، وەکو ئاشکرایە زۆر لایەنی وا بەدی دەکات کە لەگەڵ تێڕوانین و ئاراستە کردنەکانیدا گونجاوە، لەهەمان کاتدا لایەنی تر هەیە کە بەدەرە لەئامانجەکانی ئەو، لێرەوە دەبینین هەر دوو لایەنە جیاوازەکە دەخاتە بواری هەڵسەنگاندنەوە جا ئەگەر هات و ئەم پرۆسێسە یارمەتی دا بۆ هێنادی ئەو ئامانجانەی کە مەبەستی یەتی، لێرەوە دەرهێنەر دەبێتە نووسەری دووەم، ئەوسا لەڕوانگە دەست نیشان کراوەکەوە مامەڵە لەتەك دەقەکەدا دەکات

ئەویش بەپاش وپێش خستن و لابردن و ئیزافە کردنی هەندێ جیوارو دیمەنەکانی شانۆگەرییەکە. منیش زۆربەی جار ئەم ڕێگەیەم گرتۆتەبەر بەپێی ئەو تێڕوانینەی کە دەقە شانۆییەکەم پێ چارەسەر کردووە.

یەکێك لەدەرهێنەرە بەناوبانگەکان دەڵێت:- (دەقی شانۆیی هەروەك پارچە سەهۆڵێکی گەورەی نێو دەریا وایە، ئەگەر ئەو پارچەیەش لە هەشت بەش پێك هاتبێ، ئەوا تەنها بەشێکی دەبینین، لێرەدا کاری دەرهێنەر بەدیارخستنی حەوت بەشە شاردراوەکەیە). دەرهێنەر گەر نەبێتە نووسەری دووەمی کارەشانۆییەکە، ئەوا تەنها وێنەگرێکی فۆتۆگرافییەو هیچیتر، کەشتەکان هەروەکو خۆیان دەگوێزێتەوە بۆبینەران، لێرەشدا سیفەتی دەرهێنەرێکی داهێنەرو خولقێنەری پێ نابەخشرێت، بەڵکو دەبێتە دەرهەێنەرێك تەنها تەفسیری کارەکە دەکات. لەهەموو بارێکدا نووسەر بناغەی داهێنانی هەموو کارێکی شانۆییە، پێویستە ڕێزی کارەکەی بگیرێت، چونکە دەرهێنەر بەبێ ئەو بناغەیە ناتوانێ پابەندبێ بەو بنکەیەی کە نوومایشەکەی لەسەر بنیات دەنرێت.

● ❋ ● ❋ ●

■ «دکتۆر صلاح القصب» لەوەڵامی پرسیاری دووەم و سێیەم و چوارەمدا:-

دەرهێنەر خاوەنی تێڕوانینێکی قووڵ و بێپایانەو ڕووبارێکی فراوانی لەخۆگرتووە، بەپێی ئامانج و تێڕوانینەکانی پڕی دەکاتەوە، هەر لەهەمان کاتدا هەندەك تیشکی ڕەنگاو ڕەنگە دەبێتە زەمینەی کارەکەی کەپابەندە بەجیهانی شیعرەوەو هەر لەو جیهانەشەوە هەڵدەقوڵێ. دەقی شانۆیی ئەو پانتاییە نییە بەو شێوەیەی کەدەمەوێت کاری لەتەکدا بکەم، بەڵکو کاری هونەریی بەگشتی لە جیهانە شیعرییەکەی مندا، نەش و نما دەکات و لەپێش کەوتن و گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی «ساتی ئەفراندن - ابداع - لەدایك بووی ساتە بڕیار نەدراوەکانە»، کاری هونەریی تەقینەوەیەکە لەجیهانی «لاشعورەدا ڕوو ئەدات کەدەبێتە هۆی هەژاندنی تێڕامانێکی قووڵ و وورووژاندنی گرۆتینی سەر سوڕهێنەرانە لەناخماندا. کاتێك دەرهێنەر دەقێکی شانۆیی یەکالا دەکاتەوە، مانای وایە ڕووبەرێکی فراوانتر ئیزافە دەکاتە سەر پێکهاتنی دەقەکە، ئەمەش زیاتر لەڕەگەزە بینراوەکاندا خۆی دەنوێنێت. هەرگیز ناتوانین نووسەر ڕەت بکەینەوە، چونکە ئەگەر نووسەرمان ڕەت کردەوە، واتە دەقە شانۆییەکەش فەرامۆش دەکەین و ڕەتی دەکەینەوە.

هە لەم گۆشە نیگایەوە دەقی شانۆیی لە ئەزموونەکانمدا پرۆژەی کاری دەرهێنانە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت دەقەکە ببێتە بنکەیەك و تواناو داهێنانم وەك دەرهێنەرێك دەست نیشان بکات.

من بەش بەحاڵی خۆم ژیانێکی تر، کێشەی سەردەم و جموجۆڵ و تێڕوانینێکی قووڵ تر دەبەخشمە نووسەر. دیسانەوە هیچ دەقێکی شانۆیی سنووردار نییە بەکۆمەڵێ یاساو بچەسپێنرێت بەسەر دەرهێنەرداو تەنها لەبواری هێماو ڕەمزەکانیەوە هەنگاوی خۆی بنێت. جیهانی دەرهێنەر فراوانەو سنورێك نییە کارەکەی تیا ڕابگرێت، هەر ئەمەشە وامان لێ دەکات کەپێویستە خەون بەدەقی شانۆییەکەوە ببینین، تاوەکو تەنها لەشێوەی کۆمەڵێ ووشەی ڕیزکراودا بەئەنجام نەگات و نەخوێندرێتەوە.

دەرهێنەر کاتێك مامەڵە لەتەك دەقێکی شانۆییدا دەکات، شتێکی بەڵگە نەویستە ئەو مامەڵەیە سنووری تان و پۆ ئەدەبییەکەی دەبڕێت و جیهانێکی فراوانتر لەئامێز دەگرێت. بۆ نموونە:- ئەگەر دەقی شانۆییەك بەپێی گریمانە ئەدەبییەکەی بخوێنرێتەوەو بەئەنجام بگات، ئەوا هەموو دەرهێنەرە جیهانیەکان

له خالی لەبـەك چوونـدا كۆ دەبنـەوە، واتـە ئەو دەرهێنـەرەی لەعێـراقـدا «نـەورەسی دەریـا»ی چیخـۆف بەرجـەستە دەكات و پابەندی گریمانەو یاسا باوو چەسپێنراوەكانی كاری شانۆ دەبێت، بێگومانم لەوەی هەمان «نەورەسی دەریا» یە كە لە «مۆسكۆ» یان هەر شوێـنێكی تر، نومـایش دەكـرێ. هەرگیـز یاسـایـەكی دەستـنیشـان كراوانی یـە، ئاراستـەت بكـات، بەوەی چۆن بیربكـەیتـەوە، چۆن داهێنـەر بیت، ئەفراندن «إبداع» هەرگیز مل كەچی یاسـاكـان نی یـە، دەنـا بەرەو نەمـان دەچێت. من دەرهێنـەرێكم، جیهـانێكی تازە دەبـەخشمـە نووسـەر، ئەو جیهانـەش لەچۆنی یـەتی شی كـردنەوەی فەلسەفیانەی دەقەكەدا خۆی دەنـوێنێت. من سەربەستم.، چونم بوویت بەو شێـوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەو جیهانەدا دەكەم، نایشێوێنم، هێندەی ئەوەی بەحەوێنی گوڵ گوڵی و روون پڕی دەكەمەوە.

* ● * ● * ● *

■ **دكتۆر عقيل المهدي، لەوەلامی پرسیاری دووەمدا:-**

لەوەلامی پرسیاری دووەمدا، بەكورتی دەڵێم «دراما» لە وەدا كۆبـوتـەوە كەهـەردوو رەگـەزی ئەدەب و كردارە لەبـەرچاوەكان، لەخۆ دەگرێت، بەحیساب كردن بۆ ئەوەی كە هەردوولا لەسەر بنەمای خۆیان بنیات نراون، كەبەهونەری دراماییو سەر تەختەی شانـۆ ناو دەبـرێن. هەر ئەمـەشـە وای كردووە كە لەجیهانی هاوچـەرخمـانـدا جۆرە ئارەزوویـەك بەمـەبـەستی پەرەپێـدانی «ووتـاری شانۆیی» بخـوڵقێت و جۆرە لابردن و زیاد كرنێك لە رەگەزەكاندا بێتە ئاراوەو، پێكهاتەكان لە گۆرانی بەردەوامدا بن لەشێـوەیەكـەوە بۆ شێـوەیەكی تر، یان مەودایەكی تەشكیلی یان سینەمایی تەنانەت رەگەزە تەكنەلۆژی یەكانی تر لەپاتتایی شانۆدا بخـرێتـە كار. من لەلای خۆمـەوە ئەشێ لەبـواری هەوڵـدانی دەرهێنانـدا ئامێز بۆ ئەم تازەگەری و پێشكەوتنانە بكەمەوە، چونكە جیهانی شانۆ بەرینە بەبارتەقای زەوی و ئاسمان.

ئەمـەش كاتێـك دێتـە دی كەجـۆرە پێـویستی یـەكی قووڵ بیخوڵقێنێت. بەڵام لەم مەسەلەیەشدا ئێمە نابێت بەو چاوەوە سەیری ئەو دەسكەوت و پێشكەوتنە تازەیە بكەین لەسەر حیسابی ئەوەی كە شانـۆ مێـژوویـەكـەی مایە پووچ دەرچوون و، لەپەنا كۆمـەڵێـك بروبـەهـانـەی بێ بناغـەدا، لەقـەڵـەم بدرێت، وەك هەنـدێك كەس وای بۆ دەچن كەگـوایـە، ئەم دەسكـەوتە تازانە بەدیـلێـكـە بۆ پووكـانـەوەی ئەو بلیمـەتـە شانـۆیی یەی كە بیرو مێشكی هەموو گەلان هێناویانەتە دی. ئەوەی جێگـەی مشت ومـڕ نەبێت و خاڵێكی جەوهـەری لەكـارەكـەدا بەدەست بهێنێت، ئەوەیـە كە هەڵهێنجـانی ئەم تازەگەریی یە لەو كارە دێرینانەوە، دەبێت بەبێ زۆر لەخۆكردن و لەهـەمـان كاتیشا بەبێ دروست كردنی زمانێكی ڕووخێنـەری دوژمنكاریی یانە بێتە دی.

هەرلێـرەوە بۆ ئەوەی وەك «كۆنـە پارێـز» خۆمـان نەنـوێنین، پادروشممـان ئەوە بێت، كە لەگـەڵ مەسـەلـەی رووخاند بین، بەمـەرجێـك ئەگـەر دروست كردنـەوەیەكی بناغەدار لەجێی ئەو روخاندنە بهێنرێنە كایەوە.

● * ● * ●

■ **لە وەلامی پرسیاری سێیەمدا:-**

■ **مامۆستا سامي عبدالحميد:-**

هیـچ جیـاوازیی یـەك لەنێوان دەرهێنـانێك و دەرهێنانێكی تردانیی یە «هیوادارم مەبـەستەكەم بەپێچەوانەوە وەرنەگرن»، هەر لەو روانگـەیـەوەی كە دەرهێـنـانی شانـۆیی پرۆسێسێكی هونـەریی یـە گەلێـك لایـەنی جیاوازی هونەری رەگەزی بیستن وبینین و بزاوتن لەخۆ دەگرێت، پێویستە هەر هەموو ئەو لایەتانە جۆرە هاوگونجاندن و تەبایی یەك لەپشت گیری كردنی تیروانین و بیرە سەرەكی یەكانی دەرهێنەر لەكارەكەیدا بكەن. كەواتە ئەگەر

جیاوازی هەبێت لەدەرهێنانێکەوە بۆ دەرهێنانێکی تر، ئەوا لەچۆنیەتی بەرجەستە کردن و ئاراستەکردنی ئەو رەگەزانەدا خۆی دەنوێنێت. دەرهێنانێکی هاوچەرخانە تەنها دەقە شانۆیی‌یە نوێ‌و هاوچەرخەکان ناگرێتەوە، بەڵکو دەقە شانۆیی‌یە تەقلیدی‌و کلاسیکی‌یەکانیش لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە:ـ کاتێك دەرهێنەری بەناوبانگ «پیتەر برۆك» شانۆگەری «خەونی نیوە شەوێکی هاوین»ی دەرهێنا، کەدەقێکی تەقلیدی‌یەو دەرهێنەرەکان واراهاتوون رووداوەکانی لەدارستانێکدا بخەنە روو، بەڵام (پیتەر برۆك) ئەم دەقەی لەشوێنێکدا نومایش کرد کە لەحەلەبەی سێرك دەچوو، نموونەیەکی تر، دەرهێنەری ئیتالی «زفریللی» شانۆگەری «رۆمیوو جولێت»ی پێشکەش کرد بەشێوەیەك مامەڵەی لەتەك کەسایەتی‌یەکاندا کرد هەروەکو ئەوەی لەم چەرخەدا دەژین نەك لەچەرخێکی پێشووتردا. لەم دوو نموونەیەوە دەگەینە ئەو راستی‌یەی، ئەگەر ویستان تەفسیرێکی هاوچەرخانە بۆ دەرهێنان بکەن، بەبروای من هاوچەرخێتی لە تێروانینی تازەی دەرهێنەردا خۆی دەنوێنێت، واتە تێروانینە نوێکەی بۆ دەقەکەو ئەو تان وپۆیەی کەلەوەوپێش لە ناوەندی شانۆدا نەبینراوە.

● **دکتۆر عقیل المهدي :ـ**

گومانی تێدا نی‌یە کە هەرچەرخێك پرسیاری خۆی دەسەپێنی‌و، لەهەمان کاتیشدا وەڵام دەخاتە بەردەمی هەر پرسیارێك ئەمەش لەچوارچێوەی کارە شیاوەکاندا دێتە دی، کە ناکرێت لەتەنیا یەك حاڵەتی داهێنراندا پابەند بکرێت. بەڵکو دەبێت سەرنج لەو تان وپۆ سیما شاراوانە بدرێت، گەرچی لایەنی دەرەوەیان لەیەك دابچڕاون، بەڵام پەیوەستن بەیەکەوە بەواتایەکی تر جۆرە رێك و پێکی‌یەکی ناوەکی سەرتاپاگیر هەیە، کە ئەم دابەش بوون و پەل پەلی‌یە پێکەوە کۆدەکاتەوە ئەگەرچیش بەشێوەیەکی دژ بەیەك بەدیار بکەون.

ئەگەر لەو روانگەیەوە بروانینە «هاوچەرخێتی» کەبریتی‌یە لەو ساتانەی تیا دەژین، ئەوا دەتوانین بە هەموو نووسین و دیاردەیەکی هونەری بڵێین بەرهەمێکی هاوچەرخ، بەڵام ئەگەر مەبەستمان لە هاوچەرخێتی، هەموو ئەو چارەسەرە هونەری‌یانە بێت کە سیمای تایبەتمەندێتی‌و تازەگەری لەخۆدەگرن، و هەروەها تەعبیرێکی راستەقینە لەخودو شتە بابەتی‌یەکان و مل ملانێ‌ی سەردەم و دیسانەوە تەعبیر لەکرۆکی دیاردە ئیستاتیکی‌و فکری‌یەکان، دەکات، دەتوانین بڵێین ئەم کارانە زۆر بەفراوانی سیمای هاوچەرخێتی لەخۆ دەگرن زیاتر لەو بابەتانەی کەبانگەوازی هاوچەرخێتی دەکەن و تەنیا تان وپۆو رێوشوێنی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایان پۆشیوە، بەڵام لەسنوورێکی زۆر دواکەوتوودا دەخولێنەوەو لەپێداویستی‌یەکانی هاوچەرخ بەدەرن. کەواتە هاوچەرخێتی چارەسەر کردنی کێشەکانی سەردەمە لەبواری تێروانینێکی تەواوو قووڵەوە.

ئەو دەرهێنەرەی کەزۆر دیاردەی پرو پووچ لەخشتەی نابات، واتە لەگۆشە نیگایەکی بازرگانی‌یەوە ناڕوانێتە بەرهەمەکەی، ئەو هونەرمەندە بەنرخەیە کە لەو بڕوایەدایە دەقی درامایی پێویست، ئەو دەقەیە کەلەبوارێکەوە تەعبیری مرۆڤایەتی‌یانەی خۆی دەکات و دەڕوانێتە جیهانی شتەکان کەبەپێوەدانگە باڵاکان بەهانە کراون. ئەم دەرهێنەرە یەکەم جار دەڕوانێتە سروشتی فکری‌و نەژادی دەقەکە، تاوەکو لەو ئاسۆیەوە چارەسەری پانتایی شانۆ بکات، ئەمەش هەر بۆ ئەوەی بیناسازی نومایشەکە لەسەر بنەمایەکی تووندو بەهێز بنیات بنرێت. دەرهێنەری هاوچەرخ هەرگیز رێگە بەخۆی نادات هەوڵدانی بچێتە خانەی کاتە بەفیڕۆ چووەکانەوە، بەڵکو بەوپەری تواناوە ئەو کاتانەی دەتەقێنێتەوە لەبواری داهێنان و خولقاندنەوە، کەئەمەش لەتێروانینەکانیدا بۆ جیهان و ژیان، خۆی دەنوێنێت و دیسانەوە لە رێگای هەست کردنێکی زانستیانەی بەهاوسەنگی گشت لایەنەکان. دەرهێنەری نومایشێکی هاوچەرخ چارەسەرە هونەری‌یەکەی، بەرەنجامی

هەوڵدانێکی هۆشمەندی یانەی قووڵەو، پاشان پابەندبوونی بەهەندێ مەرجی خودی یەوە، وەکو خەیاڵێکی شاعیرانەو ڕەسەنایەتی و توانایەکی بێ پایان. هاوچەرخیتی و تازەگەری، لەتێگەیشتنێکی ووردی هەموو جەدەلیاتێکی دەرهێنانەدا حەشاردراوە، پاشان تێڕوانینێکی زانستی دەربارەیان و هەروەها پەلەنەکردن و دەرنەپەڕاندنی کۆمەڵێ حوکمی بێ سەرو شوێن، دیسانەوە هێمنی یەکی زۆر لە تێگەیشتن و گفتوگۆکردن لەبارەیانەوە. مەبەست لەگشت ئەم شتانە ئەوەیە کەدەرهێنەری داهێنەر سەرلەنوێ واقیعەکەی بەچەندەها تۆنی یەك لەدوای یەکی هەڵچوو، دابڕێژێتەوەو وەکو هۆشمەندی یەکی ئیستاتیکی نوێ لەو بزووتنەوە پەیدەرپەیەدا خۆی ببینێتەوە.

لێرەوە بەگشتی دەتوانین بڵێین هێڵی دەرهێنانی هاوچەرخانە، ئەو چارەسەرەیە کە لەبواری زمانی هاوچەرخانەوە تەعبیر لە دەقە درامایی یەکە دەکات بەبێ ئەوەی دینامیکی یەتی ژیان و بوون پشت گوێ بخات، کەدەبێتە زەمینەو ئیقاع و ئەو پانتایی یەی کارەکەی لەسەر بنیات دەنرێت.

■ **لە وەڵامی پرسیاری چوارەمدا:-**

■ **مامۆستا سامي عبدالحميد:-**

سەرکەوتنی دەرهێنەر لە کارەکەیدا، بەهیچ شێوەیەك پابەندی یەك نەکەوتن یاخود پشت گیری کردنی نووسەر نی یە، بەڵکو پابەندە بەمەودای حسە جوانکاری و شانۆیی یەکەی دەرهێنەرەوەو پاشان توانای ئەو دەرهێنەرە بۆ بەدیار خستنی بیرو ڕاو تێڕوانینەکانی و گەیاندنی بۆ بینەران، هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی و ئەو ڕەگەزانەی کە لەکێش کردن و بزواندنی بینەراندا ڕۆڵی خۆیان دەبینن، دیسانەوە دابین کردنی ئیقاع و بارودۆخی گشتی شانۆگەری یەکە. زۆر کاتدا دەرهێنەر هەرگیز دژی هەڵوێستەکانی نووسەر ناوەستێتەوە، دەنا بۆچی لەسەرەتاوە ئەو نووسەرە هەڵدەبژێرێ، یان بۆچی دەقێکی شانۆیی دەست نیشان دەکات، کەلەگەڵ تێڕوانینەکانیدا ڕێك ناکەوێت، واتە بۆچی خۆی دەخاتە ئەو گێرمەو کێشەیەوە؟!. هەندێ جاری تریش وارێك دەکەوێ تێڕوانینەکانی دەرهێنەر بۆ هونەرو دیاردەکانی ژیان، بەپێچەوانەی ڕاو بۆچونەکانی نووسەرەوە ئەکەوێتەوە ئەگەر هات و لەم حاڵەتەدا دەقێکی ئەو نووسەرەی هەڵبژارد ئەوا ڕەنگە تەکنیکی درامایی دەقەکە جێگای سەرسوڕمانی دەرهێنەر بێت، لێرەشەوە پێویستە لەسەر دەرهێنەر لەڕوانگەی فکری خۆیەوە چارەسەری کارە هونەری یەکە بکات، بۆ نموونە: کاتێك لە «چاوەڕوانی گۆدۆدا»ی - ساموێل پیکیت - م پێشکەش کرد، بەهیچ شێوەیەك لەخانەی تێڕوانینە فکری یەکانی «بیکیت»دا خۆم نەبینی یەوە، لەهەمان کاتیشدا بەپێویستم زانی ئەو بۆچوون و تێڕوانینانە ببێتە مایەی تێرامانی بینەران، تاوەکو بگەڕێت بەشوێن «بەدیلێکدا» بۆ ئەو کەسایەتی یانە، کەواتە «بیکیت» ڕەش بینە لەکارەکەیدا، بەڵام من بەگیانێکی گەش بینانەوە ئەم کارەم ئاراستە کرد کە دەیڕوانی یە ئاسۆی مرۆڤایەتی.

■ **دکتۆر عقيل المهدي:-**

«داهێنانی ڕاستەقینە، هەمیشە ئەو داهێنانەیە کە مەبەستی بەرودوای مرۆڤە»، زۆرجار کەدەرهێنەر ڕووبەڕووی دەقێکی شانۆیی دەبێتەوە، مەسەلەی هەڵبژاردنەکەی لەهێزو پێزی هونەری بەرهەمەکەوە دێتەدی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەشێ کەهەندێ بیروڕای وەهای تێدا بێت کەباوەڕی پێی نی یە، ڕەنگە ئەوەش بەهۆی کۆنی و بەسەرچوونی ئەو بیروڕایەوە بێ، یان زۆر دووربێت لە چێژ و پێوەندگی بەرزی مرۆڤایەتی یەوە. دەرهێنەر لەم حاڵەتەدا ئەو بیروڕایانە ڕیشەکێش دەکات و ڕەتیان دەکاتەوە، ئەمەش مافی خۆیەتی، نەك هەر ئەوە، بەڵکو دەبێتە پێویستی یەکی بنەڕەتی و سیمایەکی دیاری دەرهێنەر. لێرەوە پرسیارێك خۆی دەسەپێنێ، ئەویش ئەوەیە کەلەم حاڵەتەدا دەرهێنەر چی دەکات؟! لێرەوە دەبێت دەرهێنەر دەقەکە بخاتە ژێر نەشتەری شی کردنەوەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونە فیکری و

جوانکاریی‌یەی کەبڕوای پێ بەتی زۆرجاریش دەرهێنەر دەقی شانۆیی هەڵدەبژێرێت، کەرۆژگار مۆرکی نەمری پێوەناوە و گیانێکی ئیستاتیکی بەرزی لەخۆگرتووە، کەیاساکانی ئیستاتیکی مرۆڤایەتی بەدییان هێناوە. ووشەی درامایی دەشێ بەهەزاران رێگا بخرێتە کارەوە، لەهەر جارێکیشا نیشانەو هێمایەکی جیاواز لەخۆ دەگرێت، ئەم ووشەیە لەناو پێکهاتەی کردارو کێش مەکێش و وێنەی بینراوی بەش بەش یان گشتی‌دا دەدرەوشێتەوە. ئەو بیروڕایانەی کە سیماو ناوەرۆکێکی زۆر کەسایەتی‌یان پێوە دیارە هەمیشە وەك مەسەلەیەکی گۆمڕابوو دەمێنەوە، ئەگەر بێتو پێناسی خۆیان دیاری نەکەن، دەرهێنەر بیروڕای کەسایەتی خۆی لە هەموو ئەو هەڵوێستە شانۆییانەدا یان ئەو دەقە دراماییانەدا دەبینێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر دەسەڵاتی بەسەر ئەوەدا بشکێ کە گیانێکی سەربەخۆ، لەرێی شێوازی دەرهێنانی خۆیەوە ببەخشێتە ئەو دەقانە.

* ● * ● * ● * ●

**■ لەوەڵامی پرسیاری پێنجەمدا:-**

**■ مامۆستا سامي عبدالحميد:-**

کێ دەڵێت بینەر تاکە پێوانەیە بۆ هەڵسەنگاندنی کاری شانۆیی! لەکۆمەڵگایەکدا بینەران لە ئاستێکی رۆشنبیری نزمدا بن و خاوەنی هەستێکی هونەریی بەرز نەبن، هەرگیز ناکرێت راو بۆچونەکانی بکرێتە پێوانەیەك و کارە هونەریی‌یەکەی پێ هەڵسەنگێنرێت. کۆمەڵ بوونی بینەران بۆ بینینی شانۆگەریی‌یەك، بەڵگە نی‌یە بۆ سەرکەوتنی ئەو کارە، هەندێك جار بینەر گرنگی بەپێوانەی فکری و هونەریی نادات هێندەی ئەوەی شوێن مەبەستە ساکارو تایبەتی‌یەکانی خۆی دەکەوێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز شتێکی راست نی‌یە لەپێشکەش کردنی کارێکی شانۆیی‌دا بینەران فەرامۆش بکرێت، بەڵکو پێویستە جۆرە هاوسەنگی و تەبایی‌یەك لەنێوان پێوانە فکری و هونەریی‌یەکان و بینەراندا بخوڵقێنین.

**■ دکتۆر عوني کرومي:-**

بینەر هەمیشە رەگەزێکی بنەڕەتی‌یە لەشانۆدا، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو کارگێرانی شانۆ لەجیهاندا بەتەنها نەڵێن «هونەریی شانۆ» یان «هونەری ئەکتەر» بەڵکو پێویستە ئاماژە بۆ (هونەری - بینەران)یش بکەن و، لەیادی نەکەن. تیۆرە نوێ‌یەکان لەو باوەڕەدان کەبینەر مرۆڤێکی داهێنەرە لەنێو کارە هونەرییەکاندا، هەر ئەویشە کاری تەفسیرکردن و شی‌کردنەوەو تێگەیشتن دەگرێتە ئەستۆ، هەروەك چۆن رۆڵی بەجێ هێنەرو بزوێنەر دەبینێت بەرامبەر ئەو شتانەی کە هەریەکە لەئەکتەرو دەرهێنەرو نووسەرو گشت داهێنەرەکانی تری نێو کارە هونەریی‌یەکە دەیخەنە روو.

لێرەشەوە وای بەپێویست دەزانم بەتوندی پێ لەسەر خاڵێکی گرنگ دابگرین ئەویش ئەوەیە کە ناتوانرێت بینەر وەکو ئەکتەرێکی داهێنەری نێو کارەکە ئامادەبکرێت، واتە بەو شێوەیەی کەپرۆسێسی ئامادەکردنی ئەکتەرێکی داهێنەر بەئەنجام دەگات، کە ناوی دەنێین (پرۆسێسی ئامادەکردنی ئەکتەر بۆ خۆیی و کاراکتەرەکەی. لێرەوە هونەرمەند لەکاری داهێنانیدا، پێویستە لەهەمان کاتدا بەکاری ئامادەکردنی «بینەران»یش هەستێ، واتە ئامادەکردنی پێودانگە ئیستاتیکی و فکریی‌یەکانی لەپاڵ ئەو شتانەی کە لەکارە هونەریی‌یەکاندا لەسەری راهاتووە، پاشان هەوڵدان بۆ پەروەردەکردنی و تێگەیاندنی لەرەگەزە شانۆیی‌یە جۆربەجۆرەکان.

پێویستە کاری رۆشنبیری کردنی بینەران لەناو شانۆو دەرەوەی شانۆ ئەنجام بگەیەنرێت، لەناو شانۆدا لەبواری راچڵەکاندن و وروژاندنی تێروانینە ئیستاتیکی و فیکریی‌یەکانی‌یەوە، لەدەرەوەی شانۆشدا لەبواری ئەو پەیوەست و بازنە رۆشنبیریی‌یەی کەلەنێوان رەخنەگرو توێژینەوە رەخنەیی‌یەکان و لێکۆڵینەوە ئیستاتیکی‌یەکان و گفتوگۆ زیندووەکاندا دروست دەبێت،

هەروەها لەبواری گەیشتن بەبینەران و گوێ شل کردن بۆ ڕاوبۆچوونەکانی گومان لەوەدا نییە، گەیشتنی هەر کارێکی هونەریی بەبینەران و تێگەیشتنیان لەهەندێ لایەنی ئەو کارە، دەبێتە پێوانەیەکی گرنگ بۆ هەڵسەنگاندنی «سەرکەوتن یان نشوستی هێنانی» کارەکە. دەبێت ئەوەش بخەینە پێش چاومان، کەسەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی هەر کارێکی هونەریی لەبواری زۆری ژمارەو کۆمەڵ بوونی بینەرانەوە دەست نیشان ناکرێت، بەڵکو لەتوانای کارە هونەریی یەکە خۆیەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، کەببێتە مایەی وورووژاندن و گۆڕینی بینەر بۆ مرۆڤێکی داهێنەرو خوڵقێنەرو هەستیاری هونەرو ژیان.

■ **دکتۆر صلاح القصب:-**

ناتوانین هەمیشە بینەر بکەینە پێوانەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی یەکەی نومایشتە ـ کەمان. کارە ئەزموونگەریی یەکان (التجريبية) پێویستیان بە هۆشمەندیو نموونەیەکی تایبەت هەیە. پێویستە بینەران بەلای کەمەوە، دەرك بێ کەری هەندێ واتای ڕۆشنبیریو هۆشمەندی یەکی وابن کە لەبواری یەوە بتوانن بەبەردەوامی چاودێری ئەو زەمەنە حسی یە بکەن کەیەکەی نومایشە شانۆیی یەکە دەیخوڵقێنێت. بینەر لەقۆناغی ئەزموونگەریی دا زۆر گرنگە، کاتێك توانیمان ئەزموونگەرێتی بەدەست بهێنین، هەر لەو کاتەدا تەنگە و چەڵەمەی بینەران بەلاوە دەنێین، (مەبەستم ئەوەیە کە بینەر بگەیەنینە ئاستێك لەکارەکانمان بگات)، چونکە حاڵەتێکی تازە لەدایك دەبێت، لەبواری ئەزموونێکی تازەو بینەرێکی تازەدا. لەکارە شانۆیی یەکانمدا هەمیشە یەکەیەك لەنێوان نومایش و بینەردا پێك دەهێنم، بەوەی بارودۆخێکی تەقسی دەخوڵقێنم کەتوانایەکی وابەخشێتە بینەر تاوەکو بەوێنە شانۆیی یەکاندا شۆڕبێتەوە، کەدەبنە مایەی تێرامان و ووروژاندنی ناخمان و هەروەها پاڵپێوەنەرێك بۆ گەڕانی بێ پایانمان لەشوێن پێوانە فکریو جوانکاریی یەکان.

■ **دکتۆر عقیل المهدي:-**

تاکە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی نومایشی شانۆیی بریتی یە لە «بینەر»، چونکە هەر بینەرە ئەو «جەماوەرە» پێك دێنێ، کە دەرهێنەر لە ڕاژەی ئەو دایە بەشێوەیەکی گشتی. ئەگەر ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەبەر دەم پەنجەرەی بلیت بڕینی نومایشێکی دواکەوتەدا چ لەلایەنی فکرەوە، چ لەلایانی هونەریی یەوە، کۆبنەوە، ئەمەیان ناچێتە خانەی سەرکەوتن و بەپیرەوە چوونی جەماوەرەوە، بۆ ئەو کارە. ڕاستە مەسەلەی «چەندایەتی» لەشانۆدا شتێکی پێویستە، بەویی یەی کە شانۆ لەبنەرەتدا هونەرێکی سەربەجەماوەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو «ڕێژەکەمەی» کەدەچنە بینینی شانۆیەکی بەپێزو چاکەوە، لەداهاتوودا ئەوڕێژە کەمە دەبێتە «زۆربە»، هەر لەپاشەڕۆژ یشدا ڕێژەیەکی چاکی ئەو جەماوەرە، دەبێتە هێماو ئاماژەکەری گەشەسەندنی ڕاستەقینەی شانۆ، ئەگەرچیش هەندێ دیاردەی هەڵچوون و داچوون لە شانۆدا بەدی بکرێ.

هەرلێرەوە دەپرسین کێ دەتوانێت پێش بینی ئەوە بکات کەحاڵی بینەر لەدوا ڕۆژدا چی بەسەر دێت، ئەگەر بێت و ئەو کارانەی پێش کەش دەکرێن پتەوو بەپێزبن و لەبواری بۆچوونە ئیستاتیکیو فکریی یە بەهێزەکانەوە چارەسەر بکرێت؟!. ئەو جەماوەرەی کە لە چەکی «بیری هونەریی» بێ بەش بێت، زۆر بە ئاسانی دەشێت کە لە ناوەندی کاری بێ هێزو باق و بریقی ساختەی نومایشە بازرگانیەکاندا پابەست بکرێت، بەڵام ئەگەر بێتوو لەچوارچێوەی بەرهەمە شانۆیی یە بەنرخەکان و نومایشە پڕ لەداهێنەرەکاندا، جەماوەر هۆشمەند بێت، ئەو کاتە من گرەنتی ئەوەت دەدەمێ کە چ مرۆڤ و چ هونەریش بەرەو لوتکەی گەشەسەندن و پێش کەوتن دەچن و، هەر ئەمەیشە لێپرسراوێتیو ئیلتزامی هونەرمەندان پێك دەهێنێ.

* ● * ●

# لێکۆڵینەوەیەک

## دەربارەی شانۆیی

## دوژمنی گەل

● ئەهرۆ سالح دەلۆیی ●



پێشەوای شانۆی ڕیالیزم «هەنریك ئەپسن» لەساڵی ١٨٢٨ لە شارۆچکەی «سەکین» پێی ناوەتە سەر شانۆی ژیان.. لەو تەمەنە درێژ خایەنەی کە لە ژیانیدا بەسەری برد زۆربەی هەرە زۆری بۆ هەوڵ و تێکۆشان تەرخان کرد.. هەر لەسەرەتای نووسینیەوە دووچاری کۆمەڵێکی زۆر نوشستیو دەردی سەری هات، هەموو ئەمانەش تا دوا هەناسەی ژیانی بوونە کێشەو خولیاو هەست و هۆشی ئەپسن، توانی بێتە وێنەکێشی سەردەم و کەڵە نووسەرێکی لێهاتوو.. ماڵی بووکە شووشەو تارماییەکان و دوژمنی گەل و مراوی کێوی هەموو ئەمانە ئەو شانۆییانە بوون کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای نەرویجیو ئەوروپا بوو نزیك بوونەوەیەکی تەواو بوو لە هەموو ئەو ناهەمواریانەی کە بەسەر کۆمەڵگای ئەوسای ئەوروپادا هاتبوو.. دکتۆر ستۆکمان و نوراو بزانــد هەریــەکێ لەمانــەش نمونــەیەکی هەرە باڵای مرۆڤی حشۆرشگێرو خاوەن هەڵوێستن.. هەموو یەکێکیش لەمانە بەرگری لە حەقیقە ئێك دەکەن ئەوەتا نورا ئەبێتە ڕەمزی مەسەلەیەکی گەورە ئەویش سەربەستی ئابووری ئافرەتە.. ستۆکمان ئەڵێ تاکە کەسێك کەتوانێ بچێ بەگژ زۆربەیەکی چەواشەدا..

ئەپسنی نووسەرو شۆڕشگێر توانی گۆڕێکی تەواو بداتە شانۆی ڕیالیزم وە هەرخۆشی بوە پێشەوای ئەو ڕەوتە شانۆییە.. ئەمەش ئەو گۆڕانکاریانە بوون کەبەسەر شێوەو ناوەڕۆکی شاکارە کانیدا هات..

لە زۆربەی شانۆییە کانیدا ڕوو بەڕوو بوونەوەیەکی تەواو بەدی دەکرێ لە نێوانی هێزی شەڕو خێرخوازدا، لە نێوانی مرۆڤی خۆ پەرست و ترسنۆك و شۆڕشگێرو خاوەن هەڵوێستدا... شانۆی دوژمنی گەلیش نمونەیەکی هەرە باڵای شانۆییە فیکرییەکانی ئەپستە بۆیە لێرەدا بە چاکمان زانی لایەنەکانی ئەم شانۆییە ڕوون بکەینەوە «بەهێز ترین مرۆڤ لەجیهاندا ئەوەیە کەهەر خۆی بەتەنها ڕائەوەستێ بەرامبەر بەزۆربەی چەواشە»



ئەمــەیــە بیــری ســەرەکی شانویی «دوژمنی گەل» کە گەیشتوتە بەرزترین لوتکەی هێزو باوەڕو ویژدانی مرۆڤایەتی...
«دکتۆر ستوکمان» پاڵەوانی سەرەکی شانوییەکە ئەم وتەیە بەکردار ئەسەلمێنێ و ئەیێتە بناغەی قەناعەت و بەخۆبوون و خۆبەخت کردن لەپێناوی مەسەلە پیرۆزەکانا...
خێزانێکی مامناوەندی کەپێك هاتووە لە «دکتۆر ستوکمان» کە سەرۆکی خێزانەو خاتوو ستوکمان»و دوو کوڕ بەناوی «ئیلیف و مۆرتن» لەگەڵ کچی گەورەیان «ست پیترا».

لە لایــەکی ترەوە برای «دکتــۆر ســتوکمـــان» کە ناوی «پیتــەر» قایمقــامی شارەو بە حوکمی پیشــەکەی خاوەنی دەســەڵاتــەو لەچینی سەرەوەی کۆمەڵەو دادگاو دام و دەزگای شار ها لەژێر دەسەڵاتیا...
لایــەنی سێهــەم بریتین لەدەرەوەی خێــزانی دکتــۆر کە ئەوانیش نووســەری ڕۆژنامــەی «دەنگی گەل»، کرێکارانی ڕۆژنامەکە و خاوەنی چاپخـــانەو کاپتنی کەشتیــە.. لەگــەڵ «مـۆرتن کیل»ی پیرەمێردو زڕبـاوکی «خاتوو ستوکمان» شارەکەی دکتۆر شارێکی پڕ خێرو بەرەکــەت و ئەخۆشخانەیەکی سروشتییە بۆ ئەخۆش کەساڵێ بەهەزارەها لە خەڵکی دێن بۆ چاك بونەوە.
ئەویش بە خۆشتن لەگــەرماوەکـانی شاردا گوایە ئاوی شارەکەیان کیمیـایـەو عیللەت پەڕێنە بۆ زۆر لە ئەخۆشییــەکـانی پێست وەکـو گەڕی و هتد.. زیرەکی و دانایی ئەپسن لەوەدایە کە توانیویەتی زۆر بە ووردی و درشتی مەسەلەیەکی زۆرگەورەو مەزن پیشان بدات لەپاڵ مەسـەلـەیـەکی بچـوکـدا کە ئەویش پیس بوونی کۆمــەڵگای ئەوسای ئەورووپــایە لەلایـەنی کۆمـەڵایــەتی و ڕامیـاری و ڕۆشنبیری یەوەیەو شبهـانـدنی بەپیس بوونی ئاوی گەرمـاوەکـان، پاشـان تاوانبـارکردنی زۆربــەیــەکی نارۆشنبیـری و بەربەرچ دانــەوەی ئەو خورەوشتــە «تەقلیدی یە» کۆنانەی کە هاتوون لەسەر بناغەیەکی بۆش و بێسەرو بن.. پاشان سەپاندنی هەڵوێستی «تاکە کەس» و بەرگری کردنی «زۆربـــەی چەواشــە» بە تاکــە کەسی دانـاو بلیمــەت.. «دکتـۆر ستوکمان» نمونەی مرۆڤی بەتواناو ئازایە نمونەی مرۆڤی بە ویژدان و

بە سەلیقەیە کەبووە بە ڕەمزی باوەڕ بەخۆبوون و لە خۆبووردن بۆ بەرچ دانەوەی «زۆر بەیەکی» بەهێزو بە دەسەلات، ئەو زۆربەیەکی کە بەڕای زۆر کەس شاخی ئاسنینەو فەوتاندنی بۆ نی یە هەر یەك لەم لایەنانە بوون بەنموونە بۆ مەسەلەی گەورەتر لە خۆیان. . .

هەریەك لە «کاراکتەرەکانی» ئەم شانۆیی یە هەڵگری جۆرە بیرێکی جیاوازە هەریەکەیان «تەعبیر» لەجۆرە چین و توێژێك ئەکەن ئەم شانۆیی یە نموونەی «شانۆی واقعی یە»و دوای بەسەرچوونی چەند قۆناغێکی جیاجیا گەیشتۆتە ئەم پلەیەو شانۆی «ئەپسنی» پێ ناسراوە بەناوی «ڕێبازی واقعی ڕەمزی». . .

دکتۆر ستۆکمانی ڕەمزی حەقیقەت و ڕاستی ڕەمزی دکتۆری مرۆڤایەتی چارەسازی دەردە کوشندەکانی باری کۆمەلایەتی و ڕامیاری ناوکۆمەڵگا لەلایەك، لەلایەکی ترەوە قایمقامی ناڕاست و «دیکتاتۆر»و خۆ هەڵکێش بەپلەو پایەوە، دوولایەنی تەواو جیاوازن دوو بارگەی جیاواز ئەبنە هۆی دروست بوونی ئەوابەرزبوونەوە درامی یەی» «التصاعد الدرامی»ی لە شانۆیی یەکەدا ئەبنە هۆی دروست بوونی «ململانێ یەکی» توندوتیژ تا ئەو ڕادەیەی کە «چارەی» «الحل» ی ئەم دوو دژە وەیان سەرکەوتن و ژێرکەوتنی یەکێك لەم دوو لایەنەجیاوازە هەردوولایەنی خێرو، شەڕ، ئەکەوێتە لای بینەرو، بینەر بەپێی بۆچوونی خۆی، لەدوای «گرێی شانۆیی یەکەوە» ئەگەڕێن بەدوای چارەسەرداو گفتوگۆ دروست ئەبێ و بینەر خۆی حوکمی لەسەر ئەدات، هەربۆیە «بینای درامی» لای ئەپسن بەپێچەوانەی شانۆی «تەقلیدی»یەوە بەم جۆرە. . شانۆی تەقلیدی: - دەست پێ کردن، گرێ، چارەسەر شانۆی نوێ: - دەست پێ کردن، گرێ، گفتوگۆ.

دەست پێ کردنی ئەم شانۆیی یە بەوە ئەبێ، کە دکتۆر لای خۆیەوە گەیشتۆتە سەرئەنجامی مەسەلەیەك، کەماندوو بوونی سالێکی ڕەبەقەو ئاشکراکردنی حەقیقەتە، ئاوی گەرماوەکان میکرۆباوی بوون، چونکە ئەو بۆریانەی کەئاوی پاکی گەرماوەکانی پیارەت ئەبێ کاتی خۆی لەکاتی جێبەجێ کردنی نیشەکەدا بەغەڵەت دانراون و تێکەڵ بەئاوی زێرابەکان بوون، ئەمەش ئەنجامی گوێنەگرتنی قایمقام بووە بۆ تێبینی یەکان دکتۆرو هەربەتەنها قسەی خۆی فەرزکردووە، ئێستاش بووەتە هۆی گیروگرفتێکی گەورەو هەموو شاری خرۆشاندووە. .

«چاو داخستن لەحەقیقەت و دەوڵەمەند بوون و بەژێرخستنی بەرژەوەندی گشتی،» یان:

«ئاشکرا کردنی حەقیقەت و بەگژاچوونی هەموو جۆرەکانی مرۆی خاوەن بەرژەوەندی، ئەوانەی کە بەرژەوەندی تایبەتی لەپێش هەموو شتەکانی ترەوە ئەبینن. . ئائەمەیە کەدکتۆر ڕووبەڕووی ئەبێتەوەو، ئەبێتە ڕووناکی بۆ خەڵکی و سووتاندنی دوا ڕۆژی خۆی و خاوخێزانی. قایمقام بەهۆی فێڵبازی خۆی و دام و دەستەکەیەوە تا ڕادەیەك هەست بەو مەترسی یە ئەکات، بەلام کەڵکەڵەی ئەوەیەتی کەچۆن ئەم باس و خواسە لای دکتۆر بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە درکی بەمەسەلەکە کردووەو تووشی ئازارێکی زۆری کردووە ئەوەتا بەچەند هەرەشەیەك دکتۆر ئاگادار ئەکات و پێی ئەڵێ: -

«دکتۆر تۆ زۆر حەزت بە ئاکرەوی یە. . ئەمیش لەناو کۆمەڵێکی ڕێك و پێکدا ناڵوێ. . تاك دەبێ مل کەچی کۆمەڵ بێ. . ئەوامن هەر لەئێستاوە ئاگادارم کردیتەوە، ئەگینا درەنگ بێ یان زوو زۆرت لەسەر ئەکەوێت». . .

چاوەڕوان کردنی دکتۆر ستۆکمان و هاتن و نەهاتنی پۆستەچی ئەبێتە نیشانەی پرسیارێك لای بینەر، ئەویش ئەوەیە کەئایا ئەو پۆستەچی یەی دێ هەڵگری چ هەواڵێکی گرنگە. . هەڵبەتە ئەو قەلەقی و چاوەڕوان کردنەی دکتۆر بۆ کارێکی گرنگەو ڕووداوێکی تازە ئەچێتە سەر ڕووداوەکان «ئالیرەدا گرنگی دەرهێنەر وئەکتەر ئەوەیە کەبەچ وەسیلەیەك بتوانێت بینەر تووشی چاوەڕوانی بکات و ئەمانیش چاوەڕوانی پۆستەچی یەکە بەشتێکی گرنگ بزانن، چونکە لەم شانۆیی یەدا سەرهەڵدانی «کێشە سەرەکی یەکە لەهاتنی پۆستەچی یەکەوە دروست ئەبێت، ئەویش وەلامی ئەو ڕاپۆرتە پزیشکی یەیە کەهەوڵ و تەقەلای بێ ئەندازەی دکتۆرە بۆدۆزینەوەی ئەو ڕاستی یەی کەئایا ئاوی گەرماوەکان نەخۆشی چاك ئەکاتەوە یان زیاتر نەخۆشیان ئەخات. .

«پیترای» کچی دکتۆر ئەوهەواڵە گرنگە بۆ باوکی دەهێنێ و بەوەی لەدەرەوە تووشی پۆستەچی یەکە ئەبێت و ڕاپۆرتەکەی لێ وەردەگرێت، . . .

دکتۆر بەئاواتی خۆی ئەگات و شەونخونی و ماندوبوونی چەند مانگەی بەفیڕۆ ناچێ، بەڵێ ئاوی گەرماوەکان پیس و میکرۆباوی بوون، ئەوەتا دکتۆر بەو پەڕی دڵ خۆشی و بەوپەڕی هیوا ئاواتەوە هەست بە سەرکەوتن ئەکات و ئینجا پەلەی ئەوەیەتی کە زۆر بەزوویی ئەم هەواڵە گرنگە لای خەلکی بدرکێنێت ئەوەتا ڕووی

دەمی لە «هوفستادی» خاوەنی چاپخانە ئەکات و ئەیەوێ بەزووترین کات ئەم شەرەفە گەورەیە بدات، بە ڕۆژنامەی «دەنگی گەل» ئەمەیە ئەو باس ، خوا ... کەشا، ئە [illegible] ڕۆژنامەی تەنگـاو ئەکات و ئەکـەونە سەغڵەتی‌و جۆرەهـا هەڕەشـەو گوڕەشـە لەدکتـۆرو چاڵ هەڵکـەنـدن بۆی، هەڵبـەتـە تیـاچـوونی پەرژەوەندی قایمقام تیـاچـوونی بەرژەوەنـدنی سەرمایە داری‌یە . . لەلایەکی ترەوە بوونی دکتـۆر ستـۆکمـان و نمـونـەی مرۆڤی وەك ئەو مەتـرسـی‌یـەکی گەورەیـە لەبـەردەم پێش کەوتنی سەرمـایـەدارەکـانـا . . . هەربـۆیـە لەمـاوەیـەکی زۆر کەم دا تەنـانـەت دارو پەردوی ماڵـەکـەی خۆشی لێ‌ئەکەن بەدوژمن و کارێکی پێ‌ئەکەن بابە دەواری شڕی ئەکات . . هەرلەم کاتەوە نمونەی مرۆڤی «هەل پەرست» و دوو ڕوو هەر زوو ئاشکرا ئەبێ . . کە کێ‌یە نیشتمان پەروەر؟

کێ‌یە نیشتمان فرۆش؟ ئەوانەی کەهاوڕێ‌و پشت و پەنای دکتۆر بوون دوای ئاشکرا کردنی حەقیقەتەکە بوون بەچی دکتۆر؟ . . .

هەموو ئەم ئازار دانە دەروونی‌یانەو زیاتریش لەمانە بەردێك لەقەڵا گەورەو پتەوەکەی دکتۆر لانابات، هەربۆیە تا زەبرو زەنگ زیاد بێت دکتۆر زیاتر لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام ئەبێت . .

چەنـدەهـای وەك و «مـورتـن کیـل» ی داردەستی قایمقـام ئەخلەتێنری‌و بەچەندەها بارو لێکدانەوەی جیا جیا مەسەلەکە لنگەو قووچ ئەکـەنـەوە، هەربـۆیـە لای «مۆرتن کیل» ی بەساڵاچوو ئەو مەسەلە پیرۆزە ئەبێتە «فێڵی مەیمونان» .

لەلایـەکی ترەوە «هـوفستـادی» ڕۆشنبیرو نووسەری «دەنگی گەل» ئەم ڕاپـۆرتـەی دکتـۆر بە جۆرەهـا بارو لێکـدانـەوەی جیاجیادا ئەبا، تووشی ئەو حاڵـەتـە ئەبێ کەئـایـا منیش خۆم بخەمە بەر پرسیکی ئەم ئاگـرە، یان نەء . . ئەوەتـا دێت بەدکتـۆر ئەڵێ : ـ دکتـۆر : ئەم ڕاپۆرتەی تۆ هەرچەندە زیانێکی زۆری بۆسەر ئابووری وولات هەیـە . . لەهـەمـان کاتدا ئەتوانین بیبە سینەوە بەهەندێ لایەنی ڕامیاریەوەوە وەئەم ژەهرەی کەئاوەکانی پیس کردووە لە کارگەی «دال» وە نایـەت ، بەڵکـو لەوزەلکـاوانـەوە دێت کەهـەمـوو پیساییەکانی ژیانی ڕۆژانەمانی لەسەرکۆبوتەوەو . . .

بەهـەر حاڵ هەریـەکێ لە «هـوفستـاو» «ئـەسلاکسن» و «بلینگ» کەســەر بەچینی مام ناوەنـدین کاتێـك کە ئەبینن بەرژەوەنـدیـان وا لەمـەترسی‌دا زۆر بەخێرایی خۆیان ئەکشێنەوەو ئەچنەپاڵ قایمقام . . بەمە هەموو پەیمان و ویژدان و مرۆڤایەتی خۆیان ئەدۆڕێنن و ئەبن بە

بەشێـك «لـەزۆربـە» چەواشـەکـە . . ئەبێ کێ‌بێ خۆی بکـات بەسـووتـەمـەنی بوگـەڵـەکـەی‌و هەمـوو ژیـانی پێش کەشی کۆمـەڵ و نیشتمان بکات . .

لەهـەمـان کاتـدا چەنـد سەیـرو سەمـەرەیـە کە هەرئـەو مرۆڤە کۆمەڵەکەی خۆی بەردە بارانی بکاو ناوی لێ‌بنێ «دوژمنی‌گەل» چونك دانەدان و کرنوش نەبردن بۆ زۆرو ستەم لە مرۆڤی ئازاو بیرو باوەڕ ئەوە شێتەوە، هەربۆیە ئەوانەش کەجێ پەنجەی ئەم جۆرە مرۆڤانەیان پێوەدیارە دیسان چاوەڕوانی شتی باشیان لێ‌ئەکرێ . .

«ست پیترا» لەم جۆرەیەو شوێن پێی باوکی وون نەکردووەو بۆتە نموونەی ئافرەتی بەتواناو ڕووناك بیرو ئەمیشی شان بەشانی باوکی بەرگری لەحەقیقەت ئەکات . . هەمان شت بەدی ئەکرێ لەهەردوو منالە ژیرەکەی دکتۆردا کەئەوانیش «ئیلیف و» «مۆرتن» . .

خاتوو ستوکمانی خێزانی دکتۆریش پێش ئەوەی هەست بەئازاری دکتـۆر بکـات و لەبیرو باوەڕی شارەزا بێت دوای ئەو هەڵس وکەوتە ناشـرینـەی کە ڕووبـەڕووی دکتـۆر بوەوە لە چاپخـانەدا گەیشتە ئەو حەقیقـەتـەی کە دکتـۆر لەسـەر حەقـەو ئەمـانـە هەمـووی مرۆڤ بەرژەوەنـدی تایـبـەتین . . لێـرەدا خاتو ستۆکمانیش کەوتۆتە نێوان دوو شتی گرنگەوە، یەکەم خۆشەویستی، دڵسۆزی مێردەکەی.

دووەم: تیا چوونی دواڕۆژی ماڵ و منداڵەکانی . . ئەوەتا. خاتـووستۆکمـان لەیـەکـەم جاردا زیـاتـر لایەنی سۆزو خۆشەویستی کاری تێ‌ئـەکـات و لە «ستـۆکمـان» ئەپاڕێتەوە کە لەگەڵی شەیتان بێتە خوارەوەو بونـەوەی باری ژیـانیـان تێـك ئەچێ‌و بەئاسوودەیی بژین، بەهەرحاڵ خاتو ستۆکمان ئەیەوێ کار لەدکتۆر بکات و بەباس کردنی هەندێ مەسەلەی «عاطفی» دکتۆر پەشیـمـان بکاتەوە، بەڵام هەمان شت ئەمیش لای دکتـۆر کاریگـەری نی‌یـەو ئاسنی سارد کوتـانـە . . هەرچەندە لەکۆ تایی‌دا خاتوو ستوکمان پەشیمان ئەبێتەوە لەقسەکانی‌و پشتی دکتـۆر ئەگـری‌و ئەمیش شان بەشـانی دکتـۆر دەست ئەکـات بەهەوڵ و تێکۆشان . . .

دکتۆر ستۆکمان لەچاوی خۆیەوە ئەڕوانێتە هاوڕێکانی‌و دڵ خۆشە بەوەی کەکـۆمـەڵێ لاوی خوێن گەرم و تازە پێگـەیشتـوو لەدەوری کۆبـوونـەتـەوە، دڵ خۆشـە بەوەی کەئـەمانەن ئەرکی ڕۆژنامەگەری‌و نووسینیان لەسەر شانەو بەخامەی ڕەنگینی ئەمانە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان ئەڕازێنـەوە . . هەمیشـە دکتۆر بەمـانـەدا هەڵ ئەدات وبەرگـری‌یـان لێ‌ئەکات . . بەڵام بەداخەوە ئەوەی دکتۆر چاوەڕوانی ناکات ئەوەیە

کەئەمانە هەریەکەیان بەبارێکی جیاوازدا هەڵئەگەڕێتەوە و هەریەکەیان لەبەرجۆرە بەرژەوەندی‌یەکی تایبەتی لەقسەو هەڵوێستی خۆی پەشیمان ئەبێتەوەو.. ئەم مەسەلەیە ئەبێ بەداخێکی سەرتاسەرو ناسۆرێکی گەورە لای دکتۆرو ئەبێتە هۆی هەست کردن بەتەنیایی لای‌دکتۆر.. بەڵام توێڵێی ئەمەش کار لەهەڵوێستی دکتۆر بکات بێ‌گومان نەخێر...

بەڵێ ڕۆژنامەش لەدکتۆر ئەبێت بەدوژمن و هەموویان لەقسەو بەڵێنیان پەشیمان ئەبنەوە..

بەڵام مرۆڤی خاوەن بروا هیچ کاتێك بێ‌بروانابێت..

هەر بۆیە زۆرجاریش لەناو ئەمانەدا نمونەی وەکو «کاپتن هۆرستەر» ڕێ ئەکەوێ و نمونەی مرۆڤی لەخۆر بوردوو خاوەن بیرو باوەڕ.. ئەوەتا بەهەموو هەوڵ و توانایەکی‌یەوە پشتی دکتۆر ئەگرێت و گەورەترین هەڵوێست ئەنوێنێ بەوەی کەماڵی خۆی ئەکا بەهۆڵی کۆبوونەوەو خۆی ئەکابە بەسووتەمەنی حەقیقەت.. ڕوو بەڕووبوونەوەو ڕاستەو خۆ ڕادەربڕین و بەربەرچ دانەوەو گۆڕینەوەی ڕاو بۆچوون و ڕەخنە گرتن نمونەی دیموکراسیەتە، دکتۆر ئەم ڕێگەیە ئەگرێتە بەرو خەڵکی کۆئەکاتەوەو ماڵی «کاپتن هۆرستەر» ئەبێتە شانۆی ڕووداوەکان.. ئەپسن ئەڵێ: - «

لەهەر کۆمەڵگایەکدا ئەگەر زۆربەی خەڵك لەسەر حەق نەبێ، ئەوە نیشانەی لاوازی دیموکراسی‌یە»..

ئەم ووتەیە لەکۆمەڵگای ستوکماندا بوونی هەیەو ئەوەتا ئەم بارە بەلایانەوە شتێکی تازەیەو گونجاندیان مەحاڵەو لەگەڵ مەرجەکانیدا ڕێ ناکەون..

دکتۆر وەکو مرۆڤێکی واقعی‌و زۆر بەزەقی ئەوەی ئەیەوێت بە بڕوایەکی تەواوەوە ڕووبەڕوویان ئەکاتەوەو پێیان ئەڵێ کەمەبەستی من تائێستا پیسی گەرماوەکان بووە، بەڵام لەمەودوا مەبەستی من ئەوە نابێت، بەڵکو مەبەستی من ئەوەیە کە پێتان بڵێم..

«کەهەموو سەرچاوەکانی ژیانی ڕۆحیمان ژەهراوی بووە هەروەها سەراپا کۆمەڵگاکەمان لەسەر بناغەیەکی پۆخڵ و دەغەڵ بنیات ناوە، وە حەز ئەکەم کەپێتان بڵێم کەئەو ئاقمەی کەلەهەموو شارێکدا زۆربە پێك دێنێ کامەیە؟ ئاخۆئاقمی ئاقڵەکانە؟ یاخود دەبەنگەکان؟ لەو بڕوایەدام هەموومان لەسەرئەوە یەك دەگرینەوە کە دەبەنگەکان زۆربەن و وەزنیشیان زۆرە لەسەرانسەری وولاتدا بەڵام چۆن دەکرێ بەوەقایل بین کە دەبەنگەکان بەسەر ئاقڵەکاندا زاڵ بن و حوکمیان بکەن..

دەمەوێ بەگژ ئەوفیشاڵەدابچم کەدەڵێ: - «حەقیقەت پەیوەستە بەزۆربە» بەڵێ دکتۆر بەگژ زۆربەی چەواشەدا دەچێ‌و هەچێ‌یەك لەسنگیا پەنگی خواردوتەوە پێیان دەڵێ‌و تاوانباریان دەکات، هەر لەڕۆژنامەوە تاقایمقام و مرۆڤی بودەڵەو هتد.. وەهەموو کاتێك دوبارەی ئەکاتەوەو ئەڵێ‌کە خەڵکی نەزان یاخود ڕەشۆکی تەنها لەناو چینی هەژارانین بەڵکو ئەوانە لەهەموو شوێنێکی دەورو بەرماندا دەژین، لەناو هەموو چینەکانی کۆمەڵ دا.. ئادەگات بەچینی سەری سەرەوە.. لەسەر ئەم حەقیقەتانە ئەو زۆربەیە ئەیکەن بەدوژمنی گەل و ئەو نازناوە ناشرینەی ئەدەنە پاڵ و بەردە بارانی‌ئەکەن و هەموو ئەندامانی خێزانەکەی بەم دەردە ئەبەن و هەرچی بۆیان بکرێ تەخسیری ناکەن... سەرباری ئەم هەموو مەینەتی‌یە دکتۆر سوورە لەسەر ئەوەی کە هەر لەشارەکەی خۆیدا بمێنێتەوەو شارەکەی بەجێ نەهێڵێ... هەروەکی دەڵێ:

«ئێرە بەجێ ناهێڵم.. چونکە ئێرە شوێنی کارکردنە..»

هەروەها ئەڵێ بۆیە لێرەم بوئەوەی لێیان نزیك بم و چیم بوێ ڕاستەو خۆییان بڵێم... وەئەیەوێ مناڵەکانی خۆی‌و ئەو منداڵانەی کە بەشەقامەکاندا ئەسووڕێنەوە کۆیان بکاتەوەو لەماڵەکەی خۆیدا وانەی ڕاستەقینەیان پێ بڵێتەوە..

بەڵێ هەموو دەورو بەر «لەستوکمان» ئەبێ بەئاگرو شاڵاوی بۆدێنێ.. هەر لەڕۆژنامەو خاوەن خانووو کاربەدەستان هتد.. هەموو ڕێیەك بەسترا لەپێناوی درکاندنی تەنها ووشەیەك... بەپاشگەز بوونەوەیەك ژیانی سەر لەنوێ ئاسوودە ئەبووەوە، بەڵام هەی هوو.. هیچ کام لەمانە نەیتوانی ستوکمان بپێکی هەربە تەنها ئەم زۆربەی پیکاو هەمو ووتەکانی بوون بە حەقیقەت و هەتا هەتایە بەنەمری مانەوە.. بەڵێ خۆی ووتەنی: - هەرگیز ملم ناخەمە ژێر نیلەی بەندایەتی ئەگەر ئەرزو ئاسمانیش لەیەك بدەن.

سەرچاوەکان:


١ - دەقی شانۆیی دوژمنی‌گەل - هنریك ئەبسن - وەرگێرانی حەمەفەریق حەسەن.

٢ - بيت الدمية، تأليف، هنريك أبسن ترجمة كامل يوسف

٣ - المسرحية من أبسن الى اليوت، ريموند ليمز - ترجمة فايز اسكندر

٤ - البطة البرية، تأليف هنريك ابسن ترجمة كامل يوسف

ڕەخنەی شانۆیی

## چیرۆکی تەمسیلی

# «زاڵـــە و»

## چەند وردە تێبینیەك

● أحمد محمد ئابلاخی ●

هونەرمەند جلیل زەنگنە هاورێمەو شارەزای ئەوە هەم کە حەز بە خۆماندوکردن و ئەرك کێشان ئەکات لە پێناوی هونەری شانۆی کوردی‌دا، بەڵام ئەمـە ڕێگـەی ئەوەم لێ ناگـرێ کە کەم و کورتی دەقـەکە پێش چاو بخـەم، هەنـدێ بیـروڕا هەبـوو کە گوایـە جلیـل دەقـەکەی لە «المعلم الاول»ی جەنگیـز ئەتمـاتـۆفەوە وەرگرتوە پاش ئەوە هەندێ ڕای تر هەبوو کە دەقەکەی جلیل کورتەو ڕووداوەکان بەو شێوەیە نین، ئەوەش کە باوە لە ڕەخنەی شانۆیی‌دا ڕەخنەگر ئەبێ دەقـە ئەصلیـەکە بخـوێنێتەوەو بەراوردی بکـات لەگـەڵ ئەوەدا کە پیشکـەش کراوەو منیش لەوەپێش ئەو ڕێگـەیەم گرتـوەو پەنجـەم بۆ هەموو لادانێك درێژ کردوە کە ڕووی داوە بەڵام لە بواری ڕەخنەی تەمسیلی تەلـەفزیونی‌و فلیمی سینەمایی‌دا من ئەم لایەنەیان بەڕاست نازانم لەبەر ئەم هۆیانە: -

١ - دەقەکە چاپ کراو نی‌یە بە شێوەی ڕیوایەتێك یا سیناریۆ کراو.

٢ - نوو‌سەر خۆی ماوەو هاوڕێ‌و ئەنـدامـانی ئەو تیپـەیە وئـەرکی سەرشانی خۆیەتی تا چەند لادان لە دەقەکە قبوڵ بکات یا نەکات بەڵام ئەوەی کە پیشکـەش کرا بە ئامادەبوونی خۆی رازیش ئەبێت هەر رازیـە چونکـە ئەگـەر رازی نەبوایە   ئەی‌نەهێشت بەو شێوەیە پیش کەش بکرێت کە لە سنووری ویست و مەبەستی ئەو بچێتە دەرەوە.

لەبـەرئـەوە من ئەم لایـەنـەیـان جێ ئەهێڵم بۆ نووسـەرو سینـاریو نووس کە کاك کاوەی أحمد میرزا بووە.

پاش ئەوەش فلیمێکی سینـەمـایی یا تەلـەفزیـونی ئەگـەر حسابی ئەوەی بۆ نەکـرێـت کە کوردیـە ئەوا ولاتـەو ولات ئەڕوات و چی تیابووە ئەوە بە «نظری إعتبار» وەرنەگیری چونکە مەرج نی‌یە لەگەڵ

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

قلیمەکەدا دەقەکە ڕۆشتبێ یا لە ئاستی بڵاوبونەوەی قلیمەکەدا ئەویش بڵاو بوبێتەوە.

چەند هەڵەیەکی زەق لە سەر جەمی دەقەکەدا بەدی ئەکرێ، ئەگەر ئەو هەڵانە لابیرێن ئەوا دەقەکە ئەمێنێتەوە هیچ چونکە شا ڕەگی مەسەلەکە پەیوەستە بەو هەڵانەوە، سەرەتا مەسەلەی ئاغاو ئاغایەتی زانراوە کە چەوساندنەوە سەربەشی جوتیاران بوو هەندێ لە جوتیاران چلکاو خۆرو دەست و پێوەندی ئاغا بوون بەڵام وەکو بینراو لە تەمسیلی ژاڵەدا ئەو جەورو ستەمە بە جوتیارانەوە دیار نەبوو بە هیچ شێوەیەکیش ئاماژەی بۆ نەکرابوو، لەوە ئەچو مەسەلەی چەوساندنەوەیان هەر لەو کاتەوە دەستی پێ کردبێ کە مامۆستا هیمن چوە دێکە، خۆ ئەگەر مەسەلەی سالە کوێرو کوشتنی بێت ئەوە بەشێك نەبوو لەچەوساندنەوەو یاخی‌بوونی سالە کوێریش بریتی نەبوو لە ڕاپەڕینێك دژی ئەو چەوساندنەوەیە، سالە کوێر خۆی یاخیەکی جەربەزەبوو پیاوەکانی ئاغای ئەتك ئەکرد لەسەرچی؟ ئەمیش هیچ دەستی بۆ ڕانەکێشرابوو.

مەسەلەی جوامێریش هیچ مۆرکێکی چەوسێنەری پێوە دیارنەبوو تەانەت سراعەکەی ئەم لەگەڵ کورە جوتیارێك دا پەیوەندی بە مەسەلەی ئەرزو ئاوەوە نەبوو بەڵکو حەزی لە کچێکی ئەکردوو کورە جوتیارێکیش مونافەسەی ئەکرد، خۆ نەك جوامێر ئاغا منیش بم ئەو گۆبەندە ئەگێرم، دیاریش بوو کە جوامێر خۆشەویستیەکی ڕاستەقینەی هەیە بەرامبەر بە کچەکە وەك دیاربوو بە کوژرانی «گوڵاڵە» چی بەسەر دێت ئەو خۆشەویستیەش مافی خۆیەتی‌و مەسەلەیەکی عاتفی ڕووتە. لەوانەبوو ئەگەر شوانەکە ئارادا نەبوایە گوڵاڵە زۆر ئاسایی شوی بە جوامێر ئەکردو کوا مەسەلەی هۆشمەندی لای کچە لادێیەك هەیە کە بیر لەوە بکاتەوە شوو بە هەژارێك بکات نەك دەوڵەمەندێك لەبەر ئەوەی بەرەبابی دەچەوسێنێتەوە جگە لەوەش لەوانەبوو جوامێر کە گوڵاڵەی بهێنایە تەنانەت ببوایە هاوڕێی شوانەو خزم و کەسانی گوڵاڵە پاش ئەوە خۆشەرەج نیە هەردەم ئاغایەتی وەك ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی «وراثی» گوێزرابێتەوە بۆ جوامێر کوا بە هیچ جۆرێك جوامێر باسی ئەرزو ئاوو بەراوو دێمە ڕوکەکانی کردوە ئەی مارکس کوڕی کابرایەکی دەوڵەمەند نەبووە؟

مەسەلەیەکی تر هەیە کە هەموو ڕووداوەکان لە دەوروپشتی ئەسوڕێنەوە ئەویش ئەوەیە کە ئاغای گەورە برا بۆ شار کوێخا ڕەزا جرێن دانرا لە شوێنی کە ئەوەی ئێمە ئاگاداری بین هێشتا لە مێژوی دەرەبەگایەتی کوردستاندا ئاغا لە کاتی نەبوونی خۆیدا کەسی لە جێی خۆی دانەناوەو ئەگەر کەسێکیش پێویستی بە ئاغا کەوت ئەوا هەر کوڕی ئاغاو ئاغاژن بریار ئەدەن یا چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئاغا ئەکرێت. خۆ ئەگەر ئەم ئاوە ژوەش لە دەقەکەدا نەکرایە ئەوا جێگەی سەرجەمی باسەکە نەئەبووەوە چونکە گەورەترین مەسەلە ئەوەیە لە ڕێگەی ڕۆخسەتی کوێخا ڕەزاوە مەکتەب لە دێکەدا کرایەوەو مندالان نرانە بەر خوێندناو مامۆستا هیمن جێ‌نشین بوو.

مەسەلەیەکی تر هەیە کە زۆر پێویستی بە لەسەر دوانە ئەویش ئەوەیە ئایا جوتیاران هەڵوێستیان چۆنەو ئاکامیان چۆنە، جوتیاران چینێکی هەلپەرست و بێ هەڵوێستن، ئەو بەشەشیان کە شۆڕشگێر دەرئەچن شۆرشگێرێکی دیموکراتین، ئاغاش هەر سەر بەو شۆڕشەیە چونکە لە دابەش کردنی چینەکاندا دەرەبەگ هاوتاو هاوەڵی بورژوای وەتەنیە ڕەوتی ئالوگۆڕی چینەکانیش نیشانی ئەدات کە ئاغا بە دەستی جوتیاران لە ناو ناچێ‌و دەرەبەگایەتی بە جوتیاران ناڕوخێنرێن چونکە لە کاتی شۆڕشی دیموکراسی‌دا ئاغاکانیش بەرژەوەندیان پارێزراوە، بەڵام وردە وردە شۆڕشی پیشەسازی هەڵدەگیرسێ‌و سەرمایەداری تا ڕادەیەکی زۆر پاڵ بە دەرەبەگایەتیەوەئەنێ‌و لاوازی ئەکات ئەگەر پاشماوەیەکی کەمیان مایەوە ئەوا لە قۆناغی سۆشیالستی‌دا هەردولایان بە یەکەوە گۆڕ ئەکرێن و مەزراکان ئەبنە هەرەوەزی‌و جوتیارانیش هێندە لەگەڵ مەسەلەکەدان تا چنگیان لە پارچە زەویەك گیر ئەبێت.. ئەم مەسەلەیەیان زۆری ئەوێت لێرەدا وازی لێ ئەهێنین و دێینە سەر وەڵام دانەوەی پرسیارێك ئەویش ئەوەیە ئایا مامۆستا هێمن بۆ تۆڵە سەندنەوەی مافێکی شەخسی چوو یا داکۆکی کردن لە مەسەلەی جوتیاران و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری، پەروەکردنی هەستی شۆڕشگێرانە.

ئەگەر مەسەلەکە شەخس بوو ئەوا فێڵبازانە ڕێگەی بردە بەر یەکەم

جێ‌کردنەوەی خۆی لە دێکەدا بە هۆی خوێنەواریەوەو دووەم بە هۆی مەسەلەی جووتیاران و شوانەو گوڵاڵە شەوە پاڵپشتی بۆ خۆی دروست کرد کەوابوو مەسەلەکە بەستراوەتەوە بەوەوە کە باوکی کوژراوە بە دەستی ئەو ئاغایەنەو ئەمیش فرسەتیەتی تۆڵەی خۆی بکاتەوە، خۆ ئەگەر ئەمەیان نەبوو بەڵکو مەسەلەی جووتیاران و رزگارکردنی خەڵکی بوو لە چەوساندنەوە ئەبوو یەکەم مەسەلەی کوژرانی باوکی ئاماژەی بۆ نەکرایە چونکە هەموو جوتیارێك هەر باوکی ئەوەو ئەی بۆچی ڕووی لە دێیەکی تر نەکرد ئایا جووتیار ئاغاو چەوساندنەوە هەر لە ژاڵەدا هەبوو؟ ئەی بۆ بە هیچ جۆرێك تەنانەت بەتایتل یا بانتۆمیم ئەوە نیشان نەدرا کە مامۆستا بەردەوامە لە کارەکەی‌دا ئەوسا ئەمان ووت مەسەلە ئەوەیە کە بیری شۆرشگێری لە شارەوە هەڵئەقوڵێ‌و ئەگوێزرێتەوە بۆ لادێ‌و لادێش کەرەسەی سوتەمەنی ئەو شۆرشەن ئەوە شمان بیر نەچێت یەکەم شۆرش هەر بۆ دێیەك ناگوێزرێتەوە دووەمیش شۆرش لە ڕێگەی مامۆستاوە ناگوێزرێتەوە بۆ لادێ چونکە مامۆستا ڕۆشنبیرەو فەرمانبەرە ئەمانەش سەر بە وردە بۆرژوای بچوکن ئەو شۆرشەی کە جووتیاران بەشداری تیا ئەکەن کە شۆرش دیموکراسیە خۆی لە لادێوە دەست پێ ئەگات بەڵام ئەو شۆرشەی کە لە کارگەکانی شارەوە دەست پێ ئەکات شۆرشی برۆلیتاریەو مامۆستا ڕابەرو گوێزەرەوەی نییە . مەسەلەیەکی تریش هەیە کە مەداری ئەمیسلیەکەیە ئەویش مەسەلەی ئەمبەرو ئەوبەرە لە دێکەدا، ئەمەیان لە دوو ڕوانگەوە بۆی ئەچم، ئەگەر وەك مەسەلەیەکی ڕووت و پەتی‌و دوور لە هێما بێت و دێکە دوو بەری هەبێت ئەوا هیچ کام لە ئاغاکانی ئەو سەردەمە ئەوەندە گێل نەبوون لەبەر دوژمنایەتی خەڵکی دێ دەستیان لە بەرێکی شتبێ‌و پاش ئەوەش ئاغا هەبوە چەند دێیەکی هەبوە نەك یەك دێ تەنانەت سەدان خوێنیش لە نێوان ئەو دێیانەدا بوایە ئاغا بەرژەوەندی خۆی پارێزراوە جگە لەوەش دابەش بوونەکە لەسەر ئەو بناغەیە نەبوو کە بەرێکی دێکە دژ بە ئاغابن و بەرەکەی تری چڵکاو خۆرو پیاوی ئاغا بەڵکو بەرێکیان لەوە ئەچو هەر هیچ موڵکی ئاغا نەبێت خۆ ئەگەر واش بێت نەبێ هی ئاغایەکی تربێت یا مافی خودموختاری خۆیان زەویان وەرگرتبێ ! ئەگەر سەر بەئاغایەکی تریش بن ئەو ئیرسورایان بەدەست ئەو ئاغایەی تر ئەبوو، خۆ ئەگەر مەسەلەیەکی ڕەمزی بێت ئەوا وەك لە دەقەکەدا هاتووە ئەو دوژمنایەتیە ئەگەرێتەوە بۆ ٢٠ ساڵ لەمەوبەر

کە یان ٢٠ساڵ پێش ٥٤ کە ٣٤ ئەگەیەنێت کە دوو مەسەلە لە ئارادا نەبووە یەك مەسەلە لە ئارادا بووەو ئەگەر ٢٠ ساڵ پێش ئامادەکردنی شانۆیەکەش بێت کە ٨٦یا ٨٥ یا ٨٧ ئەکات ئەمەیان لێرەدا هی دەست لێ‌دان و لێوەدووان نییەو . ئەو مەسەلانەش وا نەشکاوەتەوە کە تیپی نواندنی سلێمانی نیشانیان داین.

پردێکی لەرزۆکی تریش هەیە بۆ پێکەوە بەستنی ڕووداوەکان ئەویش مردنی ئاغایە مردنێك کە مەیتەکەی لە شار گەڕایەوەو نێژراش هێشتا لایەکی دێکە پێی نەزانی‌بوو هەر خەریکی زەماوەند گێرانی گوڵاڵەو شوانە بوون کە ئەمەیان بە هیچ جۆرێك وەرناگیرێ چونکە نەك ئاغایەك بەو زلیە بەڵکو مەڕی ماڵێکیش گورگ بیخوات هەموو خەڵکی دێ هەر ئەو ئێوارەیە ئەزانن، هەر ئەم پردە لاوازەش بووە هۆی هەواڵی کوتوپڕی ڕاگەیەنراو بە جوامێر دەربارەی شووکردنی گوڵاڵە بە شوانە جگە لەوانەش هەڵەیەکی زەقی تر لە دارشتندا بەدی ئەکرا ئەویش ئەوەبوو کە هێمن چوە ژاڵە مام کەریمی بینی دیاربوو کە ئاسیاوێکی لەوە پێشتری لەگەڵیا هەبوو ئەوەبوو بە بانتۆمیم نیشان دران کە نزیك دارفرۆشەکان بەیەکەوە قسەیان ئەکرد، کەچی ئەم مام کەریمە جارێك لە جاران وەك باوکی لادێ نەگەڕابوەوە بەلای کەمەوە لە نێوان قسەدا لە بەردەم مزگەوت دا لەبەر بەرۆچکەکەدا بە دەم جگەرەکێشانەوە باسێکی ئەوە بکات کە ساڵە کوێر کورەکەی گەورە بوەو ئەو ئەم جارە لە شاربینویەتی تا ئەو هەواڵەی هێمن بە مام سلێمانی وت لە کاتی چونیا بۆ ژاڵە ئەوەندە کوت وپڕو سەر سوڕهێنەر نەبوایە.

دوا هەڵەی چنینی ژاڵە ئەوەبوو دوای کوژرانی گوڵاڵە ئیتر شوانە ڕوون بوو نەما کە ئەبوو گەورەترین خوێنخواری ماڵی ئاغابێت و پشتی هێمن بگرێت، خۆ ئەگەر شار بەدەریش کرابوون نەئەبوو هەروا بە ئاسانی دەس لە مەسەلەکە هەڵگرێ بەتایەتی ئەو گەنجێکی خوێن گەرم و هاوڕێی خۆشەویستی مامۆستا هێمنە هەروەها خۆشی بوە خاوەنی تۆڵە.

## مەسەلەی ڕێکەوت لە ژاڵەدا:

پێویستی چنینی ڕووداوەکانی داستانێك یا فلیمێکی سینەمایی یا

تەمیسلێکی تەلەفزیونی لەسەر ئەو بناغە ریالستە بێت، کە لێك دابڕان و برواببوونی تەواوی بە مەسەلەی جەدەلیەتی ڕووداوەوە هەبێت، ئەگەر دیوارێك ڕووخا لەبەر ئەوەیە کە پەیوەندی بە ڕووداوەکانی پێش خۆیەوە هەیە وەکو جونیەتی دروست کردن و کەرەسەی دروست کردن و یا بە کارتێکردنی شتێکی تر نەك بە ڕێکەوت کە ئەشرۆخێ پەیوەندی بە ڕووداوەکانی پاش خۆیەوە هەیە وەك دروست کردنەوەی یا لابردنی کەرەسەو شوێنەواری کەواتە هەموو ڕووداوێك هۆو ئەنجامی هەیە کەواتە ئەگەر ڕووداوە ڕێکەوتەکان بخەینە بەردەم مەسەلەی ئەگەرو نەگەرەوەو بڵێین ئەگەر فلان شت وا نەبوایە وا بوایە ئەوا فلان شتی تر وا ڕێك ئەکەوت، ئەگەر مامۆستا هیمن و شوانە لەسەر مەسەلەیەکی هەق بە ڕێکەوت یەکتریان لە سەرەتای چوونی مامۆستا هیمن دا بەو شێوەیە ئەناسیایەو بە پێچەوانەوە بوایەو جوامێر دەست درێژکەر نەبوایەو شوانە دەست درێژکەر بوایە ئەوا سەرجەمی ڕووداوەکان بەو شێوەیە نەئەبوون و هێڵی فکری سەرەکی ئەگۆڕا، هەروەها بە ڕێکەوت ئەو دکتۆرەی ئاغایان بردە لای برادەری هیمن دەرچوو بۆی هیمن گێڕایەوە کە لە عیادەکەیدا جوامێر تەگبیری لە هیمن کردوە. بە ڕێکەوت کریم و فرج لە دوکانی سەوزی فرۆشێکا یەکیان گرتەوەو بە ڕێکەوتن بۆ ژاڵەو مەسەلەی داواکردنی مرواری بۆ فرج هاتە گۆڕێ خۆ ئەگەر دوکانی بەقاڵێك بوایە ئاسایی تر ئەبوو چونکە زۆر جار لادێیەك تێك ڕا مامیلی بەقاڵێکی کە ئاسیاویانە یا خزمایەتیان هەیە.

## زمان لە ژاڵەدا:

ژاڵە بە پێی شێوە زمانی ئەکتەرەکان لەسەر نەخشەی لادێکانی ئەم کوردستانە دیارنەبوو، جهاد دڵپاك بە شێوە زمانی گەرمیانی ئەدوا ئەگەر حسابی‌دوانی ئەم بکەین ئەبێ ئەو ژاڵەیە ژاڵەی بەر دەرەبەندی باسەرا بێت کە سەر بە ناوچەی گەرمیانە کەچی سەرجەمی ئەکتەرەکانی تر کە خەڵکی ژاڵەبوون بە شێوەزمانی ناو شاری سلێمانی ئەدوان و هیچ بەکار هێنانێکی لەوەی نەئەکرد کە خەڵکی دێیەکن لە دەوروبەری شاری سلێمانی تەنها وشەی «لەتەك» دوپات ئەکرایەوە، تەنانەت لە شێوەزمانی شاریەکی ساڵی ٩٥٤ یش نەئەچوو، ئەمەش کەلێنێکی گەورەبوو ئەو هەموو ڕەش و ڕووت و جامانە زلانە ئەت وت بە شیرو کێکەکەی گەڕەکە دەوڵەمەندەکانی گەورەبوون.

## عورف و عادەتی کوردەواری لە ژاڵەدا:

لە ژاڵەدا گەلێك سەرپێچی لە عورف و عادەتی کوردەواری کرابوو کە پێویستە لە بەرهەمە ئەدەبی‌و هونەریەکاندا پارێزگاری لە هەندێ باوو نەریتی کۆن بکرێت ئەوانەی کە گونجاوو شیاون و ئەبێ ئەوەی کە مایەی شانازی‌و ڕەوشت بەرزی کوردانەیەو دەلالەت لە ئوسوڵو نەریتی سەردەمێکی پیشتر ئەکات وەك مێژوویەك یا کەلەپورێك پیویستە بە زەقی دەربخرێ پارێزگاری لێ بکرێت، ئەو خالانەی کە لە ژاڵەدا سەرپێچی لێ کرابوو ئەمانەبوون: -

١ ـ لە ئاغا دێدا تەکیە نی‌یە بەڵکو دیوەخان هەیە وتەکیە لە شێخەدێدا هەیە ئەو دێیانەی کە شێخێك سەرگەورەو رابەرو دەرەبەگیەتی کەچی لە ژاڵەدا وا هاتووە کە «تەکیکە کرا بە قوتابخانە»

٢ ـ کە مامۆستا هیمن و هێروی خوشکی گەشتنە نزیکی دێ لایان دایە سەر کانی‌یەك کە ئافرەتی تری لێ‌بوو ئەو شوێنانە لە لادێدا بە کانی ژنان ناسراوەو هەرگیز ڕێگەی پیاوانی تێ ناکەوێت.

٣ ـ لە کوردەواری‌دا وا باو نی‌یە کە زاوا خۆی بچێ بۆ بووك هێنان بەڵکو لە گوێسوانەی بەردەرگای خۆیانەوە چاوەڕوان ئەبێت و بە قامیشێکەوە کە بووکی هاتە ژوورێ قامیش بەسەرا ئەکێشێ‌و نوقڵ بارانی خەڵکەکە ئەکات.

٤ ـ لە ئەلقەی شەشەم دا مام کریم میوانی هیمن بوو بەڵام هیمن بە جێی ئەهێڵێ‌و ئەڕوات بۆ ماڵی مام سلێمان کە ئەمە وێڵ و رەفتاری کوردەواری نی‌یە.

٥ ـ لە هەمان ئەلقەدا هیمن جامێك ماستاو ئەنێ بە سەریەوە بەڵام فەرموویەك لە مام سلێمان ناکات کە بە یەکەوە دانیشتون و لەویش گەورەترە.

ئیتر هیوادارم ئەم تێبینیانە سوودبەخش بێت بۆ کاری داهاتوو.

پەراوێز:

● تەمیسی ژاڵە جلیل زەنگنە نوسیبوبەو تیپی نواندنی سلێمانی لە تەلەفزیونی ئامیم بە هەشت ئەلقە پێشکەشی کردو کاتێ خۆی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی کۆڕێکی بۆ ساز کردم لە سلێمانی ئەم باسەم تێدا خوێندەوە.

رەخنەی

شانۆی



# مۆنۆدرامای سروودی خۆشەویستی

محسن محمد

مۆنۆدراما Monodrama ئەو شانۆگەرییەیە کەوا یەك ئەکتەر پێشانی دەداو توخمەکانی شانۆگەری تێدا تەواوە. شانۆگەری «زیانی توتن»ی ئەنتوان چیخۆف چاکترین نموونەی ئەم جۆرە شانۆگەرییەیە.

جۆرە مۆنۆدرامایەك لە ئەلمانیادا باوبوو لە نێوان ساڵەکانی ١٧٧٥ ـ ١٧٨٠دا کۆمەڵەی دەنگ دار یا بێ دەنگ یارمەتی دەدا لەسەر دەستی جۆهان براندیزی ئەکتەر ١٧٣٥ ـ ١٧٩٩» «١» ئەگەر ئاورێکی خێرای رابردووی شانۆی کوردی بدەینەوە دەبینین لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ ئەم هونەرە بەتەواوی گەشەی کردو مۆنۆدراما وردە وردە سەری هەڵدەدا لە باوەشی چەند هونەرمەندێك لە ئاهەنگەکان یا لە بۆنەکان دا بەڵام ئەم جۆرە مۆنۆدرامایە دەرهێنانی تیا نەبوو بەڵکو زۆر جاریش بە رەوان پێشان دەدرا، هەندێ جاریش بریتی بوو لە لاسای کردنەوەی هەڵس وکەوتی چەند کەسانێکی ناسراو بە تایبەتی مامۆستای قوتابخانەکان، کە شانۆگەری دوا گۆرانی یا گۆرانی ماڵئاوای یا گۆرانی چایکای ئەنتوان چیخوف کرا بە کوردی لە لایەن محمود زامداری نووسەرو ئەحمەد سالاری هونەرمەند، شانۆگەریەکە هەشت جار پێشان درا. هەر چەندە ئەم شانۆگەریە مۆنۆدرامایەکی تەواو نییە بەڵکو نیمچە مۆنۆدرامایە بەوەی کەوا ئەکتەرێکی تر لەگەڵ پاڵەوان دا هەیە بەڵام زۆر بەی ئەو هونەرمەندانە ویستویانە بە شێوەی مۆنۆدراما پێشانی بدەن، شانۆگەریەکەش لەلایەن ئەم هونەرمەندانە دەرهێنراوە، ئەحمەد سالار جاری یەکەم ساڵی ١٩٧٣، عومەر عەلی چوارتایی، سەلام خۆشناو، سۆران صدیق، سۆران عثمان کاوە جووتیار، مۆنۆدرامای زیانی توتن وەرگێرانی رؤوف حسن دەرهێنانی أحمد سالار لە ساڵی ١٩٧٣ پێشان درا» «٢»

ئەوەی من ئاگادارم ئەوە یەکەم جارەلە کوردستانی عراق ئافرەتی کورد پاڵەوانیەتی مۆنۆدراما بکات ئەم پاڵەوانە هونەرمەندەش گەزیزە عمر علی ئەمینە، شایانی باسیشە کەوا شانۆگەریەکە لە وەرگێران و دەرهێنانی خۆی بوو کە توانی بەشداری مەهرەجانی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلەیمانی بکات.

مۆنۆدرامای سرودێکی خۆشەویستی لەسەر ئارەزوی هونەر دۆستان برا بۆ بەغداو لە کۆمەڵەی رۆشنبیری پێشان درا هەروەها بۆماوەی رۆژێك لە شاری هەولێریش پێشان درا لە هۆڵی رۆشنبیری جەماوەری هەولێر لە بواری چالاکیەکانی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لقی هەولێر لەگەڵ کۆڕێکی هەڵسەنگاندن لە لایەن هونەرمەند

ئازاد مولود ڕاستەو خۆ دووای پێشاندانەکە ڕۆژی ٧ی ٥ی ١٩٨٧ لەم باسەم دا نامەوێ بەو نووسینانەدا بێمەوە کەشان و شکۆی هونەرمەند گەزیزەی پێ برایە ئاسمانی سەرەوەو ڕۆڵێکی ئەو تۆی نەبینی لە ڕۆشنکردنەوەی بەردەمی گەزیزەو لەم ئاقیکردنەوە سەختەو چوونە ئەو دیوی هونەرەکە، هەموو ئەو نووسینانە بەم چەند ڕستەیە کورت دەکەمەوە دەڵێم، ئەو نووسینانەی دەربارەی شانۆگەریی «سروودێکی خۆشەویستی» داماڵراون لە هەستی هونەریو زۆربەیان تەریبن لەگەڵ تێڕوانینی نووسەرەکەو جۆری پێشاندانی شانۆگەرییەکەی گەزیزە.

بەڵکو دەمەوێ چەند ڕاستیەکی هونەری لە بارەی شانۆی ئەزمونگەریو شێوەی پێشاندانیو ناوەڕۆکی مۆنۆدراماکە بخەمە ڕوو بۆ ئەوەی ئێمەوە هونەرمەندانی ئەزمونگەری!؟ بگەینە ئەو ڕاستیەی ئەوان چی دەردەبڕن؟ چی دووبارە دەکەنەوە؟ ئێمە لەم کارە هونەریانەدا چ دەبینین.

وەك ڕاستیەکی مێژووی ئەپ و تۆزو پڕۆپاگاندەی شانۆی ئەزمونگەری نەیتوانیوە جێگەی خۆی لە بیرو هۆشی هونەرمەندان و بینەرانی شانۆی کوردی بکاتەوە. ئەم وتەیەمان پەهیچ شێوەیەك شانۆگەری «نالی لە خەونێکی ئەرخەوانی»دا ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم شانۆگەریە دەچێتە مێژووی شانۆی کوردی هاوچەرخ بە گۆڕینی شێوەی پێشاندانی شانۆییو بەر جەستەکردنی کەلێنی ئەکتەر لە چەند وێنەیەکی ئاهەنگیدا لەباوەشی، ژێرەوەی گۆڕەکەی نالیو سەرەوەی قالیەکی کوردەواری کەوا سەرجەم دەکاتە کەلوپوور لەگەڵ مۆسیقای زیندوو شعرەکانی نالیو گۆرانی لەسەر ئاوازی مللی بۆیە ئەم شانۆگەریە دەتوانرێ ناوی بنێین شانۆی ئاهەنگی نەتەوایەتی.

بەڵام هونەرمەندە بەناو ئەزمونگەریەکانی تر هەڵبژاردنی ئەم جۆرە دەقە بیانیانەیان وا دەگەیەنێ کەوا گەیشتونەتە ئەم باوەڕەی چیرۆکە ڕیالزمیەکان یان پێشاندانە ریالزمیە سواوەکان بینەر وەڕس دەکەن و شانۆ نوێ بوونەوە بەخۆیەوە نابینێ، بۆیە وا بە چاك دەزانن شانۆ بەرگی خۆی بگۆڕێ لە ڕێگەی ڕەنگ دانەوەی قەوارەو جەستەو کێشەی خودی مرۆڤ بە دابڕاوی لە کۆمەڵ لەگەڵ گەڕان بەدوای بێ‌کۆتای لە دەرەوەی سنووری سرووشت. دەبینین ئەم هونەرمەندانە لە گێژاوی تارمایی‌دا مەلە دەکەن و تووشی ڕەشبینیو ڕووخان و خۆکوشتن بوون لە پاڵ ئارەزووە خودیە سێکسیەکان و هاودژایەتیەکان

کە لە ئەنجام دا بەرەڵا دەبن بۆ جیهانی بێ‌کۆتایی. ئەمانەش هەموو هۆی ئەوەیە ئەو هونەرمەندانە ناتوانن ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەو خۆ بیرێکی نوێ لە پاڵ پێشاندانێکی نوێی دوور لە لاسای کردنەوەو پێشاندانی ئاوێتەیی دەربڕن. بۆیە هەر لە ئێستاوە سەرەتای ئەم جۆرە ئەزمونگەریانە کۆتاییە.

شتێکی تر ماوە جارێ دەرکیان پێ نەکردوە یا نایانەوێ زوو دەریبڕن ئەویش خواردنەوەی مەیو شتەکانی تری بەڕاست بزانن بۆ هەڵاتن لە ئارەزووە ڕەواکانی کۆمەڵ لەوەی کەوا پێویستە بێ.

هونەرمەند گەزیزە بۆ سەلماندنی توانا هونەریە ئەزمونگەریەکەی مۆنۆدرامای سروودێکی خۆشەویستی پێشان داین بەڵام ئەوەی لەیاد چووبوو کەوا پێشاندانەکەی شانۆیەکی ئاوێتەیی بوو لە کاروانی شانۆی جیهانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم ودووەم. یان پێشاندانێك بوو لە سەرجەمی هونەری ئەم قۆناغە بەبێ ئەوەی شتێکی نوێ بخاتە سەر شانۆ ئاوێتەییەکەی بۆیە مۆنۆدراماکەی بە شانۆیەکی ئەزمونگەری ناژمێردرێ، دۆزینەوەکانی شانۆی دوای ئەم دوو جەنگە بریتیە لە، دەربڕینی ریالزمی دەرونی، دەربڕینی خودی، دەربڕینی زۆر یەکەم، بەستانەوە، دەربڕینی فیزیکی دەربڕینی میتافیزیکی، گەڕانەوە بۆ دەنگی مرۆڤی سەرەتایی، نواندنی نیشانەی بێ‌دەنگە، یاری کردن بەتیشك و ڕەنگەکان، لادان لە ئەمانەتی دەقی شانۆیی، بە دڵنیاییەوە دەڵێم گەزیزە لەپاڵ ئاوێتەکردنەکەی هیچی نەختە سەر ئەم قۆناغە. وەك ئاشکرایە دوان لە بارەی ئەم جۆرە پێشاندانە دەبێ لە ڕێگەی پێشاندانی خۆدرامەکە بێ نەوەك دەقەکەو نووسەرو سەردەمەکەی، پێشاندانە ئاوێتەیەکەی گەزیزە پەردەیەکی ڕەشی لە دواوەوە بوو ناوەڕاستەکەی لە شێوەی بازنە برابوو چەند نیشانەی مۆسیقی ڕەشی تێ‌خرابوو، پێشەوەی ناوەڕاستیش قوماشێکی ڕەشی خڕ نیوەی شۆڕ بیوەوە نیوەکەی تریش لەسەرشانۆ بوو لە چەپی بینەر قەریوڵەیەکی سوور لە شێوەی تەلەفون پاڵ کەوتبوو، کورسیەکی زەرد لە بەردەمی دانرابوو لەڕاستی بینەر مێزێك لە شێوەی دڵ دانرابوو مۆمێکی لەسەر بوو دەمامکێکی بەسەردا شۆڕ بیوەوە سێ دەمامکی تریش هەبوون لە دەمامکەکان سیانیان ڕووخار بوون یەکیان پشتە سەر بوو. ئەمانە هەموو زۆر بە چڕی لەپاڵ یەك دانرابوون وای کردبوو پاڵەوان ماوەی بزاوتن ی زۆر کەم بێت.

کە بینەر دەرژێنە ناو هۆڵەکە پاڵەوان شۆڕ بۆتەوە سەر کورسیەکەو

ناوە ناوە زەنگی تەلەفون دەبیستریٚو پاڵەوان رادەچڵەکیٚو کراسیکی گەورەی لەبەر دایە، ئەم سەرەتایە ئەوەی دەگەیاند کەوا پاڵەوان لە باریکی دەروونی زۆر ئاڵۆزدایەو بەتەواوەتی دابڕاوەو شۆڕبوٚتەوەناو خودی خوٚی لە هەمان کات دا هیٚمای چاوەڕوان کردنی پرۆسیٚسیکی دەگەیاند. کە بینەران بەتەواوی دادەنیشن و دەرگای هۆڵەکە دادەخریٚ لەگەڵ زەنگی تەلەفون پاڵەوان رادەچڵەکیٚو بەرەو کلیلی مۆسیقاکە دەڕواو پەیوەندیەکان دەست پیٚدەکەن.

پاڵەوان لە هەمسوو دیمەنەکان یان ویٚنەکان چەند پەیوەندیەکی سیٚکسی لەڕیٚگەی تەلەفونەوە دەردەبڕیٚ. لەگەڵ کەسەکان کە دەمامکەکان هیٚمای کەسەکان بوون. خوٚدرامای گەزیزە چەند ویٚنەیەکی درامی جیاواز بوون لە یەکتر ویٚنەکانیش ئاویٚتەی دەنگیکی ریالزمیٚو جەستەیەکی دەربڕینی بوو، ویٚنە درامیەکان زۆر سادەو ساکاربوون، ئافرەتیٚك تەلەفون لەگەڵ یەکیٚك دەکا ئارەزوی ئاوەوەی بوٚ پرۆسیسی سیٚکسی دەردەبڕی چەند جار ئەم ویٚنە دووبارە دەبووەوە.

بیٚگومان دەربڕینی فیزکی لە شانوٚی ئەزمونگەری‌دا ئەو دەربڕینە ئاڵۆزیە کە بە خەیاڵی هونەرمەندی وەرزی «کروٚتوٚفسکی» نەبیٚت هونەرمەندی ئەکادیمی دەرکی پیٚناکات و ناتوانیٚ دووبارەی بکاتەوە. بەڵام گرنگیەکە لەوە. دابوو ئافرەتیکی کورد بتوانیٚ ئەوها ئەکادیمی ئارەزووی پرۆسیسی بە تواندن دەربڕیٚ بەم چاو قایمیە بەم جوانکاریە هونەریە، مایەی دڵخوٚشی هونەرمەندانە. ویٚنە دەربڕیٚنەرە سیٚکسیەکان بریتی بوون لە دەربڕینی دەنگی، خوٚخشان بە کورسیٚو قەرەیوٚڵەکە باری‌کردن بە قژ، شوٚڕکردنەوەی سەری سەگەکە بوٚ ناو، لاقەکانی. بیٚگومان ئەو سەگە هیٚمای مرۆڤە کە جوانکاری چیٚژی سیٚکسی دەباتەوە سەر شیٚواندنی چیٚژی سیٚکسی لەو وڵاتە سەرمایەدارەکان، داهیٚنانەکەش لەوە دابوو کە گەزیزە توانی لاقیکی بکا بە سەگەکەو بیچەمیٚنیٚتەوە سەر لاقەکەی ترو هەر خوٚشی بیلاویٚنیٚتەوە

ویٚنەیەکی تریش کەوا داهیٚنانیکی گەورە بوو، ئەو ویٚنە درامیە بوو کە پرۆسیسی دژایەتی سیٚکسی «شذوذ الجنسی» دەردەبڕی، کاتی کە چوٚك دەداو دوو دەستەکانی دەچەمیٚنیٚتە دواوەو بەدەنگی دوو باری دەنگی دەردەبڕیٚ یەکەم هیٚزی پرۆسیسەکە دووەم قسەکردن لەگەڵ کەسەکەی تر بە تەلەفون.

من ئەم ویٚنە درامیە بە تاکە ویٚنەی درامی لە شانوٚی ئەزمونگەری دادەنیٚم لەو بڕوایە دام هیچ ئەکتەریکی تر ناتوانیٚ ئەم ویٚنەیە دەربڕیٚ.

پاڵەوان لە هەمسوو ویٚنە درامیەکان دەیویست دوو پرۆسیس دەربڕیٚ لە یەك کات دا. پرۆسیسی یەکەم قسەکردن ئارەزوەکەی دەردەبڕی لەگەڵ کەسەکان بەهوٚی تەلەفون پرۆیسی دووەم بەرجەستە کردنی کەڵیٚش لە دەربڕینی ئەنجامی ئارەزوەکە وەك یاری‌کردنی بە قژەکەو کورسیەکە خشین و دریٚژبوون وسەگەکەو پرۆسیسە دژایەتیەکە. بەکورتی ویٚنە درامیەکانی سرودیکی خوٚشەویستی دروشمی شیٚواندنی چیٚژی سیٚکسی بەرز کردبووەوە بەڕووی مرۆڤ لە ماوەی خودی ئافرەتیٚك دا. بیٚگومان کیٚشەکانی ئارەزوی سیٚکسی مرۆڤ لە کوٚمەڵیٚك بوٚ کوٚمەڵی‌ی تر دەگوٚڕیٚ ئەگەر لە یەکیش نزیك بن. لە وڵاتە ڕۆژئاوایەکان، خوٚشەویستیٚو خیٚزان و چیٚژی سیٚکسی لەیەك جیا دەکریٚتەوە بوٚ هەریەکیان پیٚناسەیەك هەیە. بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات خوٚشەویستیٚو چیٚژی سیٚکسیٚو خیٚزان سیٚ شتن بە یەکەوە بەندن بە جیا کردنەوەیان پیٚی دەوتریٚ لادان یان شیٚواندن، جا لەبەر ئەوەی لە ڕۆژ ئاوادا ئەم شیٚواندنە باوە بوٚیە دەبینین مرۆڤ دوچاری دەیان نەخوٚشی دەروونیٚو کوٚمەڵایەتی بووە بەڵام لە ڕۆژهەڵات و لای کورد جاری ئەم شیٚواندنە کاریگەری نەگەیاندوەو نەخوٚشیەکانی دەروونیٚو کوٚمەڵایەتی تەشەنەی نەکردوە بە هوٚی ئەم شیٚواندنەوە. هونەرمەند گەزیزە لە سەرەتاوە ئەو کەژە رەشەمان پیٚشان دەدا بەرەنگی سووری قەرەیوٚڵەکەو تیٚکەڵ کردنی بە رەنگی رەشی پاك گراوندەکە. وا بزانم گەزیزە لە هەڵبژاردنی بوٚرەنگی سووری قەرەیوٚڵەکی سەر کەوت و نەبوو بەوەی کەوا سرور نیشانەی ململانیٚی خوێناویە..

دوا ویٚنەی درامی خوٚدرامـاکە پاڵەوان هەڵدەچیٚو خەتی تەلەفونەکان دەپسیٚنیٚو پەیوەندیە هەستیەکان لەگەڵ کەسەکان «دەمامکەکان» دەپچڕیٚنیٚو، وایەری تەلەفونەکە لە ملی خوٚی دەئالیٚنیٚو خوٚی دەکوژیٚ، پاڵەوان بە کەڵیٚشی خوٚی دادەخا بوٚ ناوەوە، سەری دەخاتە ناو بازنە رەشەکە ڕووی بە بەرەواژی پیٚشانی بینەر دەدا. گەزیزە لە دوا ویٚنەدا دان بەو ڕاستیە دادەنیٚ، دەڵی چیٚژی سیٚکسی لەم جوٚرە پەیوەندیەدا ڕووخساری مرۆڤ دەشیٚویٚنیٚ سنوورو کوٚتای بوٚ نیٚیە تەنیا خوٚکوشتن نەبیٚ.

من وای بوٚ دەچم گەزیزە ئەم موٚنوٚدرامایەی وەکو سروودیکی

خۆشەویستی بۆ چێژی ڕاستگۆو، جوانکاری بەرز کردبێتەوە دژ بە چێژی ڕەفتاری سێکسی هەمەلا ، نەوەك خۆدراماکە خۆی سروودێکی خۆشەویستی بێ لە ناوەوە.

بەڵام بۆ کێشەی خۆکوشتنەکە ئەوەندە دەڵێم کە ئەوە چارەسەر نی‌یە، دیسان نایێتە لە دایك بوون بەڵکو دەیتوانی لە ڕێگەی وێنەیەکی تری کارەسات پیشان بدا چونکە خۆکوشتن لەم جۆرە ململانێیە لە کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا جۆرە ڕوخانێکی ترە مایەی شانازیە کەوا هونەرمەند گەزیزە توانی لە ڕێگەی نواندنێکی گەورە کێشەی هەست و خەیاڵاتی چێژی سێکسمان زۆر بە زەقی پیشان بدا کەوا لە ناوەوەی‌دا هونەرێکی زۆر گەورە بوو.

لە بارەی دەرهێنانی مۆنۆدراماکە گەزیزە چەند مەرجێکی سەرەکی دەرهێنانی شانۆی لە دەست دا بوو ئەمەش وای کردبوو لە ئەنجام دا شانۆگەریەکە بێ دەرهێنان دەربچێ، هەرچەندە دەرهێنان لە مۆنۆدرامادا جۆرە تایبەتیەکی هەیە بەوەی کەوا مەرجەکانی دەرهێنان چڕ دەبنەوە بەسەر یەك ئەکتەردا هەر ئەو ئەکتەرە هەوڵ دەدا بەتەنیا هەموو ماوەکان پڕبکاتەوە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ خۆدراما پێنج بنەڕەتەکەی دەرهێنانی شانۆی لە دەست بدا کە بریتین لە پێك هێنان، وێنەکێشانی خەیاڵی بزاوتن، ڕەوت، وێنەکێشانی درامی. ئەو مەرجانە بنەڕەتی سەرەکی هەموو جۆرە دەرهێنانێکی شانۆین. شانۆکەی گەزیزە نەبازنەیی بوو نە شانۆی لاکێشەی ئیتالی بوو هەروەها کەلوپەلەکان زۆر بە چڕی لە پاڵ یەك دانرابوون و ماوەی نواندن زۆر چڕ کرابووەوە ئەمە وای کردبوو بزاوتن مەودای تەسك بوو هەر هەمووی کەوتبووە نیوەی دووەمی پێشەوەی ناوەراستی ناوەراست، دیسان ئەم چڕیە کارێکی گەورەتری کردبوو ئەویش ئەوە بوو وێنە درامیەکان کە زۆربەیان لەیەك دەچوون بینەر زۆر بە زەحمەت لە یەکیان دەکاتەوە، ماوەی نێوان وێنەیەك و وێنەیەکی تر دوو هەنگاو بوو یا سێ هەنگاو بوو جاری واش هەبوو لەیەك شوێن دا دوو وێنە پیشان دەدرا، تەنیا ئەو وێنەیە نەبێت کەوا قەرەوڵەکە دەبێتە تەلەفۆن و پاڵەوان بە دەوری‌دا دەسوڕێتەوە ئارەزووی دواندن و چێژ وەرگرتنی دەردەبڕی. هەروەها دواندنەکان بەتەواوی زاڵ بوون بەسەر بزاوتن وێنەکان ئەمە وای کردبوو پاڵەوان زۆر خول بخواتەوەو بێ هۆ خۆی داپۆشێ لەمەدا «پێك هێنان» لە مۆنۆدراماکەدا ناتەواو بوو هەرچەندە هەر دوو توخمی «پارسەنگ»و «دەست نیشان کردن» ناوە ناوە هەستی پێ دەکرا دووەمیان لە ڕێگەی ڕووناکی.

کەچی دەبینین وێنە کێشانی خەیاڵی وێنە کێشانی درامی بەو پەڕی داهێنانەوە هەستی پێ‌دەکرا بەڵام، ڕەوتی مۆنۆدراماکە زۆر جار خۆی دووبارە دەکردەوەو جۆرە بێزاریەکی تێ‌دەکەوت لە ڕێگەی چەند وێنەیەکی لەیەك چوو، ئەمەش هۆی ئەوە بوو دەرهێنەر نەیتوانی بوو ڕەوتی وێنەکان لە یەك جیا بکاتەوە. لەبەر ئەم هۆیانە دەرهێنان دەچێتە دواوەی نواندن هۆی ئەمەش ئەوە بوو پاڵەوان خۆی دەرهێنەری شانۆگەریەکە بوو جا چاکتر بوو یاریدەدەرێکی بۆ خۆی دانا باو لە ڕێگەی یاریدەدەرەکە تێڕوانینەکانی خۆی دابین بکردایە بێگومان ئەوەش لە نرخی دەرهێنەری کەم نەدەکردەوە بەڵکو پتر سوودی پێ دەگەیاند.

بەڕای من ئەم جۆرە نشوستیەی دەرهێنانەکە لە نرخی هونەری گەزیزە کەم ناکاتەوە ئەگەر گەزیزە ئەوە بزانێ. زۆر جار ئەوە ڕوویداوە لە فستەڤاڵە شانۆییەکانی جیهان، دەبینین ئەکتەرێك لە شانۆگەریەك دا خەڵاتی چاکترین ئەکتەر وەردەگرێ کەچی دەبینین دەرهێنەرەکەی خەڵات وەرناگرێ، وابزانم ئەوە براوەتەوە پێویست بەوە ناکا لەسەری بڕۆین. هیوادارم هونەرمەند گەزیزە مۆنۆدراما بکاتە پیشەی هونەری‌و سەر بکا بەناو چیرۆکە کوردیەکان داو دەیان چیرۆکی لەمە بەرزتر هەیە دەشێ گەورەترین مۆنۆدرامای لێ ئامادە بکرێ لە بری وەرگێران کەوا سوودی ئەم و شانۆی کوردی تیا نی‌یە. دیسان هیوای بەرهەمێکی ترو داهێنانێکی گەورە تری بۆ دەخوازم.

---

سەرچاوەکان
١ - معجم المصطلحات الدرامية والمسرحية
تأليف. د. ابراهيم حمادة
٢ - بیبلوگرافیای شانۆی کوردی محسن محمد.

# دوا وشە

## ئێمەو شانۆگەری و ئەم ژمارەیەمان

بەشێوەیەکی سادەو سەرەتایی کورد شانوگەری زانیوە لە بەهاراندا «میرمیرین» ئەکرا، یەکێك ئەکرایە سەردار «میر»و دەستەپیاو ماقولانیشی دائەنران و میر هەفتەیەك دوان حوکمڕانی ئەکرد. لە زستانانیشدا لە مالان «میروگزیر»ئەکرا کورگەل و پیاوانی گەڕەك هەر شەوێ لە مالێك کۆئەبونەوە بە ئەموستیلە لە سەرپشتی دەست یەکێك ئەبو بە «میر» یەکێکش «وەزیر» یەکێکیش «نوژدار - پزیشك» ئەو دوایی کۆرەکە یەك لەدوای یەك هەوڵیان ئەدا شوێنی ئەو سێ کەسە بگرن ئەگەر ئەموستیلەکە چوە ناو یەکێك لەوسێ ئەموستانەیەوە ئەوا شوێنی یەکێك لە گەورەکانی ئەگرتەوە ئەگەرنە وەی لەحالی ئەدرایە دادگاو سزای خۆی ئەبینی، کە رادیۆو تەلەفزیۆن پەیدابون ئەم جۆرە شانوگەرییە سادانە نەمان و لەبیرەوە چوون، وا بزانم رۆژنامەی «ژین»ی ئەستەمول ۱۹۱۸ - ۱۹۱۹ بۆ یەکەمین جار لە لاپەرە «۲۱ - ۲٤»ی ژمارە «۱٥»یدا پیەسێکی تەمسیلی بلاوکردوەتەوە لە دووپەردەدا، مامۆستا «ع - رەحمی» مەمی ئالانی خستوەتە سەرشانۆ ئەمە بەیەکەم شانوگەری ناو رۆژنامەی کوردی دائەنرێت. بە کتێبیش یەکەم شانوگەری «پیەسی تەمسیلیکی راستی لە ولاتی خۆماندا رویداوە»ی پیرەمێردە کە لە سالی ۱۹٤۲ «پیرەمێرد»لە سلێمانی چاپی کردوە دوابەدوای ئەم «ا . ب . هەوری» لە سالی ۱۹٤۳دا «دلداری و پەیمان پەروەری» چاپ کرد کە دەیەها جار خراوەتە سەر شانۆ.

لە سالەکانی پێشدا لە سلێمانی و هەولێر نواندن «شانوگەری» هەبوو مامۆستاو قوتابیان ئەم ئەرکەیان خستوەتە ئەستۆ، چەند جارێك لەسەر ئەم لایەنە نوسراوە.

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بڕوانینە بزوتنەوەی شانوگەریمان لە چلەکانەوە تا ئەمرۆ ئەبینین لە شارەکانی کوردستان ئەم بزوتنەوەیە رۆژ بەرۆژ لە پێشکەوتندایە بەلام بەشێوەی کتێب لەو رادەیەدا نی یە، ئێمە لە چلەکاندا دوو کتێبی شانوگەریمان چاپکراوە بە قەوارەی «۱٤٤» لاپەرە، لە پەنجاکاندا «۱۲» کتێب بە قەوارەی «٥۰۸» لاپەرە، لە شەستەکاندا «۷» کتێب بە قەوارەی «٥۲٦» لاپەرە، لە هەفتاکاندا «۱۸» کتێب بە قەوارەی «۱۷۰۳» لاپەرە لە هەشتاکاندا «۱۹۸۰ - ۱۹۸٦» چل وحەوت کتێب بە قەوارەی «٥٤٤۰» لاپەرە، هەموی کردیە «۸٦» کتێب بە قەوارەی «۸۳۲۱» لاپەرە، رێژەی صەدی کتێبی شانوگەریمان لەچاو سەرجەمی کتێبی کوردی دەکاتە لە ۳٪ ئەمەش تابڵێی لەخوارەوەو کەمە، پڕکردنەوەی ئەم بەتالییە ئەکەوێتە سەرشانی ئەدیب و نووسەرو دەرهێنەرو ئەکتەرە کارامەکان و مامۆستایانی سەر شانۆمان.

هەرچەند گۆڤارێکی هونەری کوردیمان بەخۆمانەوە نەبینیوە بەلام لاپەرەی گۆڤارەکانمان باوەشیان کردوەتەوە بۆ بابەتی شانوگەری، لەمە زیاتریش ناوبەناو گۆڤارەکانمان ژمارەی تایبەتییان تەرخان کردوە بۆ شانۆ «بەیان» «کاروان» «رۆژی کوردستان» هەریەکەیان سەروژمارەی تایبەتییان لەهەشتاکانەوە بۆ شانۆ تەرخان کردوە وائێستا گۆڤاری «بەیان» ژمارەیەکی تایبەتی پێشکەش خوێنەرانی شانۆی کوردی ئەکات، لەم ژمارەیەدا شانۆنامەی رەسەنی کوردی شان بە شان شانۆنامەی وەرگێراو بلاوئەکاتەوە جگە لە لێکۆڵینەوەی شانۆیی و رەخنەی شانوگەری، ئەم ژمارەیە بەهەموو کەرەستەکانیەوە لەلایەن زانایانی شانۆوە پەسەندکراون و دەنگیان لە سەر دراوە لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە لەو باوەرەدایین هێشتا پڕ بەپێستی مەبەست نی یە ئێوە ئەم دیارییەمان لێ قبول بفەرمون چونکە لەخۆتانەوەیەو پێش کەشی بەخۆتانیش کراوە، لە سالانی داهاتودا بابەتی لەمە پوختترتان پێشکەش ئەکەین...

★ خوا بۆ ئێمەت بهێڵی کاك محمد ئەمین بوز ئەرسەلان کە ئەم کەلەپورە هێژابەت بۆ کورد لە هەندەران لە سوید زیندوو کردەوە.

مصطفی نەریمان

رئيس مجلس الادارة ورئيس التحرير
مصلح مصطفى الجلالى

بەیان
مجلة ادبية شهرية
تصدر عن دار الثقافة والنشر الكردية
وزارة الثقافة والاعلام
بغداد





**BAYAN**

Literary Monthly Magazine

Ministry of Culture and Information

Issued by: The Kurdish House for Culture and Publishing

Baghdad - Iraq

EDITOR IN CHIEF

***MUSLEH MUSTAFA JALALY***

نرخی ٤٠٠ فلس

دار الحرية للطباعة